# هەزری نوێ

## گۆڤارێکی ڕووناکبیرییە


**خاوەنی ئیمتیاز:**

محەمەدی مەلا صدیق

**سەرنووسەر:**

هەندرێن ئەحمەد

**سکرتێری نووسین:**

کارزان ئەحمەد

**دەستەی نووسەران**

غەریب محەمەد — شۆڕش عەلی

بەختیار مستەفا — ئاسۆ باهر

هزری نوێ گۆڤارێکی ڕووناکبیری‌یە – ناوەندی سلێمانی و کەرکوك
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان دەری دەکات

## لەم ژمارەیەدا


- سەرووتار ........................................ سەرنووسەر ٣ـــــ٤
- دەربازبوون لە شەڕ ... بەرەو ئاشتی........................ هزری نوێ ٥ـــــ١٢
- UN و گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی و دارایی ...................... و. هزری نوێ١٣ـــــ٢٥
- کورتە یادەوەری‌یەك دەربارەی بەشداربوونم..................زرار دەرگەڵەیی ٢٦ـــــ٣٢
- ماڵ گەلی کورد لە دیاری کردنی چارەنووسی ......................سابیر کەریم ٣٤ـــــ٣٩
- تورکمان – دیرۆك و نێولێنان ..................................... کەریم زەند ٤٠ـــــ٤٥
- دیموکراسیەت وەك چەمکێکی..................................... ئازاد خدر ٤٦ـــــ٥٢
- کورد و پیرۆزمەندی _ مێژوویەکی پڕ................................ خالید ئەحمەد ٥٣ـــــ٥٥
- سەرمایەداری ناتوانێت سیستەمێکی ........................ فەرهاد فەرەج ئەمین ٥٦ـــــ٦٢
- چەپ لە نێوان ئەرکە نیشتمانی و ............................ د. زامق مارف ٦٣ـــــ٧١
- تیرۆر یان تیرۆریزم ......................................... عەتا عەزیز ٧٢ـــــ٧٥
- بەجیهانی کردن یان نەبوونی ...................... و.بەهمەن نەجمەدی ٧٦ـــــ٨٠
- ئەزموونی کوردان لە باکوور و ................................ ئا. شۆڕش عەلی ٨١ـــــ٨٨
- ئۆستایەتی کاتی‌یە ... دوژمنایەتی ...................... و. کارزان ئەحمەد ٨٩ـــــ١٠٦
- (هادی عەلەوی) ڕۆشنفکرێکی ڕاستگۆ و ............................ گۆران ١٠٧ـــــ١٠٨


هەر نووسینە و گوزارشت لە بیر و ڕای خاوەنەکەی دەکات

ژمارە (2) ساڵی یەکەم _ گەلاڕێزانی ٢٦٩٨ی کوردی _ تشرینی دووەمی ١٩٩٨ی زاینی

**سەرووتار:**

## ئاکە ڕێگا ............ دەوڵەتی سەربەخۆیە

دوابەدوای دەرچوونی ژمارە یەکی( هێزی نوێ ) بەهەوڵ و کۆششی هاوڕێیان و دۆستان ئەم ژمارەیەش هاتە بەرهەم، لەماوەی نێوان دەرچوونی ژمارە یەك و دوو، گۆڕانکاری گەورە لەباری سیاسی ناوخۆیی وولآت ڕوویدا.

گرنگترین گۆڕانکاری مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی، نێوان (تاڵەبانی و بارزانی) لە واشنتون بە چاودێری ئەمریکا بوو، بۆ جاریەکەمیش، نوێنەری دەوڵەتی تورکیا لەدارشتنی ڕێکەوتنامەکە و پێك هاتن دا ئامادە نابێت، ئەمەش لێکدانەوەیەکی پڕلەترسی لای تورکان دروست کرد، هەر بۆیەش پاش مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکە ئەوان ڕایانگەیاند کەلەگەڵ ڕێکەوتنامەکەدا نین، چونکە لەنیازی ئەمریکا ئاگادار نین و بەهیچ شێوەیەکیش ڕازی نابن!، گیانێکی سیاسی بۆ کورد دروست ببێت.

ئەگەر ڕێکەوتنامەی ئاشتی واشنتون بۆ داگیرکەرانی کوردستان، جێگای ترس و دڵەڕاوکێ بێت، کەواتە بۆ کوردان قازانجی هەیە، لەم پێناوەشدا لە قۆناغێکی پڕهەستیاری وادا واپێویست دەکات یەك ڕیزی بێتە دەرکەوتن و، بەلێپرسراوێتی نیشتمانیەوە مامەڵە لەگەڵ خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکە بکرێت و، چاکترین ڕێگا و بەکەمترین زیان بێنە جێبەجێکردن، بەومانایەی لەڕوانگەی بەرژەوەندی باڵای نیشتمان بۆ چەسپاندنی ئاشتی‌یەکی سەرتاسەری هەنگاوبنێین، ئەگەر هەر کۆسپێك هەیە با دایلۆگ و دانوساندن بێنە مەحەك ی یەکلاکردنەوە.

ڕێکەوتنامەی ئاشتی زۆرخاڵی پۆزەتیف ی تێدایە و بێ نێگەتیفیش نیە، بالایەنە سەلبی‌یەکانی ڕێکەوتنامەکە ئەبنەخاڵی زەقی جێبەجێکردن و ئەوانی‌تریش سستی لێبکرێت، ڕێککەوتننامەکە بۆ داخستنی بەرەیەکی شەڕە، ئەوەك کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕ، کەچی، ئەوەی دەبینرێت لەم چەند ڕۆژی ڕابردوو ڕاگەیاندنەکانی بەرپرسیارانی دەوڵەتی تورکیا کاری یەکەمی ڕێکەوتنامەی( ئاشتی!! )یان بەلەناوبردنی PKK ناساند ئەمەشیان کردەکاری خودی کوردان خۆیان.

ئەگەر ڕێکەوتنامەی ئاشتی بۆ بنبڕکردنی شەڕی کورد بە کورد بوبێت لە پارچەیەکی کوردستان ئەوا تورکیا دەیەوێت بۆ بەرژەوەندی خۆی پیادەی فشاری زۆر بکات بۆ گۆڕینی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە و شەڕی کورد بە کورد بە شێوازێکی تر( لە نێوان هێزە کوردیەکانی دوو پارچەی کوردستان ) بەردەوامی هەبێت، لێك ترازانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان بۆ ماوەیەکی دووریش ڕەنگدانەوەی خۆی هەبێت.

لە هەمبەر ئەم سیاسەتەی نوێیە و لەدوای بڕانەوەی شەڕی نێوان( پارتی و یەکێتی ) لە باشور کەداخوازی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، دەبێت پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بێتە هەمان ڕیزی زۆرینەی کوردان و پشتگیری ئاشتیبکات لە باشور، بەم شێوەیەش دەتوانێت هێزەکانی خۆی لەزەبرێك بپارێزێت، ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر بزاڤی ڕزگاری پێویستی بەتوکمەی و یەك ڕیزی هەیە( پارتی کرێکارانی کوردستان )یش هێزێکی گرنگی سەرجەم بزاڤەکەیە... دوژمنانی کورد ڕۆژانە بەردەوامی بەسیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان دەدەن، هەرچی ناڕەوایی هەیە پەیڕوی دەکەن بەداهێنانەوە. لەبەرامبەردا پێویستە کورد بۆخۆی چەکی بەرەنگار بوونەوەی هەڵبژێرێت و درێغیش نەکات لەم بوارەدا.

ڕژێمی عێراقی وەك دەناسرێت، ڕژێمی دیکتاتۆری بێ ئامانەو هەرهەنگاوێکی ئەم ڕژێمە هیچ کاتێك لەگەڵ عورف و پەیماننامەنێودەوڵەتییەکان ناگونجێت هەرکات دژە مرۆڤایەتییە.

بەردەوام بوونی سیاسەتی( تەرحیل و تەعریب ) بۆ ئەو کوردانەی لەو ناوچانە دەژین کەتائێستا لەژێر چەپۆکیدایە، بۆتە سیمایەکی نائینسانی ئەم ڕژێمە، ئێستاش بە داهێنانەوە سیاسەتێکیتر لەسڕینەوەی نەتەوەیی کورد پەیڕەو دەکات، پاش ئەوەی سەدان هەزار کەسی ئاوارەکردووە لەسەر زێدی باوك و باپیرانیان، واخەریکە بەشێوازێکی تر ئاوارەبوون بناسێت و کورد بونیش بە( تەزکیە )ی خێڵێکی عەرەب بە ( عەرەب بوون ) قبوڵ بکات.

کرداری لەناوبردنی کوردان بەردەوامە، دوژمنانی کورد لە هەوڵەکانیان بۆ چەوساندنەوەی زیاتری گەلەکانی خۆیان و گەلی کورد هێور نابنەوە.

لەم بارەدا هیچ چارەسەرێکی نیوەچڵ بۆ گەلی کورد قازانج نیە، تەنها گەیشتن بەئاواتی گەلەکەمان، بە ڕزگاری و ئازادی و پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆو دەبێت.

سەرنووسەر

١٩٩٨/١١/٧

## دەرباز بوون لەشەڕ...... بەرەو ئاشتی

دوای چەندین هەوڵی دەرەکی و ناوەکی یەك لەدوای یەك بۆکۆتای‌هێنان بەشەڕی کورد بە کورد لە باشوور، دواجار لە (١٧)ەی ئەیلولی ئەم ساڵ لە واشنتۆن لەژێر چاودێری ئەمریکا هەردوو بەڕێزان بارزانی و تالەبانی ڕێکەوتن نامەی ئاشتی‌یان مۆر کرد بەبێ ئامادەبوونی هیچ دەوڵەتێکی ئەقلیمی بەتایبەتیش تورکیا، بێگومان ئەمەش هەنگلوێکی ئیجابی گرنگە لەم مەسەلەیەدا.

ئەوەی کە لێرەشدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە کەهەموو لایەنە پەیوەندی‌دارەکان بەم مەسەلەیەوە هەریەکەو لە لێدانەوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ دەرهاویشتە سیاسیەکان و دروست بوونی هاوکێشەی نوێ لە ئاکامی ئەم پرۆسەیە.

پرسیارەگەمان ئەمەیە :

ئاکامەکانی جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن چ دەرهاویشتەیەکی سیاسی دەبێت لەسەر پەلەکانی بزافی ڕزگاری خوازی نیشتیما نیمان؟ ئایا دەوڵەتانی ناوچەکە (تورکیا، ئێران ، عێراق هەتاکو سوریاش) لەڕوانگەی بەرژەوەندی یەکانی خۆیان چ کاردانەوەیەکیان دەبێت لەبەرامبەر ئەو ڕێکەوتننامەیە؟

**دەقی وەڵامی هەر یەک لەم بەڕێزانەی خوارەوە یەک بە دوای یەک دادێن**

- بەڕێز ئەبو دڵشاد _ ئەندامی بیرۆی سیاسی _ پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان
- بەڕێز عیماد ئەحمەد _ ئەندامی مەکتەبی سیاسی _ یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- بەڕێز نیزامەدین گلی _ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی _ پارتی دیموکراتی کوردستان

*ووەلامی بەڕێز: _ ئەبو دلشاد _ ئەندامی بیرۆی سیاسی _ پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

_ بێگومان ڕێکەوتن نامەی واشنتۆن هەنگاوێکی گرنگە بۆ :

ا / بنبڕکردنی شەڕ و پێکادان، ڕووەو چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان لە ڕێگای دیالۆگ و گفتوگۆی ئاشتیانەوە.

ب / ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کوردان و دۆزینەوەی ئەڵقەی سەرەکی بۆ هەنگاو هەڵهێنان بەرەو داڕشتنی خیتابێکی سیاسی، یەکگرتوو بۆ دۆزی گەلەکەمان لە باشوردا.

ج / پاراستنی ئەو ئەزموونە و بەرەو پێشەوەبردنی و پاراستنی لە داڕمان و هەر کستی و نسکۆیەك.

د / هەڵکردن لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیو شارستانی بەوەی کە (کورد)یش دەتوانێ بەپێی سیستەمی دیموکراسی و شارستانی دەتوانێ حکومڕانی خۆیبکات.

ئەمڕۆ گەلەکەمان لە باشور نیمچە کیانێکی خۆی هەیە کە ئەگەر کورد یەك ڕیزبێت، ئەوا ئەو نیمچە کیانە ئاسۆیەکی باشی لەبەردەمدا دەبێت کەلە ئایندەدا حسابێکی بۆ بکرێ چ لە ئاستی ئیقلیمی و دەوروبەرو چ لە ئاستی جیهانی بۆیە ئاکامەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە پێم وایە، لایەنی ئیجابی زۆری تێدایە بۆ سەرجەم بزافی ڕزگاری خوازی نیشتمانی گەلەکەمان بەمەرجێ لەڕوی سیاسی و دیبلۆماسیەوە بە عەقڵی سەردەم مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێت و ئەم ڕێکەوتننامەیەش جارێکی دیکە دۆسییەی کوردی خستەبەردەم ڕایگشتی جیهان و نێوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهان، بایەخ دانی میدیای جیهانی بەم ڕێکەوتن نامەیە خۆی لە خۆیدا گرنگی پێدان بەم مەسەلەیە دەسەلمێنێ.

هەرچەندە دەوڵەتە زل هێزەکانی جیهان، بەتایبەت ئەمریکا بانگێشەی یەك پارچەی خاکی عێراق دەکەن، بەڵام ئەو بایەخەی کەلەلایەن گەورە بەرپرسیارانی ئەمریکایی بەئاشتبوونەوەی لایەنە پێك ناکۆکەکانی باشوری کوردستان درا، ئەگەر لەئاستی نێو خۆییدا هێندە گرنگی پێنەدرابێ، ئەوا لە ئاستی سیاسەتی نێو دەوڵەتی

ماناو مەبەستی ڕون و ئاشکرا دەپێکێ ... جابۆیەپێویستە هەموو لایەك بەجدی هەوڵی ئەوەبدەین کەئەم ڕێکەوتننامەیە جێبەجێبکرێت و سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

سەرەڕای ئەو دەرهاویشتە ئیجابیانەی ڕێکەوتننامەکە، بەڵام مانای ئەوە نیيە کەئەم

ئەم ڕێکەوتن نامەیە بەڵکو هەر دیاردەیەك بە شێوەیەکی _ ڕەها _ مطلق سەیرناکرێ و دەرئەنجامەکانی سەد دەر سەد، ئیجابیبێت سەبارەت بەسەرجەم بزافی ڕزگاری خوازی نیشتمانی گەلەکەمان، چونکە بەپێی چەمکی یەکێتی و ململانێی دژ بەیەکەکان هەر دیاردەیەك لە نێو خودی خۆیدا بە حوکمی ململانێی دژەکان لایەنی سەلبیش دەگرێتە خۆ هەرچەندە وەك سەرەتایەك بن. بەڵام ئەگەر توانرا ئەو چەمکە کۆنترۆڵ بکرێت ئەوە بێگومان لایەنە ئیجابییەکان زیاتر گەشە دەکەن بەسەر لایەنە سەلبییەکان زاڵ دەبن.

شتێکی حاشا هەڵنە گرە بەپێی دیرۆکی گەلەکەمان، بەڵکو سەرجەم بزافی ڕزگاری خوازی نیشتمانی لە جیهان دا، کەهەر کاتێك ئەم بزافە یەککرتووبێت، ئەوە سەرکەوتن وەدەست دێنێو هەرکاتێکیش دوبەرەکی و ناکۆکی لە نێو ئەو بزافە داهەبێت، ئەوا قوربانی زیاترو بێسود دەدرێت و ئەنجامەکەیشی زۆر جار شکستی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە سەرکەوتنی ئەم ڕێکەوتننامەیە سەرکەوتنە بۆ سەرجەم بزافەکەمان و لە سودو بەرژەوەندی تەواوی پەلەکانی بزافەکەماندایە و سەقام گیربوون و بەرەوپێشەوەچوونی ئەم ئەزموونەی باشوریش کاردانەوەی ئیجابی دەبێ بۆ سەرجەم بزافی گەلەکەمان.

_ سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکە ... لە ڕاستی دا داگیرکەرانی کوردستان، هەر لەیەکەم ڕۆژی بەرپابوونی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمان لە باشور، بەهەموو شێوەیەك هەوڵیان داوە کەبەربەست بخەنە بەردەم سەرکەوتنی ئەو ئەزموونەی کە دەرەنجامی ئەو ڕاپەڕینەبوو، بۆیە ڕژێمە داگیرکەرەکان. تورکیا _ ئێران _ سوریا _ چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشیان گرێدا بۆئەوەی نەخشەو پیلان سازبکەن بۆ لەناوبردنی ئەو ئەزموونە، کاتێکیش شەڕی کورد بە کورد هەڵگیرسا، ئەوە بەهەموو

توانایان هەوڵیان دا ئاگری ئەم شەڕە خۆش و خۆشتر بکەن، چونکە لە ناوبردن و لەگۆڕانی ئەزموونەکە بەدەستی کورد، لەهەموو بوارێکەوە زۆر شت هەڵدەگرێ. ئەمڕۆش ئەم ڕێکەوتننامەیەی کەلە واشنتون مۆر کراوە، داگیر کەرانی نەك نیگەران، بەڵکو هەراسان کردووە، هەوڵ دەدەن ئەم ڕێکەوتنە سەرنەکەوێ، چونکە ئەوان لەئێمە باشتر دەزانن کەدەرهاویشتەی ئەم ڕێکەوتنە لەئاستی جیهاندا چ دەبەخشێ، بۆیە پێویستە لایەنەکانی پەیوەندیدار بەم ڕێکەوتننامەیەوە بەڕۆحیەتێکی ئیجابی ڕووەو جێبەجێکردنی خاڵەکانی ئەم ڕێکەوتننامەیە هەنگاو بهاوێژن، کەئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی پوچەڵکردنەوەی نەخشەو پیلانی داگیر کەران .



*** وەڵامی بەڕێز : عیماد ئەحمەد _ ئەندامی مەکتەبی سیاسی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)**



جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتی و کۆتایی هێنان بەململانێی چەکدارییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا وەك چۆن خواستێکی نیشتمانی گەورەیە، ئامانجێکی سیاسی گەورە هێزەکانی دنیاشە چونکە سەقامگیرکردنی بنەماکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی پاش جەنگی سارد ئەوە دەخوازێ کەئاشتیو ئارامی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا زامن بێت. هەر بۆیە حکومەتی واشنتون بەهەموو قورسایی خۆیەوە هاتەناو پرۆسەکەوە لەسەر ئاستێکی بەرز ڕێکەوتننامەکەی حەڤەی ئەیلولی سەرخست.

ئەمە مانای وانی‌یە کەئاسای بوونەوەی بارو دۆخەکەو ئاشت بوونەوەی هێزە سیاسی‌یە گەورەکان لە هەرێمی کوردستان دا پرۆسەیەکی بێ کۆسپ و گرێ بێ و بەئەمرێکی ئیداری هەموو پاشماوە خراپەکانی شەڕی براکوژی و بەرژەوەندی‌یە تایبەتەکان ئەکەونە پەراوێزەوە، چونکە ئەم ئاشتی‌یە هەوڵێکی ئاشتی لە هەموو دنیا بەقەدەر خۆی دوژمن و ناحەزی هەیە، چ جای کوردستان کەلەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەبارودۆخێکی زۆر ناهەموار تێ پەڕی. هەموومان دەزانین کە دوژمنانی ئاشتی لە کوردستان دا لەسەر چەند ئاستێك خۆیان دەنوێنن. هەیانە دوژمنانی ناوخۆو بازرگانی شەڕن کەبەرژەوەندی و ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان لەبەردەوام بوونی ئەو نەزیفەدا ئەبینن و تاپێ یان بکرێ کۆسپ و تەگەرە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە دروست ئەکەن بێگومان هێزە ئیقلیمی‌یەکان و دەسەڵات دارانی وڵاتانی ناوچەکەش لەم ئاشتی‌یە دەترسن چونکە لەسەرێکەوە باوەڕیان بە دیموکراسی نی‌یەو حەز ناکەن هەرێمی کوردستان ببێتە دورگەیەکی هێمن و بنەماکانی دیموکراتی تیایا ببوژێتەوە، لەسەرێکی تریشەوە واهەست دەکەن گەشەکردنی ئەزموونەکەی گەلی کوردستان لەم هەرێمەدا دەبێە نموونەیەك و هانی پارچەکانی تری کوردستان ئەدات ڕێباز بگرنەبەر. ئەم لێکدانەوە سەرپێ یەی هێزە ئیقلیمی‌یەکان _ کەبێگومان لێکدانەوەیەکی نادیموکراسیانەیە _ وای لێکردوون بە

ئاشکراو بێ پەردە نیگەرانی و بێزاری خۆیان لەرێکەوتنەکە دەربڕن و تەنانەت کەوتنە جموجۆڵی عەسکەری و دیبلۆماسیگومان لێکراویش. بەلام ئەتوانین بەئومێدێکی گەورەوە بڕوانینە پاشەڕۆژی ئاشتی بەومەرجەی خۆمان، هەمو هێزە سیاسیەکانی کوردستان، لەئاستی ئەرکە مێژوویەکەماندا بین و پاراستنی ئەزموونەکەو بەرژەوەندی بالای گەل بخەینە

پێش بەرژەوەندیە حیزبی و ئەمنیەکان و کارێکی وابکەین ئیرادەی ئاشتی بکەینە ڕایەکی گشتی بەهێزو هەموو توانا فیکری و سیاسی و دارایەکانمان لەچەسپاندنی ئاشتیدا سەرف بکەن. پێویستە شان بەشانی ئەم چالاکیانەمان وولاتانی دراوسێ تێبگەیەنین کەئاشتی لەهەرێمی کوردستانی عێراق دا لەبەرژەوەندی وولاتەکانی ئەوانیشدایە تا کوردستان ئارام و هێمن و دیموکراسی نەبێ، سنورەکانی ئەوان و تەنانەت پایەگرنگەکانی ئەو دەولەتانەش ئاسایش و هێمنی بەخۆوە نابینێت.

سەردەم سەردەمی گفتوگۆ ودانوستاندنە، سەردەمی پێکەوە ژیان و دابین کردنی سەرچاوەکانی ئاشتی و ئارامیە، ئەو سەردەمە بەسەر چوو بەزەبری هێزو کردەوەی عەسکەری مەسەلەی ڕەوای میللەتێك خەلتانی خوێن بکرێ. ئەزموونەکانی ئایرلەندە و عەرەب _ ئیسرائیل و ...... تاد بەلگەی ئەو ڕاستیەن کە چارەنووسی دنیا بەئاشتیەوە بەندەو سەردەم سەردەمی گەشەسەندنی مەسەلە نەتەوایەتیەکانە.

* بــەڕێز: نیزامــە دیــن گلــی : ئــەندامی کۆمیتــەی نــاوەندی پــارتی دیموکراتــی کوردستان:



ئاکامەکانی جێ بەجێ کردنی ڕێکەتننامەی واشنتۆن، واتە ڕێکخستنەوە و یەك دەنگی کردنەوەی پەرلەمان وحکومەتی هەرێم. کەبێگومان دەبێتەجێی هیوا بۆ ئامەنجەکانی هەموو نەتەوەی کورد، بەتایبەتی پاش ئەم ساڵەی یەکتر کوشتنە، کە بینییان سەرەڕای دەستت تێوەردان و لەشکرکێشتی دەوروبەر، بناغەی ئەزمونەکــە لــە (ناوچــە ئازادەکەوپەرلەمــان وحکومەتیهەرێم) لەدەست دەرنەچوون وەك ناوکێك بۆ قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ هەموو کوردی تەماشادەکەن، ئەمــەش ڕەنگدانەوەیــەکی ئاشکرای دەبێت لەسەر تێکرای بزافی ڕزگاریخوازی پەلەکانی تر. لەکاتێکدا ماشێنی ڕێکەوتننامەکە، ئامادەکردن ودەست نیشان کردنی شێوازو وادەی هەڵبژاردنێکی پەرلەمانیە، کەئەمە بۆ خۆی دەستە بەرکردنی ئەو خەسڵەتە بنەڕەتیانەیە کەزەمینەی گەشەسەندنی پەلە ڕزگاریخوازو نیشتمانیەکان خۆش و لەبار دەکات. هەر بۆیە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بێ لەگرنگی بنەبڕکردنی شەڕی ناوخۆ و پەرەسەندنێکی سیاسی نێو دەڵەتی،مژدە بەخشی ئایندەیەکی گەش ودامەزراوە بۆ هۆشی نەتەوەیی وڕزگاریخوازیگەلی کورد.

هەروەها بۆ وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکە....

لە ساڵانی ڕابوردوودا هەرسێ وولاتی (تورکیا، ئێران ،سوریا) چەند کۆبوونەوەیان لەسەر ئاستی وەزیرانی دەرەوە بەتایبەت بەباری سیاسی ناوچەکە پاش پێکەوەنانی پەرلــەمان وحکومــەتی هــەرێمی کوردســتان گــرێ دا بــەڵام لەبــەر جیــاوازی بەرژەوەندیەکانیان وقووڵی کێشەکانی خۆیان هەروەها دەست پێ کردنی شەڕی ناوخۆ لەنێوان کوردان کەبوە هۆی ئیفلیج کردنی پەرلەمان وحکومەتی هەرێم ئەمەش مەبەستی سەرەکیان بوو بۆیە بەردەوام نەبوون لەسەر ئەو کۆبونەوانە یان نەشیان توانی ئامەنجە بنچینەکەیان بپێکن و بتوانن ئەزمونەکەمان لەبار بەرن، هەرکامێك لەو وولاتانە بەتایبەت تورکیاو ئێران هەوڵدەدەن لەلایەکەوەڕەوتی ڕووداوو بەرەوپێش چوونیئەزموونەکە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆیان ئاراستە بکەن، لەلایەکی ترەوە هەوڵ دەدەن ئەزموونەکە لەبەر چاوی کوردەکانی خۆیان بێ ناوەڕۆك پیشان بدەن

وەئەگەر پێیان بکرێت بەلایەنی کەمەوە،قەوارەی ئەزموونەکە لەم سنووردارییەی ئێستادا بهێڵنەوە وڕێ لەکاریگەریەتیەکەی بۆسەر بەشەکانی تری کوردستان ڕابگرن.

سوریا پاش ئەوڕێکەتنە ناوچەییەی کەلەگەڵ تورکیادا ئەنجامی دا ، هەوڵ دەدات هاوبەندیەکی تر لەئایندەدا بۆ گوشار خستنە سەرتورکیا بدۆزێتەوە ، ئاشکرایە تەنانەت لەپێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تەواو بۆ نەتەوەی کورد، سوریا لەچاو وولاَتەکانی تردا کەمترین بەشی لەجوگرافیای سنوورەکەی ئێستای لەدەست دەدات، کەلەوانەیە مامەڵەیەکی بەخشینە بکات بەمەبەستی شتێك کە زیان بە مەزنی و بەرژەوەندیەکانی تورکیا بگەیەنێت.

عێراقیش لەلایەن خۆیەوە، هەوڵ دەدات بەو یەکبونوونەی دەنگی کورد ، دەرگای وتووێژ ئاوەڵەبکات وهەتاپێی دەکرێت لەعەرەب کردن و دەرکردنی کورد لەناوچە کوردیەکاندا بەردەوام بێت بەمەبەستی زیاد کردنی خاك لەگفتوگۆی ئایندەدا بۆ قورس کردنی تای تەرازووی خۆی وپێداگرتن لەرێگرتن و بچوك کردنەوەی ئەو قەوارە زاتیەی کورد،کە ئەو ئامادەیەدەرگای گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، هەموو ئەمانەو چەندین بۆچوون وپێش بینی کردنی تر کەلەواقعی ڕووداوەکاندا مەزەندەیان دەکرێت، ئەوڕاستیە دووپات دەکەنەوە کەپێویستە کورد زۆر حەکیمانە بەرەو ڕووی ڕووداوەکان بڕواو،ئایندەی واقیعە سیاسەکان لەبەرچاوبکرێت..

کەمەزەندە دەکرێت، دەرئەنجامەکان بەسوودو قازانجی گەلی کوردستان وکێشەرەواکەی بکەوێتەوە.

ئیتر سوپاستان ئەکەم.



هەولێرنامەی عێتێر

# UN و گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی و دارایی

وەرگێڕان بەدەست کاریەوە: هزری نوێ

ماوەیەك لەمەو بەر، لەیادی، (٥٠)هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوی (نەتەوە یەکگرتووەکان UN)، کەناڵی (3)ی ئیسرائیلی بەرنامەیەکی تایبەتی لەم بارەیە و بەسێ بەش بڵاوکردەوە، (هزری نوێ)یش بە پێویستی زانی ناوەڕۆك و ڕاستیە شاردراوەکان لە زۆربەی خەڵك، لەهەر سێ بەشەکە بڵاوبکەینەوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمڕۆ تەمەنی لە (٥٠) ساڵ تێپەڕیکرد، ئەو ڕێکخراوەی هیوای گەلانی لێقەوماو، ئومێدی برسیەکانی ئەفریقیا بوو، ڕووی ناوەی ئەم ڕێکخراوە بە دەمامك دراوی ماوەتەوە.

ڕێکخراوێك، بیرۆکراتیەت و گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی هەموو لاشەکەی گرتۆتەوەو، پارەی دەدزێ و کەسیش سزا نادرێت، کەسیش بەم هۆیەوە لە کار لانابردرێت، ئەو ڕێکخراوە نەیتوانی برسێتی بڕنێنێتەوە بانگێشەی ئەوە دەکات نەیتوانیوە (بیمەی ژیان)(تامین علی الحیاة)ی بۆ کار مەندانی پەیدا بکات، ڕێکخراوی UN، کارمەند و سەربازەکانی شەڕی ئەو خەڵکانە دەکەن کە بۆ پاراستنیان هەنار دراون، ڕێکخراوێکی وا پشت لە کوشتنی گەلێك دەکات لە دەوڵەتێکی ئەفریقی بچووك، کەلە ئەنجامدا یەك ملیۆن مرۆڤ قەتل و عام کران، سەربازانی ئاشتی ئەم ڕێکخراوە کوڕێکی لاو لە وڵاتێك دەگرن و ئەشکەنجەی دەدەن و پاشان دەیکوژن و وێنەی یادگاریشی لەگەڵ دەگرن! سەرۆکی دەزگای (UN) لە ئەفریقای برسی،یەك ملیۆن دۆلار بەخۆڕای خەرج دەکات، کارمەندێکی پایە بەرزی نەتەوە یەکگرتووەکانیش تۆڕێکی سۆزانی لە ئافرەتە ئاوارەکان، لە سویسرا بەڕێوە دەبات و، تا ئێستاش سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی‌یە لەگەڵ ئەم هەموو پڕوپاگەندانەشی، نەبوونی سیستەمی دارێتی و دەست تێوەردانی حکومەتی یابان لەهەڵبژاردنەکاندا، ئەوە دەگەیەنێت کە (UN) بۆتە ڕێکخراوێکی بیرۆکراتی و خاوەن بەڕێوەبەرایەتی‌یەکی سەرنەکەوتوو ساختە کاری.

ئەم سەر دێڕانەی پێشەوە، ئەو حاڵەتە نیشان دەدات کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە یادی (٥٠) ساڵەی دا پێگەیشتووە.

( دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN)

بەر لە پەنجا ساڵ لە ئەبریل ی ١٩٤٥، بەماوەیەکی کەم بەر لەکۆتایی شەڕی جیهانی دووەم، ئەمریکاییەکان میوانداری کۆنگرەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کرد، لەم کۆنگرەیە نوێنەری (٥٠) وڵاتی جیهان ئامادە بوون، کۆنگرەکە لێکۆڵینەوەی کرد لەسەر دەستورێك بۆ UNو ئامانجیشی بوو پەیماننامەیەکیش دابڕێژێت، کەسەرەتای بەم ووشانە دەست پێ دەکات (ئێمە پیاوانی UN، لەهەوڵ داین بۆ ڕزگار کردنی نەوەکانی داهاتوومان لە کارەساتەکانی شەڕ، ئەو شەڕانەی کەبەژیانماندا تێپەڕین ......، ناتواندرێت خۆمان لە شەڕی جیهانی دووەم ڕزگار بکەین بێ دامەزراندنی (ڕێکخراوی جیهانی). بۆ ئەوەی ئاشتی بەرپا بکات و کێشەو ناکۆکیەکانیش نەهێڵێت).

_ بەڵام لەگەڵ ئەم میوانداریە بێ وێنەیە، ئەمریکاییەکان هەڵوێستێکی توندیان نواند بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕێکخراوەکە و داوای مافی (ڤیتۆ) یان کرد لەگەڵ هاوپەیمانەکانی (بەریتانیا و فەرەنسا و چین و یەکێتی سۆڤیەت) ... هەرچی وڵاتانی دیکەی بچوك هەبوون، دژی ئەم داواکاریە بوون.

یەکێك لە ئەندامانای وەفدی ئەمەریکی (لای مینلکستین) دەڵێت: ناتوانرێت دەوری ئەمریکا لەبەرچاو نەگیرێت و خۆمان لە ڕاستیەکان لابدەین، ئەمریکا وڵاتێکی مەزنە.

یەکێکی تر دەڵێت: ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرکەوتوو نەدەبوو بەبێ هاوکاری لەلایەن ئەمریکا، بۆیە، بێ گومان ئەمریکا توانای سازشکاری گەورەی هەیە، ئەمەش بە هۆی پێویستی لایەنی تر بە ئەمریکا، بۆیە بەناچاری ئەوانەی دژی ڤیتۆبوون لەکۆتایدا قایل بوون و چوونە ژێر باری داخوازی ئەمریکا.

پاش (٨) هەفتە پەیماننامەکەی UN ئامادەکراو مۆرکرا.

_ لەم بارەیەوە سەرۆکی ئەمەریکی (ترومان) کەئەم هەلەی بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ خۆی قۆستەوە، دەڵێت: ئێستا بووە ڕاستی، زۆرانێك گومانیان هەبوو کە ئێمە، ئەو (٥٠) وڵاتەی کەلەزۆر ڕووەوە جیاوازین، لە ڕەچەڵەك و شارستانی، ڕێك کەوین، ئەوانە هەموو لەبیر کران و بە ویستێکی یەکگرتوو و هێزێکی گەورە پێك هاتین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و کوشتار.

_ بەڵام گیانی یەکگرتوویی زۆری نەخایاند، دوای (٦) هەفتە (هیرۆشیما) بۆردوومان کرا، ئەمریکاییەکان پێشتر نهێنی بۆردوومانەکەیان ئاشکرا نەکردبوو، بەگووتەی

ئەوان تەنها بەم شێوەیە بەرەنگاری ڕوسیا دەبنەوە، لێرەوە شەڕی سارد دەستی پێکرد.

_ شەڕی سارد UNی زوو گرتەوە، هەردوو بلۆك ڕێك نەدەکەوتن لەنێوان خۆیان کێ ببێتە سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان. زۆر ناو پێشنیار کرابوون وەکو (ئایز نهاور، لەم بیرسۆن، ئەنتوانی ئایدن ......وە کەسانی تر)، بەلاًم ئەم ناوانە هەموویان ڕەت کرانەوە یەك لەدوای یەك.

ئەوەی بووە سکرتێری گشتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپاڵێوراوێکی بزر بوو، پێش تر دیاری کرابوو (مەبەست لەوەیە کە نوێنەری ئەمریکی لەگەڵ پاڵێوراوەکە ڕێك کەوتبوون)، کەناوی (تریغیفی لی _ وەزیری دەرەوەی نەرویج) بوو، ئەم کابرایە لەکاتی شەڕی جیهانی دوور خرابۆوە.

_ سێر (براین ئارکهرت) دە گێڕێتەوە، چۆن نوێنەری ئەمریکا لە UN لەهۆڵی UN پێی‌دەڵێ : بەرێز لی دەبینی؟ براین دەڵێ ...چی‌گوت؟ (بەڵێ بەرێز لی _ وەزیری دەرەوەی نەرویج) ... منیش گوتم مەبەستت تریغیفی لی یە ... (ئەو قەڵەوە چاکەت شینەیە) ... گوتی سووپاس و چووە سەرسەکۆکەو دەستی بەقسەکردوو گوتی ... (بەخێر هاتنی دامەزراندنی ئەو کەسە لێهاتووە دەکەین، پاڵەوانی بەناوبانگی شەڕ ...هتد)، بیرم کردەوە گوتم، دیارە ئەمەیە شێوازەکە (گەیشتنە بەلایەنی کەمی هاوبەش.. کارەکە زۆر لەوە خراپترە کەدەیزانم).

_ تریغیفی لی ... کابرایەکی قەڵەو حەزی لە خواردن دەکردوو دەگوترێ زۆر لاواز بوو لەکارەکانیو دەکەوتە ژێر تەئسیری دەورووبەری بەڵێ ئەم کابرایە بۆ ئەمریکاییەکان دەست دەدات.

سەرەتا بڕیار لەسەر شوێنی بارەگای UNدەدرێ، هەندێك دەڵێ دەیانەوێ لە (جنێف) بێت هەندێکی تر لە (لەندەن)، بەلاًم (لی) پێی داگرت کەلە نیۆرك بێت دوور لە ئەوروپا.

_ لەکاتی دروست کردنی بارەگای UN بەیارمەتیو قەرز پێدانی ئەمریکا، (لی) (٣٠٠٠) ئەندامی دامەزراند، یەکێك لە ئەمریکایەکانی کەدامەزرا (دیفید فوهن) بوو، بۆ پۆستێکی بەڕێوبەرایەتی پایەبەرز، بەشێوەیەکی تر بۆپۆستێکی هەرگیز نادیار، چوونکە ڕێکخراوەیەك بارەگاکەی لەدروست کردندایەو پۆستە بەڕێوبەرایەتیەکان دادەمەزرێندرێت. (دیفید فوهن) دەڵێ : لەسەرەتای کارکردنم لەگەڵی پێ گوتم ئەمە لەوەدەچێت (کە پاپۆڕێك دروست بکەیت و لەهەمان کاتدا لەناو ئاودا بڕوات).

_ لەوکاتەی (لی) چاودێری دروستکردنی پاپۆڕەکەی دەکرد (مەبەست بارەگای UN ) نە، ئەمریکایەکان گەورە بەرپرسانی ستافی UNیان بەکرێگرت، هەرچی پۆستەکانی تریش بوو لە نێوان هەر پێنج ئەندامە مەزنەکە دابەش کرا.

پۆستە بەڕێوبەرایەتی‌یە پلەبەرزەکان سەرجەم درانە ئەمریکایەکان بەم شێوەیەش توانیان تەئسیریان هەبێت لەسەر سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و کارەکانی.

(دەست تێوەردان FBA لە کارەکانی UN)

_ FBAدەزگای مخابەراتی ئەمریکیو، سکرتێری گشتی UN (تریغیفی لی) لە ڕێگای وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (دی تشرزۆن) لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کەکارمەندانی UN لە شیوعیەکان و چەپەکان پاك بکرێنەوە، ئەم ڕێکەوتنەی (لی) لەگەڵ FBA دژی سوێندی ئەوە لەکاتی بوونی بەسکرتێری گشتی کەدەڵێت: (نابێت داواکاری زانیاری بکات یان پێی بگات لەهەر حکومەتێك یان دەسەلاتێك لەدەرەوەی ڕێکخراوەی (نەتەوە یەکگرتووەکان). ئەم ڕێکەوتن نامەیە لەوکاتە ئاشکرا بوو کەهەندێ بەڵگەنامە درایە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا.

_ پارێزەری نەقابەی کارمەندانی (UN) (لارتو کینوی) دەڵێ: نوێنەرانی پایەبەرزی ئەمریکا بە (UN) یان گوتووە کەدەبێت ڕێنمایەکانمان جێ بەجێ بکەن سەبارەت بەوکارمەندانە، ئەگەر نا ئەوە سەرەتای چوونە دەرەوەمان دەبێت لەم ڕێکخراوە، وازیش لەهاوکاری دارایی (UN)دێنین و بەم شێوەیەش ئەمە کۆتای هەمووتان دەبێت، بۆیە ئەم خەڵکانەی دەڵێین دەریان کەن، دەریان بکەن.

_ ئەمریکا ٣٠٪ خەرجی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دابین دەکات، (لی) سکرتێری گشتی لەوە ترسا ئەگەر دژایەتی شیوعیەکان نەکات ئەمریکایەکان واز لە هاوکاری کردنی بهێنن.

_ ڕێکەوتنامەی (لی) لەناوەڕۆکدا دەڵێ دەبێت ئەو زانیاری تەواو بداتە FBA بۆئەوەی ئەوانیش لێکۆڵینەوەی زۆر وورد لەباری هەر کەسێکەوە بکەن.

_ لە ساڵی ١٩٤٨ دا ترسێکی گەورە ئەمریکایەکانی گرتەوە، ترس لە شیوعیەت، بەم هۆیەوە، چەندین خەڵك خرانە بازنەی گومانەوە، کارمەندانی UNو بگرە تاگەورە بەرپرسانی (UN)یش.

- (الجير هيس)، سكرتيری گشتی كۆنگرەی دامەزراندن و لەداڕێژەرانی پەيماننامەی (UN)، تاوانبار كرا بەسيخوڕی بۆ شيوعيەت.
لە ژووری (ليژنەی كاروباری ئەمريكا) دەنگەدەنگ بەرز بۆوەو سوێندی دادگاييان بە (ا. هيس) خوارد و پرسيارِيان لێكرد ...هيچ كاتێك ئەندامی حيزبی شيوعی بووی؟. بەم كارە، ڕێكخراوەی نەتەوە يەكگرتووەكان بەگشتی تووشی هەژان هات، چوونكە (ا. هيس) پێشتر كارمەندێكی پايە بەرزی وەزارەتی دەرەوەی ئەمريكابوو.
- FBAدەستی خستبوە هەمو كون و كەلەبەرێكی دەزگاكانی (UN) و هەموو شتێكی دەكرد بۆئەوەی لەديوزمەی شيوعيەت ڕزگاريان بێت !.
- لەكاتێكی ديارِيكراو و بەپروپاگەندەيەكی گونجاو، FBAفلميكی شاردراوە لەناو قوتويەك لەباخچەيەك دەدۆزێتەوە، (تشمبرس) بانگيشی ئەوەی كرد كە (هيس) وێنەی بەلگەنامەی نهێنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمريكای گرتووە.
- بەهيچ شێوەيەك نەسەلمێندرا كە (هيس) جاسووس بوبێت و لوكۆتايدا بە (شايەدی بەدرۆ) تاوانباركراو لەسەر كار لابردرا. ئيستا (هيس) تەمەنی (٩١) سالەو لەم بارەيەوە دەلێت: ( تەنها ئەوە دەلێم، ئەمە تۆلەلێكردنەوەی سياسی بوو، هيچ جارێك نەسەلمێندرا كەهەواليكم بۆ يەكێتی سۆڤێت گواستبێتەوە)...
- هەموو ئەو خەلكانەی كەدەردەكران لە (UN) تۆمەتی شيوعيەتيان دەخرايە پال، ئينجا خەلك پرسيار دەكات بۆچی ئەو هەموو خەلكە شيوعيە گەيشتە دەزگاكانی (UN)؟.
- (بن البير) كەسالی پار مرد زۆر خزمەتی ولاتی خۆی كردووە، ئەو سەرۆكی سانديكای كارمەندانی (UN) بوو، خۆیو پێنج لە هاوەلانی دەركران. (بن البير) كابرايەكی ئازا بوو باوەری بەسادەترين فيكری (ئازادی و يەكسانی) هەبوو.
- كچی (تريغيفی لی) سكرتيری گشتی UN كەسكرتيری بوو لەم بارەيەوە دەلێت : (ئەو (واتە باوكی) بەم كارە دل خۆش نەبوو، بەلام هەستی بەوە دەكرد دەبێت هەموو شيوعيەكان لەكار لابات، زانياری پێدەگەشت، كەئەوانە شيوعين). (سەرچاوەی زانياريەكانيش باوەرپێكراو بوو و ئەمريكاش سەرچاوەی ئەم زانياريانە بوو).
- (FBA) لەرابردووی زۆر كەس دەكۆلێيەوە، يەكێكیتر لەوانەی دەركران (يۆجين ولك) بوو ، كارمەندی بەشی زمانەوانی (UN) بوو ماوەی چوار سال، لەم ماوەيەدا هەنێك لەهاوەلەكانی دەركران كەلەگەلێبوون لەكاركردن.

(FBA) دەزگای موخابەراتی ئەمریکی، لەکاتی لیکۆلینەوە لە رابردووی (ولك) بۆیان دەرکەوت کەلەکاتی خۆی هەندی نووسینی لە گۆڤاریکی شیوعی بلاوکردۆتەوە.

لەکاتی پرکردنەوەی لیستی داواکاری بۆ کارکردن لە (UN) ئەم مەسەلەیەی نەنوسیوە، بلۆیە لەکار لابردرا، بەلام (ولك) خۆی بروای وایە لەسەر بیر و باوەری لە کار لابردراوە.

((لیژنەی ئەمنی ناوخۆو ......دەرکردنی بەردەوام))

لەسـەرەتای سـالانی پـەنجا لـەتروپکی هسـتریا دژی شـیوعیەت لەلایـەن ئەمریکایەکان، (UN) بووە ئامانجیکی تر بۆ ئەوەی لـەویش دژایـەتی لـە شـیوعیەت بکریـت، ئـەم ترسـانە لـە شـیوعیەت کیانی نەتـەوە یـەکگرتووەکانی هینایـە هـەژان، ئەندامانی راست رەو لـە ئەنجوومـەنی پیرانی ئـەمریکا هیرشیکی توونديان دەست پیکرد بۆ کشانەوەی ئەمریکا لە (UN) و پاشان دەرخستنی (UN) لە ئەمەریکا.

- (ب _ مکـارن) بـەهاوکاری نوینـەرانی راسـت رەوە وەکـو (مـەکارتی و ئایتسـون)، ەسالی (١٩٥٣). لیژنـەی یـەکی لاوەکی کاروباری ئـەمنی ناوخۆی درووسـت کـرد، بۆچاو گیران لەو تومەت و پلان (تأمر) انەی (UN).
- ناوی ئەو خەلکانە ئامادەکرا کە بەچالاکی کۆمەنیستی ناو زەدکرابوون و یـەك یەك بانگ دەکرانە بەردەم (لیژنەی مکارن) (لیژنەی ئەمنی ناوخۆ).
- (جولیا اولـدر _ پیـزر) لـە سـی‌یەکانی ئـەم سەدەیـە لـە مۆسکۆ کاری رۆژنامەنووسی کردوو بانگ کرایە بەردەم لیژنەی مکارن.
- (جك هیرس)، بەهۆی ئـەو راپۆرتـەی کـە لـە سـالی ١٩٤٨ لـە رۆژهـەلاتی ئـەفریقیا ئامادەی کردبوو، کاتیك بە وەفدی (UN) چووبوونە ئەوی، تیادا دەسـەلاتداریتی بەریتانیای شەرمەزار کردبوو بەوەی کەهیچ جۆرە دەزگایـەکی زانیاری و زانسـت و بنکەی تەندرووستی نیە لـەژیر سایەیاندا، ئـەم راپۆرتـەی (جـك هـیرس) لـەبارەی طنجنیکا بووە هـۆی دژواری‌یـەکی سیاسـی لـە بـەریتانیا. بەمـەش ئـەو بـەپلانگیر لەقەلەم دار و بووە یەکیك لە قوربانیانی لیژنەی مکارن.
- (مرجوزی و میردەکـەی) هـەردووکیان کارمـەندی (UN) بوون و بـانگ کرانـە بـەردەم لیژنەی دادگای (مکارن) بۆشایەدی دان (مرجوزی) دەلیت: خـاچی سوور (صلیب الاحمـر) داوای خویـن بەخشـینی لـە ئیمـەکرد بۆ بـانکی خویـن واتـە لـە لیژنـەی

کرێکارانی (UN)، ئێمەش بڕیارێکمان وەرگرت کەتا (خاچی سوور)جیاوازی بکات لەنێوان خوێنی سپی پێست و ڕەش پێست ئێمە خوێن نابەخشین بەم شێوەیە، (خاچی سوور) وازی هێنا لەم جیاوازی کارییەو ئێمەش هەستمان بەئاسودەی کرد.

_ (مرجوزی) کارمەندێکی چالاك بوو لە لیژنەی کرێکاران و داکۆکی زۆری لەو خەڵکانەی لە قۆناغی یەکەم دەرکران دەکرد و ئەو هەست دەکات کەبەهۆی چالاکیەکانی بۆ نەهێشتنی سیاسەتی ڕەگەز پەرستی (خاچی سوور) بانگ کراو لەکار لابردرا.

_ لیژنەی مکارن لە ئوکتۆبەری (١٩٥٢) دانیشتنەکانی دەست پێکرد لەگۆڕەپانی (فۆلی) ئەوانەی بانگ کرابوون بۆ شایەدی و لێکۆڵینەوە، ڕۆژگارێکی ناخۆش، تەجرەبەیەکی دڵ شکێنی ئەو تۆ بوو بۆ یان.

_ لەکاتی کارەکانی لیژنەی مکارن، نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن ڕۆژنامەکانی ئەمریکا، هێرشی دەکرایەسەرو و زۆر جاریش کەسانی نا ئەمریکیشی قسەی لەسەر دەکرا.بەردەوامی لیژنەی مکارن، پارێزەری سکرتێری گشتی (UN) یش گرتەوە وە کەوتە بازنەی گومان و تۆمەتی ئەندامێتی کۆمەنیستیان خستەپاڵ هەرچەند (الیب ڤیلر) لە سەرەتا هاوکاری ئەوانی کرد لەدەرکردنی خەڵکی، بەهۆی فشاری زۆری لێکۆڵینەوەی کەخرا بووە سەری لەنهۆمی (١٣)ەمین ئەو باڵەخانەیەی لێی دەژیا، خۆی خستە خوارەوەو مرد.

_ ماوەی کاری سکرتێری (لی) تەواو بوو شوێنەکەی درایە (لورثیە هیلمشلیت) بەم شێوەی سەرەوە دەردەکەوێت کە سکرتێر گشت ناپاکی لە کارەکانی کردووە وەك، ڕێزنەگرتنی پەیماننامەی (UN) و دانانی لیستی وەفاداری بۆ کارمەندانی نوێ و لابردنی سەدان کەس لەسەر کار و پێشێل کردنی پەیماننامەی مافی مرۆڤ.

لەپاش تەواو بوونی کارەکانی سکرتێری گشتی و نەمانی قۆناغی (مکارن)، نەتەوە یەکگرتووەکان بەدیلی بەدەست ئەمریکایەکان مایەوە، وەك ئەوەی هەر لە دایك بوونەو (UN) مردبێت.

((بازرگانی بە ئاشتی))

_ تەمووزی ١٩٩٤، گەورەترین کرداری ئاشتی لە صۆماڵ شکستی هێنا، لەگەڵ ئەوەی بارەگای (UN) لەمەقادیشۆی پایتەخت شەڕ لەبەر دەرگای بارەگای (UN) بەڕێوە دەچێت، کەچی سەربازانی (UN) هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی ئەم شەڕە بەکاری خۆیان

نازانن، لەودیوە دیوارە بەرزەکانی ئەم بارەگایە ژیانێکی جیا هەیەو هەرچی پێداویستی ژیانێکی ئاسایو بگرە خۆشتریش بەدی دەکرێت، خواردنی باش، حەسانەوەو وەرزش و خانووی ئامادەکراو لەهەموو پێداویستیەکان و جگە لەیارمەتی مانگانەی کارمەندانیش هەریەك (١٠٠٠)$ زیاتر وەردەگرن ئەم حاڵەتە ڕۆژانە (٣)ملیۆن دۆلار دەکەوێت و دەبێتە بار بەسەر گەلانی دوونیا و لەدیوی دەرەوەی ئەم دیوارە بەرزانە، لەکوشتن و دزیو ئاژاوە و برسێتی چیدیکە نییە.

گەلی صۆماڵ حەقەتی ناوەوەی بارەگای (UN) دەزانن و ئەم بارەشیان پێ قبووڵ ناکرێت، دەشزانن ئەو هەموو پارەیەی بەناوی ئەوان کۆدەکرێتەوە و تەنها لەبوونی سەربازی (UN) خەرج دەکرێت حاڵی ئەوانیش بە چ شێوەیەك چاك ناکات.

_ لەکاتی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، لیژنەیەکی سەربازی پێك هات، وەکو هێزێکی ئاشتی نێو دەوڵەتی، لەهەر پێنج ئەندامە هەمیشەیەکان کاری سەرەکی ئەم هێزە چەسپاندنی ئاشتی یە، لەگەڵ ئەوەی ناکۆکی هەیە لە چۆنیەتی پێك هێنانی ئەم هێزە، بەڵام لەماوەی پەنجاساڵی ڕابردوو، لیژنەکە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجام داوەو تەنها کۆبونەوەیەکیشی نەپەڕاندووە، لێرەدا دەتوانین بڵێین لە نەتەوە یەکگرتووەکان بیرۆکراتییەت پێش واقع دەبێت، بۆیە گرێدانی کۆبونە هەفتانەییەکان تەنها بۆنان خواردن بووە.

لەساڵی ١٩٨٩، دوونیا گۆڕانی بەسەرهات، دیواری بەرلین ڕوخا و گۆڕان لە (UN)بوو، کەچی هیچ کات (UN)نەخشەیەکی دارێژراوی نەبووە بۆ ئەنجام دانی کارەکانی لە دوای شەڕی سارد.

لە شەڕی کەنداوی دووەم، (٤٣) وڵات یەکیان گرت بە ناوی (UN) لەدژی دوژمنکاری عێراق و داگیرکردنی کوێت لە شەڕی (گەردەلولی بیابان).

هەڵە دەبین ئەگەر وابزانین کەئەمە سەرکەوتنی (UN)نە، و دەرسی لەپەندەکانی ڕابردوو وەرگرتووە و لەگەردەلولی بیابان جێ بەجێ کرا چونکە لە صۆماڵ ی ئەفریقی هەژار (UN)هەموو توانای خۆی تاقیکردەوە بۆئەوەی ئاشتی بچەسپێنێت، بەڵام گەورەترین شکستی خوارد، چیرۆکەکەش لەبێ کەڵکی دەزگاکانی مرزیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست پێ دەکات.

_ لە ساڵی ١٩٩١ شەڕ و کوشتار صۆماڵی وێران کرد، شەڕی خێڵەکان وڵاتی کاول کرد و برسێتی پەرەی سەند، دەزگاکانی (UN)صۆماڵیان جێ هێشت، لەگەڵ

ئەوەپێشبینی برسێتی‌یەکی گەورە دەکرا.گەورەترین برسێتی لەماوەی (٢٠) ساڵی ڕابردوو، لە ئەنجامدا و (٢٠٠,٠٠٠)کەس ی صۆماڵی گیانیان لەدەست دا.

لەو کاتانەدا، لە دیسمبەری ١٩٩٢ دا، ئەمریکا یەك لایەنە، هێزی خۆی ناردە صۆماڵ، بەناوی کرداری (گەڕانەوەی هیوا)، بەڵام لەبەڵگەنامەیەکی نهێنی (UN) دا، دان بەوەدا دەنێت، کەئەم کردارە پێشتر نەخشەی بۆ دانەڕێژراوە.

ئەمریکایەکان گوێ ڕایەڵی (UN) نەبوون و خۆیان بەبەشێك لە (UN) دانەنا، ئەمریکایەکان بڕوایان وابوو کە بەخێرای ئەم کارە دەکەن و بێ مەترسی‌یە.

دوای پێنج مانگ، سەربازانی ئەمریکی لە صۆماڵ کشانەوە بەشێوەیەکی نهێنی و (UN)یان ئاگادار نەکردووە، بەم شێوەیەش ئاژاوەیەکی زۆر دروست بوو، هێزی سەربازی ئەمەریکی کەلە صۆماڵ بوو، تەنها هێزی ئاسایشی تایبەتیان هێشتەوە.

_ (UN)لە بڕیارێکی دا بۆ چەك کردنی کۆمەڵە چەکدارەکانی صۆماڵ بەهەڵە ڕۆیشتن، (بطرس غالی) سکرتێری گشتی (UN) لەگەڵ ئەم بڕیارە بوو، پاش دوو هەفتە قەسابخانەیەك بۆ سەربازانی پاکستانی درووست بوو (٢٥) کەسیان لێ کوژرا لە کەمینێك.

لە ڕاپۆتێکی نهێنی (UN) ئەم کارە ڕەخنەی لێ دەگیرێ ، لەو کاتەدا هێزەکانی (UN)، (١٢) کەس دەکوژن.

_ سکرتێرو ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری هەڵەی یەك لە دوای یەکیان دەدا بۆ چارەسەرکردنی باری تێك بڕژاوی صۆماڵ. بڕیاریان دا بکوژانی سەربازەکانی پاکستانی دەستگیربکەن، بەم شێوەیە چوونە پاڵ نەیارانی جەنەڕاڵ (محمد ئایدید) کەلە صۆماڵ خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوو، (UN) بەم بڕیارە بوو بەشێك لە شەڕی صۆماڵ.

شەو و ڕۆژ شەڕ بەردەوام بوو، شەڕی پارتیزانی، (UN) یش شەڕی دەکرد، (٥٤) کەس لە مەقادیشۆ کوژران، ئەو کات (UN) بانگێشەی کرد کە ئەوانە سەر بە(محمد ئایدید) ن، کەچی‌لە ڕاپۆرتیکی نهینی (UN) دەرکەوت کە ئەو خەلکانە سەر بەکۆمەڵەی ئاشتیخوازانن.

_ لە شەڕیکی تر، سەربازانی (UN) هێرش دەکەنە سەر نەخۆشخانەیەك و هەموو نەخۆش و برینداڕەکان دەکوژن.

_ بەر لە (٣٠) سال (UN) لەتەجربەیەکی تردا، چوو بووە ناو کۆنغۆ و شەڕی دژی لایەنیك کرد، دووبارە هەمان هەلەی کردەوە لە صۆمال.

_ رواندا

رواندا وولاتیکی ئەفریقی‌یە، لە ٦ی نیسانی ١٩٩٤، فرۆکەی سەرۆکی ئەو وولاتە کەوتە خوارەوە، ئەمە بەس بوو بۆ رودانی کارەساتیکی گەورە کە تیدا گەلیك لەناو دەبریت، ئەم زانیاریانە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش ئاشکرا بوو، لە سی سەرچاوە و ئەم ئاگادریەیان پیگەیشت بوو جگە لە (ئادی فورج و کەسانی) تر، کەنەخشەیەك هەیە بۆلەناو بردنی (توتسییەکان) لەلایەن (هۆتۆ) یيەکان.

(٣٠٠٠) سەربازی (UN) لە رواندا بوون بۆ چاودیری کردنی هەوالەکان ریکەوتن لە نیوان دەسەلات داری هۆتۆ و سوپای توتسی لە رواندا، لەگەل ئەوەش لەدوای (٦ی نیسان) هەزاران کەس سەربران، خەلکی بەکۆمەل بەدار کوژران.

لەگەل دەست پیکردنی شەر بەلچیکا هیزی خۆی لە (UN) کشاندەوە و هیزەکانی تری رۆژئاوای نەیانویست تیوە بگلین، پاش (٣) هەفتە لە کوشتن و برین،ئەنجومەنی ئاسایش هیزەکانی خۆی کشاندەوە تەنها (٤٥٠) سەربازی هیشتەوە.

_ وولاتە مەزنەکان رەتیان کردەوە کە هیز بنیرن، لەگەڵ ئەو داواکاریانەی هەبوون، بە شیوەیەکی سەرەکی ئەمریکا دژی ناردنی هیز بوو.

(٦) هەفتە (UN) هیچی نەکرد و نزیکەی یەك ملیۆن کەس گیانیان لەدەست دا. لە پاش ئەم قەسابخانانە لە (١٧ی ئایار) بریاریك دەرچوو کە (٥٥٠٠) سەرباز رەوانەی رواندا بکریت. بەلام وولاتان خەم ساردیان کرد، لە ناردنی هیز، تەنها پاش (٣) مانگ، فەرەنسا (٢٠٠٠) سەربازی نارده باشووری رواندا بۆ چاودیری لەگەڵ گوریس کیشی نیوان توتسی و هۆتۆ (UN) هیچی نەکرد.

(کارە ئابروو بەرمکانی دەزگاکانی UN)

لەدوای شەری جیهانی دووەم ، چەندین دەزگاو ریکخراوی مرۆیی دامەزران لەنیوانیان وەك ریکخراوی یارمەتی ئاوارەکان ، یونسیف _ چاودیری منالان ، دەزگای تەندروستی جیهانی ، ئەمرۆ (٣٠)دەزگاو ریکخراوی سەر بە(UN)هەن و نزیکەی (٥٠٠٠٠) کارمەندی هەیە کەسالانە زیاتر لە (١٥) ملیار دۆلار خەرجی هەیە.

_ لە نایرۆبی بارەگای نوێنەری (UN) بۆکاروباری ئاوارەی لێیە ، لەناو بارەگاکە باخچەوە تاقگەی دەسکردی لێدروست کراوە و (١٠٠٠)کارمەندی هەیە مانگانە یەکی زۆر وەردەگرن بەرامبەر ڕۆژانە کارێکی کەم.

(بیر هۆك) سەرۆکی ئەم دەزگایە ، ناچار کرا لە ساڵی (١٩٨٩)_دەست لەکار بکێشێتەوە، دەرکەوت سندووقی ڕۆشنبیری ئاوارەکانی بۆخۆش گوزەرانی خۆی‌و خێزانەکەی بەکار هێناوە.

_ سەرۆکی ڕێکخراوی فاو، دوای (١٧) ساڵ دەستی لەکار کێشاوە ، پاش ئەوەی وولآتانی ڕۆژئاوا تۆمەتباریان کرد بەخراپ بەکارهێنانی پۆستەکەی.

_ سەرۆکی بەرنامەی (UN) بۆ پێشخستنی ئەفریقیا (بیتر کلیفر دمبیلیا) کەلە ساڵی (١٩٩١) ڕکبەری کرد بۆسەرۆکایەتی وولآتی بورکینافاسو ، یەك ملیۆن دۆلاری بلآوە پێ کرد پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی لە پارەی (UN)و دادگایش نەکرا.

_ ڕاپۆرتێکی نهێنی (UN) گەورە بەرپرسانی خۆی شەرمەزار دەکات کەبەبێ‌ڕەوشتی سیاسی‌و دیاردەی ناشرین و گاڵتەجاڕی بە کۆمەڵ ناویان دەبات.

(جنێف و بارەگای ڕێکخراوەکانی ئاوارە لە هەشتاکان)

(شنیغا ڤیلا لوکیکیا) ی زائیری، گەورە بەرپرسی (UN) تۆرێکی ژنە سۆزانی‌یە ئەفریقایەکانی بەڕێوەدەبرد، لەسەر ئەم کارەی سزا نەدرا، کە کچە ئاوارە ئەفریقایەکان لەم تۆڕە بەکاردێنن، لەساڵی ١٩٨٣ ناردرا بۆ چاودێری کرداری ڕزگار کردنی ئاوارە ئۆغندایەکان کەلە شەڕ هەڵاتبوون دووبارە دەوری خۆی لە (UN)بەکار هێنا بۆ خۆشی گوزەرانی خۆی ، لەم کارەیدا بەئیمزای ئەو خواردن بەبڕی (٢٥٠٠٠٠) ج س لە کۆگاکان بزربوو. سکرتێری گشتی ئەو کاتەی (UN) (پێرز دیکولار) بڕیاری دا (لۆکیکیا) لەسەر کار بمێنێتەوە ، کارێکی تری پێ بسپێرێت ، ئەم بڕیارە جێگای سەرسوڕمان بوو.

لەساڵی ١٩٩١ لە جیبۆتی تەنیشت صۆماڵ دامەزرا ، ملیۆنەها دۆلار یارمەتی بۆ صۆمال نێردرا ، دیسان لۆکیکا گیرفانەکانی لێ پڕکرد.

زەحمەتە هەر کارمەندێك لە (UN) لەسەر کار لابرێت لەسەر ئەم کارانە خراپترین شت پی‌ی بگوترێت ، ئاگادار کردنەوەیە و ئەگەر نا لە شوێنێکی‌تر کاری پێ دەدرێت.(لۆکیکا) لە ساڵی ١٩٩٣ بەهۆی نەخۆشی ئایدز گیانی لە دەست دا.

_ سویسرا ، وولاَتی ژمیاری بانکی نهێنی بیرۆکراتیەتی جیهان لێرەیە یەکێکە لە وولاَتە دەوڵەمەندەکانی جیهان و هەموو ڕێکخراو دەزگا مرۆڤایەتیەکانی (UN) بارەگای سەرەککیان لێرەیە.

ئەم ڕێکخراوانە توشی بیرۆکراتیەت هاتوون و هیچ کێشەیەکیان پێ چارەسەر ناکرێت لە وانەش ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەدوای گەورەترین کاری ئەم ڕێکخراوە پێش (٢٠) ساڵ کەتوانی (ئاوڵە _ الجدری) لەناو ببات تا ئێستا هیچی تری نەکردووە ، ڕێکخراوەکە خۆی نەخۆشە وە پێویستی بەچارەسەر هەیە.

ساڵانەی ئەم ڕێکخراوە (١٨) ملیار دۆلار بوو لەساڵانی (١٩٩٤_١٩٩٥).

پرۆفیسۆر (تۆلیسۆن)خەرجیەکەی (٧٠٪)داهاتی ساڵانەی ڕێکخراوەکەیە بەڕێوبەرایەتیەکەی و بەرنامەو نوێکردنەوەی بارەگای جنێف تەنها (٣٠٪)بۆ کارو چالاکی مەیدانیە.

یارمەتی مانگانەی سکرتێر نزیکەی (٣٥٠٠)ج س لەساڵێکدا ، بورێوبەری ئاست ناوەندی نزیکەی (٧٥) هەزار وەردەگرێت ، بەلاَم هەرچی کارمەندێکی پایەبەرز بێت لەم ڕێکخراوە ئەوا (١٠٠,٠٠٠)لەساڵێکدا وەردەگرێت.هەرهەمووشیان لەباج دان بەخشراون و جگەلەوەرگرتنی دیاری ناوەبەناوەی زۆر و سەفەرو سەیرانی خۆش و مانەوە لەمیوان خانەی گران بەها.

_ (د. تشوکا) بەڕێوبەری ڕێکخراوە ناوبراو لە کینیا _ لەسەفەری ساڵانەدا (١٥) هەزار دۆلار خەرج دەکا

_ د. تشویکا (١١٥)هەزار دۆلار ساڵانە گل دەداتەوە.

_ کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوە ساڵانە (٦,٥)ملیۆن دۆلاری دەوێت.

_ دانیشتنەکانی بەڕێوبەرایەتی (٤,٥) ملیۆن دۆلاری دەوێ.

_ (٢,٥) ملیۆن دۆلاریش بۆ کۆبونەوەکانی دانانی میزانیەی ساڵانەیە.

هەرچی ئاشکرایە ئەم ڕێکخراوە بە زۆری کۆبوونەوە و کۆنگرە بەستن بەناوبانگە.

ڕۆژنامەی تایمز ، ڕاپۆرتێکی لەژێر سەر دێڕی (دزەکان UN دەدزن )، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، کەڕاپۆرتی (UN) ئیشارەت بەکارەکانی هێزی ئاشتی پارێزی سەر بە ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی دەدات لە جیهاندا ، کەبۆتە ئامانجێك بۆ دزەکان ، کە لە ڕێگایەوە دەتوانن بایی چەند ملیۆن دۆلار شت و مەکی گرنگ بدزن.

هەروەها راپۆرتەکەی رۆژنامەی تایمز ی بەریتانی دەڵێت، ئەو لێکۆڵینەوەی (UN) ئەنجامی داوە ، دەرکەوتووە کە (١٦) هەزار ئامێرو دەزگای گرانبەها دزراون یان بێ کەڵک کراون لەماوەی نێوان ١٩٩٣_١٩٩٥ لەلایەن هێزی ئاشتی پارێزی دەوڵی ،کەلەناوچەکانی جیهان بلاْوکراەنەتەوە.بەتایبەتی لەناوچە گەرم و گورەکانی وەکو یۆگۆسلافیای جاران و کەمبۆدیا.

# کورتە یادەوەریەك دەربارەی بەشدار بوونم
# لــــە
# کۆمارە ساوایەکەی مەهاباد

زرار دەرگەلەیی
ئەندامی سەرکردایەتی PKSK



لەسەر خواستی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (هزری نوێ) کورتەیەك لە یادەوەریەکانم نووسیوە بە هیوام جێگای ڕەزامەندی بێت.

ئەوەی دیار و ئاشکرایە کە گەلی ئێمە لە نیشتمانی داگیر و پارچە پارچە کراودا لە هەر پارچەیەك بۆی هەڵکەوتبێت دەستی خۆی لە داگیر کەران وەشاندووە لە هەر شوێنێك بۆی هەڵکەوتبێت ڕوو بە ڕوویان وەستاوە ئەگەر سەریش نەکەوتبێت.

بەڵێ ئەنجامی شەڕی دووەمی جیهانی سوپای هاو پەیمانەکان دەستیان بەسەر ئێراندا گرت ئەوەی بەدیار کەوت ئەو شوێنەی کەوتە دەستی سوپای سۆڤیات ڕێگا درا بە کۆڕ و کۆمەڵانی کورد و ئازربایجانی خۆیان ڕێك بخەن و بکەونە دەست و برد بۆ بەڕێوەبردنی کار و بارەکانیان، بێ گومان هەر لەو کاتەوە کوردە هەست بەرزەکان کەوتنە دەست و برد و خۆ ڕێك خستن لە ئەنجامی ئەو دەست و بردە لە ساڵی ١٩٤٥ حزبی دیموکراتی کوردستان دامەزرا بە ماوەیەکی کورت ئەو حزبە تێ کۆشەرە توانی دەسەڵات داریەکی لێ وەشایەوە بگرێتە دەست و کۆمەڵانی جەماوەر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و کۆماری کورد لە مهاباد ڕابگەیینێ و ئاڵای کوردستان لەسەر کۆشك و دام و دەزگاکانی دەسەڵاتدارێتی بشەکێنێتەوە.

بەڵێ ئەو دەنگە بەرزە نەك هەر لە کوردستان بە گشتی بڵاو بۆوە و بەڵکو بە جیهانیش ڕاگەیەندرا کەوا لە ئێران دوو کۆماری دیموکراتی کورد و ئازربایجان دامەزران، ئەمە مژدەیەکی دڵخۆوازی ئازادی خوازانی کورد بوو لە سەرانسەری کوردستان، لە کاتی ڕاگەیاندنی دامەزراندن لە سەرەتای ١٩٤٦ تازە لە بەندیخانە دەرکەتبووم لە کەرکوك سەربازی سوپای عێراق بووم شەوێك لە ماڵی (ئەمینی ڕەواندزی) کە ئەفسەرێکی

پایە بەرزی عێراقی بوو یەکێك بوو لە دۆستەکانی باوکم لە ڕادیۆی ئازربایجانی دیموکراتی گوێ بیستی بووم بە دامەزراندنی کۆماری کورد لە مهاباد، ڕادیۆی باس کراو بە کوردی ئەدوا.

لەوکاتەی بەکوردی ئەدوا ئەگەر لەشەرمی ئەمینە فەندی و ئەو مرۆڤانەی لەوێ بوون نەبوایە هەڵئەستام شایم ئەکرد ئەوەندە شاد بووم، هەر لەوکاتەوە کەوتمە پەلە کەی بڕۆم ببم بەسەربازی ئەو کۆمارەی کوردستان؟ دوای ئەو کەوتمە بیرکردنەوە نابێت بەدەسبەتاڵی بڕۆم دەنگ هەبوو سووپا ئەڕوواتە سەر سنوور ئەوەبوو زۆری نەخایاند لە کەرکوك لیوای ئێمە دەرکەوت بەرەو ڕەواندز کەوتەڕێ لەزار گەلی عەلی بەگ سووپاکەی دامەزراند لەدوای دوو هەفتە سەردانێکی ماڵەوەم کرد لە گووندی (وارە کۆن) لەوێ لەگەڵ کۆمەڵە گەنجێك دووام کەبڕۆین بۆ کوردستانی ئازاد و ببین بەسەربازی کۆماری دامەزراوی مهاباد، لەگەڵیان ڕێك کەوتم هەرکاتێ بۆم ڕێك کەوت ڕابکەم دێم ئەڕۆین، هەر ئەو کاتەی ڕێ و شوێنم بۆ (ئیسماعیلی مامە شێخەی ماویلی) دەست نیشان کردن کەبێنە نزیك ئەو سەنگەرەی ئەمنی لەناودابووم ئەوەبوو لە شەوی دیارکراودا توانیم (٧ تفەنگ و ٨٠٠ فیشەك) بگەیەنمە لای ئیسماعیل و ئەو برادەرانەی چاوەڕێم بوون لە سووپاکە دەرکەوتین لە دوای دوو شەوو ڕۆژ بەنهێنی گەیینەوە گوندەکەمان ئەوەبوو کۆمەڵێك چەك دار ئامادە بوون باوکم و دوو براشم ئامادە بوون لەگەڵماندابوون شەو لە گوند دەرکەوتین بەرەو کوردستانی ئازاد کەوتینەڕێ، نامەوێت باسی ئەو بەسەر هاتانەی ئەو ڕۆژانەی ڕێگا بکەم هەتا گەیینە سنووری کوردستانی ئازاد، لەدوای چەند ڕۆژ گەیینە بارەگای سەربازەکانی کوردستان لە پیران شەهر (خانە) لەو کاتەی لەبارەگای سەربازەکان بەیەك گەیشتین وام ئەزانی والەو بەهەشتەم کەباسی ئەکرێت !!... ئەوەی جێگای ڕەزامەندی بوو سەربازەکان پێشوازییەکی زۆر گەرمیان لێکردین لە ژێر ئەو ئاڵایە وەستاین ئەوەی لەسەر بارەگای سەر سنوور ئەلەرایەوە لەوکاتەی باوەشمان لەسەربازەکان ئەگوشی و ئەدواین فرمێسکی خۆشی‌مان ئەباراند خۆشی هەر ئەوەندە بوو ئەوکاتە لەبەرچاوم بوو !.

ئەفسەری سەر سنوور سەید محمەد ڕێزێکی زۆری گرتین و گۆتی : ئەوە سێ ڕۆژە ئێمە چاوەڕوانی ئێوەین و ئاگادار کراوین کە سلێمان بەگی دەرگەلە لەگەڵ کۆمەڵێك چەك دار لە ڕێگان دێن بۆ کوردستانی ئازاد. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لای ئەوان ماینەوە، شەو لەسەر خواستی باوکم ڕۆیشتینە جەلدیان میوانی کاك عەولا بوین

بەیانی ڕۆشتینە نەغەدە، هەر لە جەلدیان هەتا نەغەدە بەپێیان ئەڕۆشتین لەبەر ئەوەی هەناسەی ئازادیم ئەکێشا هەموو هەراسانی ڕابردووی لەبیر بردبوومەوە وام هەست ئەکرد لە دنیایەکی‌ترم، کاتێك گەینە نەغەدە دیار بوو جەماوەرێکی زۆر لەدەرگای بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێشوازی ئێمە وەستابوون سەید ئەحمەدی سەید تەها بەر پرسی ناوچەی نەغەدە لەگەڵ ئەنجومەنی بەڕێوەبەر لە پێشەوەی جەماوەر وەستابوون ناوبراوزۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی لێکردین، باوکم سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەی کرد ئەوەی لێمان کرا لەلایەن سەید ئەحمەد لەدوای مەلا خالید ئەندامی ئەنجومەن دوواو باسی هەستی کوردایەتی کردوو کوردستانی ئازاد کراوی بەیەك هەویز دیارکرد بۆ کوردە ئازادی خوازەکان ڕونەکەنە مهاباد و ناو ئەو هەویزە ئازادە.

لەو کاتە مەلا خالید ئەدوا سەیری نوسراوی هەڵواسراوی بارەگام ئەکرد نوسرابوو (کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لقی نەغەدە) لەگەڵ خوێندنەوەی ئەو نوسراوە لەخۆشیان تەزیم بەگیانی دا ئەهات. دیار بوو لەسەر داوای سەید ئەحمەد بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆی کوردستان ئێمە لە نەغەدە داندراین بۆ پارێزگاری شار، بەو فەرمانەی لەوەزارەتی ناوخۆوە هاتبوو باوکم کرابوو بە بەرپرسی ناوچەی نەغەدە ئەمنیش بەیەکێ‌لە ئەفسەرەکانی ئاسایش داندرابووم.

نامەوێ باسی بەسەرهاتەکانی ئەو دوو مانگەی لە نەغەدە بووم بکەم ئەوەندە ئەڵێم بە پەرۆشەوە کردەوەو هەڵوێستی سەید ئەحمەد ئەوەندە ناپەسەندو ئەوەندە نالێوەشاوەبوون زیاتر نەمان توانی لەوێ بمێنین وەك دیار بوو ناو براو ئەی ویست وەك جەندرمەبەکارمان بێنێ بۆبەرژەوەندی تایبەتی خۆی نەك هی‌کۆماری دیموکراتی؟؟..

ئەوەی جێگای دڵخۆشی بوو ئەو دوو مانگەی لە نەغەدە بوین خزمەتی ئەوخەڵکەمان ئەکرد خۆشەویستی‌یەکی زۆر باشم پەیداکردبوو پەیوەندیمان زۆر بەتین بوو لەگەڵ کۆمەڵ و مرۆڤانی ڕەوشت بەرز وەك کەریمی حیسامی بەرپرسی پەروەردەی نەغەدە و میرزا مەجید و هی تریش.

لەسەرەتای هاوینی ١٩٤٦ بەبیانووی بەشدار بوون لە خولی ئەفسەری ڕۆیشتمە مەهاباد ئەو ڕۆژەی گەیمە ئەوێ بەڕێك کەوتبووم بەمیوانی مامەند شیروانی بۆ بەیانی لەگەڵ ناوبراو ڕۆیشتینە بارەگای هێزی بارزانیەکان لەوێ لەناو هۆڵێکی زۆر گەورە دیار بوو خەڵکێکی زۆر چاوەڕوانی هاتنی بارزانی بوون ئێمەش دانیشتین زۆری پێ

نەچوو بارزانی هات بەبەرگی جەنەڕاڵی سووپای کوردستان بوو لەناو هۆڵەکە وەستاو بەڕوویەکی خۆشییەوە بەخێر هاتنی لەخەڵکەکەکرد ئەمنیش زۆر لە مێژ بوو بەئارەزوو بووم ناو براو ببینم چوومە پێشی بەخێرهاتنم لێ کرد لەوکاتەی دەستم خستە ناو دەستی (مامەند) پێ ی گۆت (ئەز بەنی ئەوە زرارە کوڕی سلێمان بەگی) دەستی بەرنەدام گۆتی (تو خودێ ئەوەیە زرار؟..) مامەند ئەوە گەلەکی بچووکە..لەکاتێکدا کەدەرکەوت گۆتی : ئەت بینمەوە...... لەدوای ئەودیدەنییە ئەمنیش ڕۆیشتمە سەربازخانە لەوێ چوومەلای بەرپرسی خولی سەربازی لەوێ چاوم بە فەرماندەی لەشکری مهاباد مستەفا خۆشناو کەوت، ناو براو دیار بوو مرۆڤێکی وشیاری لی هاتوو بوو ئەوەی ئەیگۆت لەخزمەتی نەتەوەکەی بوو، دیار بوو زوو کەیفی هات لەکاتیکدا زانی ئەمن کیم، ناو براو زۆر بەڕیزەوە لەگەلم دووا وەخۆشی سەرپەرەشتی خولەکەی ئەکرد ماوەی خولەکە ٤٠ ڕۆژ بوو.

کاتیك زانرا قووتابی ئەنادرینە سۆڤیات بۆ خویندنی سوپای ئەمنیش ناونووس کرام بەلام ناوم دەرنەچوو بوو نامەیەکم لە ریگای رەیس عیزەت عبد العزیز نووسی بۆ پیشەوا زۆری پی نەچوو بانگ کرامە لای پیشەوا ئەوەی جیگای خۆش حالیم بوو ریزیکی زۆری گرتم بەدلنیایی رازی کردم نەرۆم بۆ خویندن لەبەر ئەوەی سوورپا پیویستی بەئیمە هەیە لەو دەمەدا زیاتر لە خویندن.

بەیانیەك زوو رەیس عزەت هاتە سەربازخانە ئیمەی کۆکردینەوە ئامادەی کردین بەئۆتۆمۆبیلەکانی سووپا بەری کەوتین بەرەو میان دوواو لەدەرەوەی شار ئۆتۆمۆبیلەکانی حەمەحسین خان و بارزانیش گەیشتنەوە ئیمەو رۆیشتین بەناو ئەو باغ و باغاتەدا هەتا گەینە نیزیك (ئازەر شەهر) لەناو باخچەکان دابەزین لەوی ئاگادار کراین کەپیشەوا لەتەوریز دەرکەوتووە ئەوا دیت، لەکاتیکا بەدیار کەوت عزەت ئیمەی ریز کردین پیشەوا گەیشت لەئووتمەبیلەکەی دەرکەوت و سە لامی لەئیمە کردو بەعزەتی گۆت : نابووا ئەو ئەزیەتە بخۆن.. لەو دەمەش دا مەلا مستەفا و حەمە حسین خان گەیشتە لای پیشەوا لەدووای بەیەك گەیشتن پیشەوا بە بارزانی گۆت : پیویست بەو ئەزیەتەی نەئەکرد ئەوەندە دوور هاتون.. بارزانی و پیشەوا لە ئووتمەبیلەکەی پیشەوا سووار بوون دوو جیبی سەربازی لەگەل ئووتمەبیلی (حەمە حسین خان) لەپیشەوە ئەرۆیشتن ئیمەش لەدوواوە ئەرۆیشتین، لەمیاندوواو لەسەر شەقام جەماوەریکی زۆر وەستابوون، پیشەوا دابەزی کوورتە دووانیك دووا زۆر بەگەرمی سووپاسی کردن لەوی بەرەو مەهاباد کەوتینە ری، هیوارە سەری رۆژئاوا

لەبەرامبەر قوونقەلا گەینە سەرەتای ئەو جەماوەرەی مەهاباد هاتبوونەپێش وازی بەشێوەیەك تیپ تیپ لەدەورووبەری ڕێگا وەستابوون بەدروشمە ڕازاوەکانیان و ئاڵای کوردستان، ئەو جەماوەرەی هاواریان ئەکرد(پێشەوامان قازییە لەشکرمان بارزانییە) تاریك داکەوت ئەوجا گەینەوە ناو شاری مەهاباد.

ئەوەی زۆری پێ دڵ خۆش بوو ئەوە بوو هێوارەیەك لەسەرباز خانە دابەزیمە شار و ڕۆیشتمە (باغی سەیسا) کاتێك دیم محمد قوودسی لەگەڵ دوو سێ برادەری دانیشتبوون بەبەرگی سووپای کوردستان ڕۆیشتمەلای ئەمنیش بەبەرگی سووپای بووم لەکاتێکا چاکووخۆێشم لەگەڵ کرد ناوبراو ئەمنی نەناسیەوە کاتێك پێم گۆت : ئەمن زرارم ئەوەی نامەی ئێوەم برد بۆ مێرگە سۆر دام بە (شێخ مەعروف) ئەوکاتە ناسیمیەوە، جارێکی تر ئەمنی گرتەوەباوەشی و بەبرادەرەکانی گۆت : ئەوە ئەوەیە ئەوەی باسم کرد لەرێزی سووپای عێراق ڕای کردوە کۆمەڵێك چەکی ڕفاندوە..

کاتێکی خۆشمان لەگەڵ بەسەر برد لە دووانەکەی پرسی : وربوو لەسەرنامەی من ئەزیەت درابووی لە عورفی کەرکوك؟.. بەڵێ وابوو بەلام هیچ نەبوو، پیان ئەگۆتم ئەتو ئەندامی (هیووای) ... لەگەڵ محمد مەحموود ...

لەدووای دا ناوبراو داووای لێ کردم لەگەڵ ڕێکخراوی نەوجەوانانی کوردستان کار بکەم پێم گۆت ئەوەجارێ لە خولی سەربازیم دووای قسەی لێ ئەکەین.

ئەوەندە ماوەی لەسەربازخانەی مەهاباد مامەوە چەند جارێك لەگەڵ مستەفا خۆشناو دانیشتم ئەتووانم بڵێم زۆر سوودم لەو دانیشتنانەی لەگەڵ ئەو مرۆڤە وشیارە بینی لەزۆر ڕووەوە ئەدووایین و دووانەکەی یارمەتی دەرم بوو. لەزۆرشت وشیار کرامەوە کەپێشان نەم ئەزانی ......

هەر ئەو هاش ئەو دوومانگەی لەخولی سەربازی بووم لەگەڵ محمدی مامڵێ بووین بەناسیاو ناوبراویش لەسەربازخانە لەخولێکی سەربازی بوو لەپلەی ئەفسەری بەرەژێر، ڕۆژ بەڕۆژ پەیوەندیمان بەتین تر ئەبوو.

ئەوەی زۆر گران بوو ئەوەبوو دەنگێکی دڵ تەزینمان پێ گەیشت ئەویش ڕاگەیاندنی سووتانی نوێنەری کوردستان لەوتوویژ لەگەڵ ئێران (محمدی ناناوازادە) بوو لەفڕۆکەدا سووتا جەنازەی هاتەوە مەهاباد لەو مزگوتەی لێ داندرابوو دەستە دەستە جەماوەر ئەڕۆیشتنە تازێ مانی بەشێوەی تایبەت پێشەواو کارمەندانی کۆماری کوردستان لەرێزی ڕێ ڕەوودابوون،لەکاتی ناشتنی لەسەر گۆڕی ئەو شەهیدە وتارێکی خووێندەوە ئەوەندە بەسۆز دووا بەشی زۆری بەشدار بووانی ناشتنی بوون

ئەگرییان، لەدووایدا سەربازەکان بەگوێرەی ڕەووشتی سەربازی تەقەییان کردو سروودی سەربازیان خوێندەوە !

لەدووای تەواو کردنی خولی سەربازی لەسەر داووای فەرماندەی ناوەندی سووپا عزەت عبد العزیز بە ڕێ کرام بۆ ئەو لژنەی دیار کرابوو کەلوپەل دابەش بکەن بەسەر ئاوارە بارزانیەکانی لەناوچەی نەغەدە و شنۆ و مامەش جێ نشین کرابوون، لەدووای تەواو بوونی خولی ناوبراو بانگی کردم لەدووای ڕێ نماییەکانی نامەیەکی داپێم ڕۆیشتمەلای شێخ سلێمان بارزانی دیدەنیم کرد لە مەهاباد ناوبراو زۆر بە ڕێزەوە لەگەڵم دووا ئەویش نامەیەکی دامێ بۆ خەیر الله عبد الکریم بەر پرسی هاتووچۆی گشتی بۆ ئەوەی دوو ئۆتۆمبیلی بار بەریمان پێبدات بۆگواستنەوەی کەل و پەلەکان لە مەخزەنی میاندوواو بۆ نەغەدە، هەر ئەوهاش نامەیەکی تری پێدام بو عبد الرحمان موفتی ئامێدی بەر پرسی مەخزەنی میادوواو، کاتێك ڕۆیشتمە لای خیر الله لەوێ نەبوو گۆتیان لەماڵی وەهاب ئاغایە ڕۆیشتمە ماڵی وەهاب ئاغا دیار بوو بەشی زۆری ئەفسەرەکان و هەندێ کارمەندی کۆماری ئەوانەی لە عێراق ڕایان کردبوو لەوێ بوون وام هەست کرد کەکۆبونەوەبێت لە بەینی خۆیان، خەیرولا نامەیەکی دامێ بۆ کارێژ لەکاتی ئەم ویست دەرکەوم و وەهاب ئاغا نەیهێشت برۆم گۆتی : کاتی نیوە ڕۆیە ئەبێ نیوەڕۆژ بخۆیت ئەو کاتەبرۆیت. ڕۆیشتمە میاندوواو شەو میوانی حەسۆ میرخان دۆلومەڕی بووم ناوبراو بەر پرسی نۆبەتدارەکانی ئەو مەخزەنە بوو ئەوەی کەل وپەلی ئاوارە بارزانیەکانی تێدا کۆکرابووە، بەیانی نامەی شێخ سلێمان بارزانیم دابە عبد الرحمن مفتی بەر پرسی مەخزەن ئوتمبێلەکانی بارکردن ڕۆیشتمەوە نەغەدە دەستمان کرد بەدابەش کردنیان بەسەر ئاووارەکاندا.

لەودەمانەی ئێمە ئەگەراین بەسەر ئاوارەکاندا ئەوەندەمان زانی کەوا مام عایزی حامەش دانیشتووی پەسووی بەنیازی بوو یاخی بێت و ئاژاوە دروست بکات بەڵام لەلایەن سوپای کوردستان و هێزە هاووبەشەکانی گەل زوو ڕاویان نا بۆی دەرچوو چووە پاڵ عێراق.

لەکاتی هێزەکانی کوردستان ئامادە بوو بەرێ ئەکران بۆلێدانی مام عایز شەو لەنەغەدە حمد اغای مێرگە سووری ناردی بەدووام دا ناوبراو ئەفسەرێکی پایەبەرزی سووپای کوردستان بوو لە هێزی بارزانەکان پێمی گوت هەر ئێستا چووار نۆبەتدارەکەی خۆت و (٦ مرۆڤی) تری بارزانی ئەبەیتو ئەڕۆیتە گووندی (شاوەلی)لەوێ بزانە ئەگەر هەستت کرد لەگەڵ مام عایزن چەکیان بکەن ڕێگا مەدەن

لەگووند دەرکەون ئەگەر پێیانەوە دیار نەبێت دەستیان لێ مەدەن لەوێبن هەتا ئاگادارتان ئەکەینەوە ... هەر لەو کاتە لە نەغەدە دەرکەوتین بەرپرسی (٦ بارزانییەکان) حاجك بووە بەری بەیانی گەیینە گووندی ناوبراو هەست نەئەکرا جەموو جۆڵێك هەبێت لەگەڵ ئەوەش دا نەمان هێشت کەس دەربکەوێت، مارفاغا هاتە دیوان پێمان گۆت دیارە مام عایز نیازی وایە شەڕی کۆماری کورد بکات، ناو براو گۆتی : ئێمە ئەگەر چی خزمی مام عایزین بەلاّم بۆ خەیانەت لەگەلّی نین ئێمە سووێند خۆری قازی محمدین خەیانەت ناکەین ... لەوێ ماین هەتا مام عایز ڕای کردو ڕۆیشتە عیراق.

لە کۆتای ١٩٤٦ هێشتا تەمەنی کۆماری کورد ساڵێکی تەواو نەکردبوو دەنگودۆڵ بلاّو بووەوە کەوا ئێران بەنیازە هێرش بکاتە سەر ئازربیجان و کوردستان، لەدوای ئەو

ڕاگەیاندنە خەڵك ئەهاتن داوایان ئەکرد بەڕێ بکرێنە بەرەکانی ڕووبەڕوو، کۆمەڵێکی زۆر لە نەغەدە کۆبوبونەوە سەید ئەحمەد چووبوو بۆ مەهاباد بۆئەوەی ئوتمەبیل بێنێ بەڕێ یان بکات بۆبەرەکانی سەقز و میاندوواو لەو کاتەش ڕاگەیەندرا کەوا لە ١٩٤٦/١١/٢٣ سووپای ئێران گەیشتە (زەنگان)سەید ئەحمەد ئەو ئوتمەبیلانەی هێنابووی خۆبەخت کەران بەڕێ بکات، ماڵی خۆی لێ بارکردبوو لەگەڵ کەل و پەلی حکومەتی کوردستان و بەرەو حاجی ئۆمەران ڕۆیشت و ئوتمەبیلەکانیش هی کارگەی شەکری میاندوواوبوون بردبوونی بۆ عێراق لە ١٩٤٩/١٢/١٣ گەینە (تەووڕێز) سەید لە مانگی یازدە گەڕاوە باوەشی حکومەتی عێراق !! لەجیاتی بڕواتە بەرەی ڕووبەڕوو!.

لەکاتێکدا سووپای ئێران پایتەختی ئازربیجانی گرتەوە لە ڕۆژی ١٩٤٩/١٢/١٣ هێزەکانی ئێمەش بەرەو مەهاباد کشانەوە لەگەڕانەوە هیوارەی ١٢/١٦ تاریك داکەوتبوو گەینە ناو شاری مەهاباد بە ڕاستی کاتێکی دڵ تەنگی غەم باری بوو ئەو شارە خۆشە ئەوەندە ئالۆز بوو باسی ناکرێت لە کاتێکا حمد ئاغا ڕۆیشتە ماڵی (پێشەوا)ئەمنیش لەگەلّی ڕۆیشتم کاتێك حمد ئاغا داوای لە پێشەوا کرد لەگەڵ ئێمە بێتە سەر سنوورەکان (پێشەوا)زۆر بەسۆزەوە سووپاسی حمد ئاغای کردوو گۆتی (ئەمن لێرە لە مەهاباد دەرناکەوم بەڵێنم پێ داون لە تاڵی و خۆشی لەگەڵیان بم نابێ بەجێ یان بێڵم) لەکاتی دەرکەوتن مان شەو زۆر درەنگ بوو پێشەوا بە حمد ئاغای گۆت (بنێرە لە سەرباز خانە ئەو چەکانە هەن ئەوەی پێتان ئەچێت بی بەن).

ئەوەی جێگای داخ و پەژارەبوو ئەوەبوو زۆر بەغەم  باری ماڵناوایمان لەو مرۆڤە مەزنە کردو لەلای دەرکەوتین، ١٩٤٦/١٢/١٧ سووپای داگیرکەر دەستی بەسەر مەهاباد دا گرتەوە !

تێبینی :ـ

ئەوە ی نووسراوە کورتەیەکە لە یادەوەریەکانم دەربارەی بەژدار بوونم لە کۆماری ساوای کوردستان لە مەهاباد بەو هیوایەم جێگای ڕەزامەندیتانبێت.

لەگەڵ ڕێزم هاوڕێتان/زرار دەرگەڵەیی

سەرەتای مانگی ١٠ی ١٩٩٨

# مافی گەلی کورد لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆی تارماییە بـــۆ ڕژێمە ڕەگەز پەرەستەکان

سابیر کەریم _ سدنی

کێشەی مافی گەلان گەورە بن یا بچووك لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان شتێکی نوێ‌نیە لە مێـژوودا ، بـەڵکو شۆڕشـی ئـەمریکی لـە کۆنگـرەی فیلادلفیـا لـە حوزەیرانـی ١٧٧٦ دا لەڕاگـەیاندنی سـەربەخۆی ئـەمریکا و، لـە شۆڕشـی فەرەنسـی لەساڵی ١٧٨٩ دا بانگەوازی بۆکراوە ، لەلایەکی ترەوە بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەم مافە لەکەلەپوری مارکس و ئەنجلس و ، لەدوای ئەوانیش لە شۆڕشی بەلشـەفی و سـەرکردەکانی بەدەرکـەوتووە، هـەروەها لـەنێوان ( ١٤)دە بنـەماکانی وێڵسـن ١٩١٨ دا و، لەبەڵگەنامـەکانی ڕێکخـراوەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و بڕیارەکـانی دوایـی‌دا لـەم بارەیـەوە ئامـاژەی پێـدراوە ، لینـین دەربـارەی مـافی نەتـەوەکان لـەدیاری کردنـی چارەنووسی خۆیان ووتی :_ ( مافی نەتەوەکان لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆیـان ، واتە مافی نەتەوەکان لەسەر بەخۆیی بەمانا سیاسی یەکەی و ، ئازادی جیابوونـەوەی سیاسی لەنەتـەوە چەوسێنەرە باڵادەست ڕۆشتووەکە ). ئەم مافە تەنها پـاوان نـی‌یـە بەگـەلێك یـان نەتەوەیـەك بێ‌ئـەوانی تـر بـەڵکو وادەگـەیـەنێ کـەمافی هـەموو گەلێکـە کەگیرۆدە بووە بەدەست جیـاوازی و چەوسـانەوەی ڕەگـەز پەرسـتی‌و نەتـەوەیی تـێ دەکۆشێت لەپێناوی ڕزگـار بوونـی و سـەربەخۆی سیاسـی و پێ شکەوتن ، ئەم گەلانە مـافی خۆیانـە ئـەو جـۆرە دەسـەڵاتە هـەڵبژێرن کەئارەزویانـە بێ‌دەسـت تـێ‌وەردان و فشاری زۆرە ملێ .

لەکۆتـای دەقی بەڵگەنامـەی ڕێکخـراوەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لەبـەرواری ٥ی ئایـاری ١٩٤٥ دا هـاتووە :_ ( پـەرە پێدانـی پەیوەندی‌یـە نێودەوڵەتی‌یـەکان لـەنێوان نەتەوەکاندا لەسەر بنچینەی ڕێزگرتن لە بنەماکانی یەکسان بوون لە مافەکانی گەلان و ، مافیـان لـە دیـاری کردنـی چارەنووسـی خۆیـان دا ، هـەروەها وەرگرتـنی کـرداری گونجاوی تر بۆ پتـەو کردنـی ئاشتی جیهان )، ئەمەش ئامـاژەپێکردنێکی ئاشـکرایە بـەوەی کـەپێش خسـتن وپتـەو کردنـی پەیوەندی‌یـەکان لـە نێـوان نەتـەوەکاندا و نەهێشتنی کۆگاکانی بارگرژی و شەڕ بەشێوەیەکی کاریگەر وابەستەیە بەجێ بەجێ

کردنی بنەماکانی یەکسانی لەمافەکانی گەلانداو ، مافیان لەدیاری کردنی چارەنووس دا .

لەبڕیاری سالی ۱۹۷۳ ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربارەی تێکۆشانی گەلان لەپێناو ڕزگاری‌دا هاتووە ( تێکۆشانی گەلان کە لە ژێر دەسەلاتی کۆلۆنیالیزم و بێگانەو دژ بەڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان ، تێکۆشانێکی ڕەوایە بە هەموو شێوەیەك دەگونجێت لەگەلْ بنەماکانی یاسا نێودەوڵەتیەکاندا . بۆیە هەرهەوڵدانێك بۆ سەرکوت کردنی ئەم تێکۆشانە ، کارێکە بەهاودژ دادەنرێت لەگەلْ بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و، جاڕدانی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و جاڕدانی بنەماکانی مافی مرۆڤ ... ، هەروەها هەڕەشەیەك پێك دەهێنێت بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی).

سەرەڕای ئەم دەق و بەڵگەنامەی ڕێکخراوەیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی ڕەوایەتی خەباتی گەلان بۆ وەدەست هێنانی ئازادیان و جیْ بەجیْ کردنی ئاواتیان ، لەم دونیایەدا و لە زۆر جێگەی جیاوازدا گەلان هەن تێکۆشانیان بەئاگرو ئاسن سەرکووت دەکرێت و دژیان سیاسەتی دەربەدەرکردن و تواندنەوە ، لەناو ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکان پەیڕەو دەکرێت . گەلی فەلەستین کەڕوو بە ڕووی دڕندەترین سیاسەتی ڕەگەز پەرەستی دەبێتەوە کە ئیسرائیل بەرامبەری پەیڕەوی دەکات و ، هەموو بەڵگەنامەو بڕیارە نێودەوڵەتیەکان کەپەیوەندییان هەیە بە تێکۆشان و سەربەخۆی گەلان تووڕ دەدات ، کەچی ڕێکخراوەی نەتەوەکان نەبزوتووە بۆ ئەوەی وابەستەبێت بەو پەیمان و بەڵگەنامەوبڕیارانەی وەری گرتووە دەربارەی ئەم مەسەلەیە ، چوونکە بۆتە ئالیەتێکی مل کەچ بەدەست سەرانی ئیسرائیل ، بەکاری دەهێنن و دەیجولێنن بەپیْی ئەوەی چۆن قازانجەکانیان واپێویست بکات . گەلی کورد کە چەندین سەدەیە لەژێر دەستی چەوساندنەوەو زۆرداری نەتەوایەتی‌دایە ، هەروەها لەژێر دابەش بووندایە لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە و ڕژێمە کۆنە پەرست و ڕەگەز پەرەستەکانیانەوە ،کەدژایەتی سادەترین مافەکانی مرۆڤ و ئازادیەکانی دەکەن و ،سیاسەتی تەعتیمی ڕاگەیاندن و شێواندنی ڕاستیەکان پەیڕەودەکەن و پڕوپاگەندەی ژەهراوی مەبەست دار بلاودەکەنەوە دژی گەلی کوردو ،بەدڕندەو ڕێگر دەیناسێنن ،هەروەها هەولی نائومێدانەیان داوەبۆبلاوکردنەوەی تۆوی ڕق وقینەودوژمنایەتی لەنێوان گەلانی ئەم وولاتانە لە عەرەب و فارس و تورك دژبەگەلی کورد ،تێکۆشانەکیشی وانیشان دەدەن دژی بەرژەوەندی ئەم گەلانەیە و مەترسیی‌یەکی ڕاستەقینە پێك دەهێنێت بۆسەر

ئاسایشیان لـە ئاییندەدا !، سـەرەڕای ئـەم هـەموو هەوڵانـە ،ئـەم ڕژێمانـە نـەیانتوانی بـارێکی دژوار بەرامبـەر بەگـەلی کـورد بخوڵقێنـن و ،ئـەو گەلانـە بگلێنـن بەشـەڕکردن ودژایەتی کردنی کـورد بـەڵکو پێچەوانەکـەی ڕاسـتە ، لـەنێوان ڕیـزی ڕۆڵـەکانی ئـەم گەلانەدا بزوتنەوەو ڕێکخراوەو پارتی سیاسی هەیە کەتێڕوانین و هزری ڕزگاری خواز و پێشکەوتن خوازانەیە و ناکۆکە لەگەڵ ئـەم ڕژێمـە دیکتاتۆرانـە کـەدژن بـەئازادی و پێشکەوتن ، ئەم ڕێکخراوانە پشتگیری تێکۆشانی گەلی کورد دەکـەن ،هـەروەها ئـەو سیاسـەتە ڕیسوادەکەن کەدەرحـەق بـەکورد ئـەنجام دراوە ، بریتیبـووە لـە سیاسـەتی تواندنەوەو قڕکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەو شارەکانی کورد و بەکار هێنانی چەکی مۆدرێنی کوشندە ، لە گازی کیمیاوی و کرداری ئەنفال و شاڵاوی هـەوای و سـەربازی بـەرفراوان بۆسـەر هـەر بەشـێك لـە کوردسـتان لـەنێوان مـاوەی جیـاوازدا بەمەبەسـتی لـەناو بردنـی بزوتنـەوەی ڕزگـاری خوازیتیـیدا بەهەماهـەنگی و نەخشەکێشان و هاوکاری لە نێوان ئەم وڵاتانـەدا ، کەلـەنێوان خۆیانـدا لەسـەر هیچ شتێك ڕێك ناکەون تەنها لەسـەر سەرکوت کردنی گەلی کورد نەبێت و ، لەناو بردنی هـەموو دەنگێـك کەبانگـەوازی مافیـان دەکـات لـەدیاری کردنـی چـارەی خۆنوسـین . تێکۆشانی کورد ناڕاستەنەکراوە دژی گـەلانی ئـەم وڵاتانـەدا لـە (عێـراق و ئێران و تورکیـا و سـوریا)دا ،هـەروەها تـرس و هەڕەشـەیەك پێـك نـاهێنێت بۆسـەر بەرژەوەندیەکانی ئەم گەلانـە ، بـەڵکو ئـەوەی ڕاستە کوردستان دەبێتـە قووڵاییـەکی ستراتیژی بۆیان . گەلی کورد دڵنیایە لـەوەی ڕزگاری هـەرگـەلیك پالپشتە بۆ خـەباتی گـەلان و هاوپشتـییە بـۆ تیکۆشـانی و تەسـك کردنـەوەی بازنەکانـە لەسـەر ڕژێمـە کۆنەپەرستەکان و پاشانیش لەناو بردنیەتی و ڕزگارکردنی چەند ناوچەیەکی جیهانە لەکۆگای بارگرژی لـەنێوانیان دا ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست کەبۆتـە هەڕەشـە بۆئاسـایش و ئاشـتی بـەهۆی بوونـی بنکـەی پـاپۆرە جـەنگیو سـەربازانی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا لەناوچەکـەدا . بـە تەنـها باسـکردنی سـەربەخۆیی و دامـەزراندنی قـەوارەی سیاسـی بۆکوردان لەسەر خاکی نیشتیمانەکەیان (کوردستان) و نەهێشتنی ئەو پارچە بوونـە دەسەلاتداران لەو وڵاتانە عـەقڵیان لەدەست دەدەن و هۆشیان لایخۆیـان نـامێنیت ،بۆیـە چەندین بوختـان هەڵدەبەستن بۆهـەر کەسـێك کەپشتگیری کیشـەی ڕەوای گـەلی کورد بکات ،وای لەقەڵـەم دەدەن کەدەست تیوەردانـە لـەکاروباری نـاوخۆو هەڕەشەیە بۆسەر ئاشتی هەریمایـەتی و یـەکیتی نیشتمانی !، لەوکاتـەی ئـەوان یەکـەم کەسـن

دەستی بیگانە ئاوالە دەکەن بۆدەست تیوەردان لەکاروباری ناوخۆ لەریگای کردارو هاتووچۆ کردنیان بەدریژایی وولات .

ئەم ئاوازە ،دەسەلاتدارانی سەرکوت کەرو سەرانیان دەیلینەوە هەرکاتیك دیتیان بەرژەوەندیو دەسەلاتیان لەمەترسی دایە ،بەهۆی زەبری گەلانی شۆرشگیر ،ئەم گەلانە درەنگ یان زوو سەرکەوتن بەدەست دەهینن و ئەم دەسەلاتدارانە فریدەدەنە زبلدانی میژووەوە .

کاتیك کیشەی سەربەخۆیی جەزائیر لە سالی ۱۹۵۵ خرایە بەردەم کۆمەلەی گشتی (UN) ،نوینەری فەرەنسا نارەزای دەربری لە ریزبەندی کردنی ئەم خالە لەبەرنامەکانی کاردا ، بەبیانووی ئەوەی کەکاروباری جەزائیر کیشەیەکی تایبەتمەندی ناوخۆی فەرەنسایە ، هەروەها لەکاتیکدا کەنەتووە یەکگرتووەکان هاتە ناو کیشەی بەکارهینانی چەکی کیمیایی لەلایەن عیراقەوە ، وەلەسەر داوای ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داواکرا لیژنەیەك بنیردری بۆ عیراق بۆ لیکۆلینەوە لە هەوالەکانی بەکارهینانی چەکی کیمیایی لە دژی کوردەکان لە کوردستانی باشوور لە ئاداری ۱۹۸۸دا، عیراق داواکاریەکەی رەت کردەوە بەبیانووی ئەوەی کەئەم کیشەیە دەچیتە کیشەکانی ناوخۆ ، لیرەوە رۆلی کاریگەرو چالاکی گەلانی ناوچەکە بەدەردەکەویت ، کەپەیوەندیەکی بەتین دەیان بەستیتەوە بەگەلی کورد لە زۆر بوارەوە ، فشار خستنە سەر رژیمەکانیان بەمەبەستی تیگەشتنیان لە کیشەی کورد و رووە راستەقینەکەیو رەوایەتی مەسەلەکە، ئەمەش لە ریگای کەسایەتیو ئەحزابی نیشتمانی پیشکەوتن خواز دەبیت کەدەنگیان بەرز بکەنەوە و ،پشتگیریو هاوکاری مافی گەلی کوردبکەن لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆی کەکۆتایی دەهینیت بەخوین رشتن و خاپوور کردن ،کەئەم رژیمانە لە پشتەوەی دەوەستن و، کورد دەچەوسیننەوەو لەلایەك و لەهەمان کاتدا گەلانی خۆیان بەکۆت و بەند دەبەستنەوە ،لیرەوە پتەوکردنی تیکۆشانی گەلی کورد و هاریکاری کردنی لەگەل تیکۆشانی ئەم گەلانەدا و ، بزوتنەوە نیشتمانی و پیشکەوتنخوازەکانی تاکە زامنە بۆسەرکەوتنی هەردوو لاداو ، لە هەمان کاتدا ری گرتنە لەبەردەم هیزە هەریمایەتیو نیودەولەتیەکان یاری بەکیشەی کورد بکەن و، لەریرەوە راستەقینەکەی خۆی لای بدەن . تیکۆشانی گەلی کورد هەرەشەنیە بۆسەر هیچ کەس ، یان داگیرکردنی خاکی یان فراوانکردنی سنووری خۆی یان دەست بەسەراگرتنی سامان و داهاتی خەلکانی تر و ،بی بەش کردنیان لەو داهاتە ، بەلکو ئەم تیکۆشانە بەتەنها تارمایەکی ترسناکە بۆرژیم و

دەسەڵاتدارەدیکتاتۆرەکان، کەتووشی هەڵچوون دەبن لەبیستنی وشەی کوردو کوردستان و، پێیان خۆشە بەم شێوەیە بمێننەوە وەك مانگایەکی شیردەر و گەلەکەی وەك کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و،بەبێبەش بێت لەسادەترین مافەکانی مرۆڤ .کاتی ئەوە هاتووە سەرجەم نیشتمان پەروەران و پێشکەوتنخوازان لەناوچەکەو جیهان دا و، ئەوانەی پشتگیری لەمافەکانی گەلان و ئاشتی دەکەن ، بۆچوون و هەڵوێستیان ڕابگەیەنێن بەرامبەر بە کێشەی کورد ،لایەنی ڕاستی و ئامانجەکانی دەربخەن تارمای‌یەکانی برەوینەوە ، شێواندن و بوختانە بۆ هەڵبەستراوەکان لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەسەڵاتدارانەوە ڕیسوابکەن، هەوڵێکی زۆر ئەدەن بۆ ئەوەی بزوتنەوەی کوردان بەترسناکترین بزوتنەوەی (یاخی‌بوون و کەرت خوازی‌یە) بخەنەڕوو، کەگەلانی ناوچەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و ئەگەر سەرکەوتنی شانس بوو ئەوا دەبێتە (ئیسرائیلی دووهەم !).ئەم بوختان و قسە ناڕەوایانە بەرامبەر بە تێکۆشانی گەلێك دەکرێت ، کەسەرژمێرەکەی لە(٣٠) ملیۆن مرۆڤ تێپەڕدەکات و ڕووبەری زەویەکەی بەقەدەر ڕووبەری فەرەنسا مەزەندەدەکرێت ، بۆیە ئەم قسانە ناتوانێت کەس لە خشتەبەرێت ، تەنها لە شۆڤێنست و ڕەگەز پەرەستەکان نەبێت ،وەئەگەر کاری‌پێکرا ،ئەوا بۆماوەیەکی دیاری‌کراوە دەبێت چونکە پەتی درۆ کورتەو ،لەتوانادا نی‌یە هەتاسەر ڕاستیەکان لەبەردەم چاوی گەلان بشاردرێتەوە و دەمیان دابخرێت ! . ئایا گەلی عەرەب و تورك و فارس چی دەچنێتەوە لەبەردەوامی شاڵاوی سەرکوت کردن و لەناوبردن دەرهەق بەگەلی کورد ؟.

هاریکاری گەلی عەرەب کەبەرجەستەبوو لەکۆنگرەی دیالۆگی عەرەب _ کورد کە لە نێوان ٢٧_١٩٩٨/٥/٢٨ بەسترا بەسەرۆکایەتی ئەحمەد حەمروش ی‌نووسەر و سەرۆکی لیژنەی هاریکاری‌یە ،کەڕێکخراوێکی ناحکومیە ،ئەم لیژنەیە داوەت نامەی ئاڕاستەکرد بۆ کۆمەڵێك لە وولآتانی عەرەبی‌و حزب و کەسایەتی‌یەکان، سەرەڕای حزبە کوردی‌یەکان و سەرکردەکانی بۆ ئامادەبوون لەم کۆنگرەیە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو گفتوگۆکردنی لەسەر پەیوەندی‌یەکانی کورد و عەرەب لە مێژوودا و ،دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆئەوکێشانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم بنیات نانی پەیوەندی‌یە دیموکراتیەکان لە نێوان هەردوو گەل دا ،بەوەی کە کێشەی کورد بەلای هەموو عەرەبەوە گرنگەو باوەڕهێنان بەم کێشەیە بەتەنها کێشەیەکی عێراقی نی‌یە .

هەروەها ووتی (ئەم کۆڕە یەکەم کۆڕە کەئامانجێتی پەیوەندی‌یەکی باش لەنێوان کورد و عەرەب پێك بهێنن و کێشەکانمان ڕون بکاتەوە ،هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە

قاهیره پێش سەد ساڵ لەمەوبەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان بەخۆوە دیی).بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە وولاتێکی عەرەبی کەقورسای و ناوەندێتی خۆی هەیە ، ئەوە دەگەیەنێ کەکێشەی کورد ئاستەنگ و سنوورەکانی بەزاندووە و بێدەنگی ڕاگەیاندنی بڕیوە و ، بۆتەکێشەیەك پەیوەندی دارەبە گەلانی ناوچەکە لەدۆزینەوەی چارەسەرێکی واقیعانەو ڕەوا بۆیی ، نەك لەسەر ئاستی ڕەسمی بەڵکو لەسەر ئاستی جەماوەری میللی، وێڕای دژایەتی کردنی هەندێ لەنەتەوە پەرست و توند ڕەوەکان و هەوڵدانی عێراق و تورکیا بۆ پەیڕەوەی کردنی فشارو ، دانانی ئاستەنگ لەبەردەم بەستنی ئەم کۆنگرەیە ،بەبیانووی ئەمە دەست تێوەردانە لەکارو باری ناوخۆی عێراق . ئەم دەست پێشخەریە دڵسۆزانەیە بێگومان ڕێگا خۆش دەکات لەبەردەم کەسانی تر لە حزبە نیشتمانیو پێشکەوتووخوازەکان و کەسایەتی‌یە نیشتمان پەروەرەکان و بۆنەوەی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و کاریگەری خۆیان پەیڕەو بکەن لەناوەندە میللی و نێو دەوڵەتی‌یەکان بۆچارەسەرکردنی کێشەی کورد بەپێی ئیرادەو تێڕوانیەکانی گەلی کورد ،بەم شێوە بە هاوکاری و هاریکاری لەنێوان گەلاندا زامنی سەرکەوتنی هێزە خێرخوازەکان و ئیرادەی گەلانە ،بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاشتی و تێك شکاندنی نەخشەی ڕژێم و دەسەڵاتدارەکانیان دژ بەگەلەکانی خۆیان .گەلی کورد لە ڕەوتی تێکۆشانیدا پێشکەوتن بەدەست دەهێنێت ،هەروەها سۆز و پشتگیری گەلانی دۆست و ڕ ێکخراو و حزب و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە ناوچەکە و جیهان ،بەدەست دەهێنێت ئەمەش لە ڕێگای پێکهێنانی پتەوترین هاوپشتی و درووست کردنی ئەو ڕایەڵانەی کەلەتوانایاندا یە فشارێکی زیاتر و زیاتر بخاتە سەر ڕژێمە کۆنەپەرستەکان ،بۆ ئەوەی گوێبگرن بۆ ئیرادەی گەلی کورد و دان بنێن بەمافی لەدیاری کردنی چارەنوس دا ...

# تورکمان
# دێرۆک و نێولێنان
## Turkman

کەریم زەند

**تورکمان**

**نێولێنان _** Turk +Man _

**تورکمان_ تورك+مان_ ئوغز_ ئاغوز_ رووسپی_ ئازاد_ ئۆغزخان_ باپیرەی تورك.**



گەلی تورك زمانی ناوەندی ئاسیا، ڕەگ وریشەو نەژاد دیان ئەگەڕێتەوە بۆخێلانی _ ئوغور _ غز_لەچاوگی مێژووی ئیسلامیدا، لەگەڵ خێلی تردا لەزەوی وخاکی مەنگۆلیا_ غز_ ئۆغز_ گەلی دەشتەکی ڕاوو ڕوت و تالان وبڕۆ، هێرش وهەڵمەتبەر،بەمەڕو ماڵاتەوە ڕوویانکردۆتە نێوانی ئۆڕات و کەزبین لەناوەڕاستی سەدەی (١٠)یەم .بەرەو خۆر ئاوا،تێکەڵ بەکەلتورو فەرهەنگی ئیسلامی بوون وپابەندی ئاینی ئیسلام بوون .

ئۆستاندارێکی چەرخی جێنشینی ئەمەوی بەکۆمەکی چەکدارانی تورکمان بەمەبەستی کاروباری خۆیی وداردەستی تورکمانی جێگیرکرد لەباشوری ئێراق ،لەگەڵ سەرهەڵدانی سەلجوقی لە خاوەرداو دەست بەسەراگرتنی پێتەختی جێنشینی ئەباسی لەبەغداد وداگیرکردنی چەند بەشێکی خاکی (تورکیا) ی ئێستا کە_ کەپێیی ئەگوترا _ شانشینی بێزەنتی کریستیانی.

بەشێکی ئەم تورکمانانە بوون بەپاشکۆی سەلجوقی، ڕویان کردە ئێران و ئازربێجان، بەچیاکانی کوردستان و ئەرمەنستان تێپەڕین. ئوغوز _ تێکەڵ بە کورد بوو.

ئەم ووشەیە _ ئەم نێوە _ ئوغز _(تورکمان) _لە زمانی کوردیدا و بە لای کوردان بوو بە باو بەسەر پاشماوەی ئوغزدا دابڕا، ئەوا نەشی گرتەوە کەلە ناوەندی ئاسیا دەژیان و خێڵانی ئوغوز بەگشتی.

لە چەرخی میرنشینی زەنگی _ ئەتابیگی لە دوورگەی عەرەب و شام و هەولێر لەچاخی سەلاحەدینی ئەیوبیدا،تورکمان بوونە هێزێکی سەربازی. بەشداری جەنگی خاچەکان بوون شان بەشانی کورد و ئارەب.

کەرت و تیپێکی تورکمان _ ئاق قۆینلو _ مەڕە سپی _ ئالا و ئارمو دروشمی مەڕەسپیو مەڕ ە ڕەشیان بەرزکردەوە،ئاق قۆینلو،قەرە قۆینلو _لە کوردستان و ئێران و ئێراق دا لەسەر دەمی عەباسی‌دا فەرمان ڕەوایەتی چەند شارێکیان کەوتە دەست. مرۆی خێڵانی تورکمان زۆرینە بوون لە دەوڵەتی ئوسمانیدا.

تورکمان :_

بەچەند زاراوە شێوازی زمان قسەو گفتوگۆ دەکەن و ئەو تورکومانانەی لە شوێنانی تر دەژین لە ڕووی کلتوورو باری کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە لەو تورك نشینانەی تورکیای ئێستا، تورکمانی ئازەربیجان، ئاینزای جەعفەری _ شیعە گەرییان پەسەند و بە گەنکرد، پابەندی بوون دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی لە ئێران.

بەشێوەیەکی گشتی تورکمان، دابەش بوون بەسەر مەزهەبەکانی ئیسلام هەندێکیان بوونە سونە و هەندێکی تر شیعە.

ئوسمانی‌یەکان بۆ کاری ئاسایش و پشتێنی ئەمنی خۆیان هەندێك لەتورکمانەکانیان هێنایە ئێراق و نیشتەجێیان کردن لەناوچەی پچرپچڕ، هەندێك لە خوارووی موسل و هەندێکی تر لەکەرکوك. هەروەها هەندێکیان لە ئەنادۆڵ ، حەلەب لە سوریا، لە ئێرانیش لە (خوراسان)و لە ناوەندی ئەفغانستان نیشتەجێبوون.

کۆماری تورکمانستان لە ١٩٢٤ دا مەزراوە لەسەردەمی یەکێتی سۆڤێت، پێتەختەکەی ئەشقەبادە، سەرژمێریان لە (٦) ملیۆن کەس پترە، تورکمان سونی ٦٥٪ کۆی‌گشتی‌یە، لە دۆڵی ڕوباری ئامرداریا و مرغاب، نیشتەجێ بوون و جێگیربوون،

چۆڵی قەرە قوم، زەوی کۆماری گرتۆتە خۆ، کەئەکەوێتە کەنارەکانی دەریای کەزبین _ بیابانی کەرەکۆم.

<u>وشەی تورکمان _ Turkman</u>

ترکمان _ ترکمن _ تورکمان _ تەرکەمان _ تورکمانند

١/ تورکمانەندی فارسی _ تورکئاسا _ نیمچەتورک _ ئیسلام بوونی خێڵی تورک ئیمان _ خێڵیئۆغوز _ سەدەی (١١)ز _ ئەم ناوە چەسپاوە _ تورک ئیمان _ تورکماننند _ مانند تورک _ بۆچونی تر هەیە _ تەرجمان _ وەرگێڕ _ تەرجمانی نێوان ئارەب و تورکی موسڵمان _تیرەیەکی ئێران نیشتەجێ لە گورگانو تورکمان سەحرا لە هۆزە ناودارەکانیانن یمون، کوکلانە _تورکمانستانی ڕوس پەیرەوی ئاینزای سونە و زمانی تورك _ وەك لە فەرهەنگی عەمید _ حەسەن عەمید _ بەرگی (١)دا هاتووە.

تورکمان لە ووشەی خێڵی قومانی سەلجوقییەوە هاتووە، بووە بە تورکمان _ بە پێی ڕێزمانی تورکی _ تورك+مان _ یاخود مەن _ ئەم پاشگرە لە زمانی تورکیدا واتا، گەورەیی، مەزنی، زۆری، بێپایان، بەکاردێت.

٢/ <u>ڕەچەڵەك</u> : ئەوتیرە و خێڵە تورکمانەن کە لە ئاسیای ناوەندەوە، لە قۆناغی جیا جیادا، بە چەند هەنگاوێك لە خوراسان و دەڤەرەکانی جێگیربوون، لە پاشدا بوون بە ئیسلام، بەرەو ئەنادۆڵ و ئێران و خاوەرمیانە، کشاون و شۆڕبونەتەوە، بەو بۆچوونە کەتورکمان ئەچنەوەسەر خێڵی ئۆغۆز _ کەلە ئاسیای ناوەندەوە کۆچیان کردووە _ بوون بە دوو بەشەوە.

بەشێکیان بە کۆچەری ماونەتەوە بەشەکەی تری لەشارەکاندا جێگیر بوون.

ئەو تورکمانانەی بون بە موسوڵمان، کەوتنە جەنگ و شەڕەوە لە بەرامبەر ئەو تورکمانانەی کەنەبوون بە ئیسلام.

لەدوایدا _ ئۆغزان _ بەرەو وولاتی _پەچەنەك _ Pachanek _ نزیك لێواری دەریای ڕەش _ چوون، لەوێوە گواستیانەوە، بڵاوبوونەوە بە وولاتە ئیسلامیەکاندا، چەند دەوڵەت و میرنشینیان دامەزراندووە.

ئۆغوز : ناوی ئیمپراتۆر _ شانشینی تورك _ ئۆغوز خان _ ئەو ناوەی پێبەخشراوە، تیرەکانی ئەم خێڵە (٢٤)نەوەی ئۆغوز خانی لێکەوتۆتەوە _ ئوسمانی _ سەر بەتیرەی قایی _ Kayi ئەم خێڵەن.

٣/ نیشتەجێبوون : _ تورکمان لەچەرخی سولتان مورادی (٤)مم(١٦٣٨)، لە دوای تێکشکانی سوپای سەفەوی لە ئێراق بەدەستی هێزەکەی بەشێك لەو هێزە مایەوەو نیشتەجێ کران بەمەبەستی جیاکردنەوەی هێڵی نێوان کورد نشین و ئارەب نشین، هەروەها هێڵی پەیوەندی نێوانی ئوستانە تورکەکانی باکورو ئوستانەکانی باشوری ژێردەستی ئوسمانی بێت، بەمەبەستی پاراستن و ئاسایش لەدەڤەرەکەدا.

سەلجوقیەکان ویستوویانە بەلای خۆیاندا رایان کێشن، لەکاتی هاتنی توغرۆل بەگ بۆ ئێراق.

٤/ کۆچ : ئەرشەد هورمزی ئەڵێ _ بە قۆناغ هاتوون ساڵی (٥٤)ی‌کۆچی _ ئەبدولآزیاد دووهەزار تورکی _ تورکمانی هێناوە بۆ بەسرەو نیشتەجێبوون.

ئەم تورکمانانە لە سوپای ئەمەوی‌و ئەباسی خزمەتیان کردووەو بەشداربوون، چەندین جێنیشینیان هێناوەوخزانۆتیانە ناو سوپاکانەوە، ئەمە قۆناغی یەکەم.

قۆناغی دووەم _ چەرخی سەلجوقی و نیشتەجێکردنی تورکمان _ ١٠٥٥ _ کە(تۆغرول بەگ)پێی خستە ناوشاری بەغداوە، تورکێکی زۆر لەم شاڵاوەدا هاتوون و جێگیربوون.

چەرخی سەلجوقی لە ئێراق _ ١١١٨ _ ١١٩٤ _ئاتابیگی مووسل _چەند دەوڵەت و میرنشینێکی گرتۆتە خۆ، دوا دەوڵەت _ ئاق قۆینلو _پایندەری _ ١٥٠٨ _ لەسەر دەستی ئیسمائیل شاهی سەفەوی کۆتای پێهات.

سێهەم قۆناغ _ ژمارە زۆر کردن _ تورکمانی سوپای (سلێمان قانونی)، ١٦٣٥ نیشتەجێکران. تورکمان مرادی ٤ _ لە کوردستان دا جێگیرکران.

بەپێی ئەو ئامارانەی لە ئێراقدا کراون، بەتایبەتی ئاماری ١٩٥٧ _ رێژەی دانیشتوانی کورد لە پارێزگای کەرکوك (٧٥٪) دانیشتوان بووە، ئەوەی ئیشارەتی پێ بدرێت کەلە(٢٥٪)ی تر لەعەرەب و تورکمان و کەمینەی دیکەبوونە، بەم شێوەیە

دەردەکەوێت کەبوونی تورکمان لەم ناوچانەی باسی لێ وەدەکرێت، بەتایبەتی لە کەرکوک ڕێژەیەکی ئێجگار کەمینەبوونە.

پوختە : هەردوو ووشەی تورکمان و غز یەك دەربڕینە لەچەرخی دەسەلاتی سەلجوقیدا لە مێژووی سپستاندا بەهاتنی سەلجوقی بۆ ناو سجستان ٤٢٨ ك _ ١٠٣٦ ز _ ووشەکە لە مێژووی نەبوو فەزلێ بهیت ٤٧٠ _ ١٠٧٧ ئاماژەی بۆ سەلجوقی کردوە، هەروەها بۆ تورکمانیش، ڕەنگە غزی تورکمان بەر لە سلجوقی هاتوون، دوای شالاویان. زەین ئەخیار ئەلێ _ غز سالی ١١١٥ بەسەلجوقی وتووە تورکمان. مێژوو ناسان تورکمان و غزیان جودا کردۆتەوە وەکو (مینۆرسکی) کەئەلێ _(سەلجوقی بۆ ئەوەی خۆیان لەخێلانی غز جیا بکەنەوەو لەو خێلانەش کەبەرهەلستیان بوون و سولتان سنجەریان بەدیل گرت). ١١٥٣ _١١٥٦ . لە نووسراوەی (تناول قبائل الترك)، دانەری مروزی _ ٥١٤ ك _ ١١٢٠ ز (بەتورکمانی ئیسلامی وتووە _ غز، کاتی جەنگی نێوانیان گرووپی بەرەو خوارەزم کۆچیان کردووە بۆ دەڤەری بجنك _ لەمەوە مینێۆرسکی بۆی چووە _ هاوجووت بوونی ئیسلامی بوونی غزە).

کۆنترین ووشەی تورکمان _ نوسراوەی احسن التقاسیم _ هی جوگرافی ناسی مەزنی ئارەب _ مەقدیسی بەشاری _ (٤)ی‌ك، باسی شاری برزکتۆبلاجی کردووە، کە گوزرگەی تورکمانی ئیسلامی بووە ل ٢٧٤ _ ل ٢٧٥ ئەلێ (شای تورکمان فەرمان ڕەوای ئەو دوادیاری ناردووە بۆ خاوەنی شاری سیرام _ ئەسپیجاپ).

تورکمانند _ وەك تورك _ لە نوسراوەی مەحمود کاشقەری _ دیوانی زمانی تورك _ سالی ١١١٥ .

مێژوو نووسی مەگۆل _(بەگرووپی غزی کۆچ کردووی ناو بردووە).

تاجیکی پێی وتوون _ تورکمان _ دانەرێکی تر ئەلێ _ تورك _ ئیمان _ تورکی ئیسلام.

فەرهەنگی عەمید ئەلێ _ ترك Turk _ تیرەیەکی مەزنی نەژادی زەرد لە کۆندا لە تورکستان و باکوری چین نیشتەجێبوون، مەگۆل ریشتەیەکەلەوان. سەدەی (٦)ی‌ز

کۆچیان کردووه بۆ ئێران و ئاسیای بچووك و هەندێ دەڤەری ئەورووپا، ئیستا لەوێ ئەژین. وەکو ئوسمانیو تورکمان و ئۆزبەکۆقرغیز، شێوەی ئاخاوتنی جودا، تورکی ئازەری لە ئازربێجان و خەمس و قەزوین، زمانی تورکی لەدەسەڵات دارێتی غز و تاتەرەوە لە ئێراندا، پەرەی سەند.

لەو ئامار و سەرژمێرانەی کراون،_ تورکمان _ ١٣٦,٨٠٦ کەس بووەلە ئێراق. رژێمی ئێراقی، هەوڵی زۆری داوە بۆگۆڕینی شێوەی دابەشبوونی دانیشتوان لە ڕووی ئیتنۆگرافیا و دیموگرافیاوە بەتایبەتی لەکەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری، ئەگەر پێشتر ئەم سیاسەتە بە زۆری دەرحەق بە کورد کرابێت ئەوا ئێستا تورکمانەکانیشی گرتۆتەوە. جگەلەم نووسینە دەربارەی تورکمان لە ئێراق زۆر بیرو ڕای تریش هەن لەوانە هەنە دەڵێن بوونی تورکمان بەشێوەیەکی میوانداری‌یە لە کوردستان.

## کێشەی تورکمان _ لە عێراق :

ئەم مەسەلەیە بەستراوە بەسەرکەوتنی بزافی ڕزگاری نیشتمانی گەلی کورد، وڵێ دابڕاو ناکرێت. بەم شێوەیە کێشەی هەموو کەمینەکانی‌تر دەچنە نێو چوارچێوە گشتی‌یەکەی کێشەی کوردەوە، گەشتنیان بەمافە ئیداری و ڕۆشنبیریەکان تەنها لە سایەی گەشتنی گەلی کوردە بەمافە نەتەوایەتیو نیشتمانی‌یەکانی.

جگە لەمانە تورکمان بۆ هاوکاری کردن پەنا بۆهەر جێگایەکی ترببەن، ڕەنگە زیانیان پێبگەیەنێت و خزمەتی کێشەکەیان نەکات، بۆیە پێویستە لەناو هاوکێشەی کوردەوە برەو بەخەباتیان بدەن.

## چاوگ :


١/ ئەرشەد هورمزی. و/ کاروان ئەبدولا _ گۆڤاری _ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی _.

٢/ سەرچاوەو چاوگی‌تر _ ڕۆژنامەکوردی‌یەکان _ نووسینەکانی مێژووناس مامۆستام _ جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی.

٥/ فەرهەنگی عەمید _ حەسەن عەمید بەرگی _ ١.

٣/ کەریم زەند _ جوگرافیای کوردستان _ دەست نووس.

٤/ مجلة الأدب التركماني _ د . س أحسن _ ترجمة د. حسين علي داقوقي.

٦/ شجرة الترك _ أمير خيوة.

٧/ گلشن خلفا، تورك تاريخى.

# دیموکراسیەت وەك چەمكێكی سوسیۆلۆجی و ئەپستمۆلۆجی

ئازاد خدر

دیموکراسیەت وەك چەمکێکی مێژوویـی و سوسـیۆلۆجی پێش هـەزارەها سـاڵ هەیەو شێوەی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە.ئەم شێوە جـۆراو جۆرەش بـەند بـووە بەبـەرژەوەندی سوسـیۆلۆجی وئـابووری مـرۆڤ. دیموکراسـیەت لەجەوهەرەکـەیدا نموونەی بەرزی یەکسانی یە و ئەوڕژێم ودەزگایانەش کە بە دیموکراسیەت ناسراون ئەوانەن کە بایەخ بە یەکسان بوونی ڕۆڵەکانیان داوە لـەبوارە جیا جیا کانی کۆمـەڵ (ئابووری وکۆمەلأیـەتی و ڕامیاری و......هتد) بۆ بـەدی هێنـانی بەختـەوەری خـودی مـرۆڤ وکۆمـەڵ . دیموکراسـیەت بـەو مانایـە بانگێشـەیە بـۆ یەکسـانی و زانینـی و پێناسەکردنی بەختـەوەری خود و بەسـتنەوەی بـە بەختـەوەری کۆمـەڵ .بـەو پـێ یـە دیموکراسیەت بۆچوونێکی ڕامیاری نیەو نەبووە تەنها لەپێناسەکردنی لیبڕالی نەبێ بۆ دیموکراسیەت .واتە دیموکراسیەت چەکێك بووە بە دەست هـەژارو چەوساوەکان بۆ بـەدی هێنـانی جیـهانێکی باشـتر و بۆدەسـتە بـەرکردنی مافـە کۆمەلأیـەتی و ڕامیاریـەکانیان لەبەر ئەوە هـەر-ەم ململانـێ ی لەسـەر بـوە لـەنێوان دەسـەلأت داران و کۆمەلأنی خەڵك .دیموکراسیەت وەك شتێکی ماتریالی و ڕوحی بەرچاو و پێویست بۆ مرۆڤ لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمنیۆڵی (مشاع)بووە. ئـەم کۆمنیۆڵـی یـەش بەشێوەیەکی خۆڕسك و بێ مـەرج بوە بەهۆی هـێزی ئەریتـەوە لەسـەرەتای مێـژووی مرۆڤایەتی و بەهۆی گەشەی سروشتی ژیانی مرۆڤ و سروشت لەوکاتە دێرینـەدا کـە کۆمـەڵ بەهـەموو ئەندامەکانیەوە بەرووبومی ماتریـالی و ڕوحـی یـان بەرهـەم دەهێنـا. لەوکاتانـەدا هێزی خێڵ بالأ دەست بوو. وەبەگەشەکردنی کۆمـەڵ واتـە لـەقۆناغێکی بەرزتر لە خێلأیـەتی وکالأبوونی پێویستی یەکانی کۆمـەڵ ململانـێ دروسـت بـوو لـە نێوان خێڵەکان بۆ ئەوەی بوونی ماتریالی و ڕوحی خێڵێك بیپارێزێت لەئەوانی تر. بـەم جـۆرە ئـەو خێلأنـەی کەبـەرژەوەندیان هاوبـەش بـوو ونزیـك بـوون لـە یـەك لـەبارەی دەروونی و گیانی یەکیان گرت بۆبەرگری کردن لە بوونیان و (شورایەکیان) پێك هێنـا و سەرۆکی ئەو شورایە شیان هەڵبژارد واتە سەرۆکی خێڵ کەسـەرۆکێکی ملیتـاری (عسکری) یە پێش هـەموو شتێك وەك هێزێکی دیموکراسـی ویاسـایی. لـەم قۆناغـەدا سنووری دیموکراسیەت کەم کرایەوە (ئەو دیموکراسی یە کۆمیونۆلی یە) کەبە هێزی

داب ونەریتی مرۆڤەوە دەستەبەر کرابوو چونکە خێڵەکانی ئەم (شورایە) هەر چەندە نزیك بوون لەیەك لەباری دەروونی و داب ونەریتەوە بەڵام جیاوازیان هەبوو لە هەندێ خەسڵەتی ترەوە. لەم قۆناغەی مرۆڤایەتیدا هەرچەندە کێشەی نێوان خێڵەکان یان نێوان خێڵەکان و سەرۆکی شورای خێڵەکان ڕووی دەدا بەڵام هەر بە شێوەیەکی دیموکراسی (کۆمیونۆلی) چارەسەر دەکرا. ئەم دیموکراسی یە میللی و(سروشتی یە) ڕیش داکوتاوەی نێو ناخی مرۆڤ هەرمایەوە تاماوەیەکی درەنگی ژیانی خێڵایەتی. بەڵام لەدوایی دا ئەم هێزە دیموکراسی یەی سەرۆك واتە سەرۆکی (میلیتاری) درا بەو هێزە و دیاردە سروشتی یانەی کەمرۆڤ نەی دەتوانی لە نهێنی یەکان بگا. لێرە سەرەك خێڵەکان و سەرەك میلتاریەکان بوون بە پیاوانی ئاینی (کهنة)و ئاینەکان بڵاوبوونەوە لەنێو خەڵك داو ڕۆڵی دەسەڵاتیان گێڕا بەسەر مرۆڤ دا و بوون بەئامرازێك لەدەست کۆمەڵە خەڵکێك دژی ئەوانی تر. بەنەمانی خێڵ بە چوونی بۆ ناو چەند یەکێتی یەکی گەورەتری خێڵەکان و بەهۆی کاڵابوونی ڕۆڵی فەرماندە سەربازیەکان وبڵاوبوونەوەی ئاینەکان ،ئیمپراتۆریەتی میلیتاریەکان دروست بوون بەیەك گرتنی خواوەندەکان و داب و نەریتەکانی خێڵ لەناو یەك پرسگادا کەخواوەندێتی و پەرستن درا بە خودی ئیمپراتۆر. بەم گۆڕانکاریانەوە بەرژەوەندی و سامانی تایبەتی هاتە کایەوە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دابەش کرا بۆ چەند چینێك و چەمکە کۆمەڵایەتیەکان بەدیار کەوتن کە بە کۆیلایەتی دەستی پێ کرد. لەکۆمەڵە چینایەتیەکان چینە باڵا دەستەکان یاساکانیان دادەڕشت وبۆ ئەم مەبەستەش دەوڵەت (State) دروست بوو و دەزگا داپڵۆسێنەرو ماف و یاسادانان دامەزران واتە هەر لە سەرەتای کۆمەڵگای چینایە تی یەوە یاساو یاسادان و دیموکراسیەت لایەنگری کەمایەتی بوون دژ بە زۆرینە. دەتوانین بڵێین کۆمەڵ بەشێوەیەکی بەرایی دابەش بوو بەسەر ئەو کەمایەتیەی کەمافی یاسادانانیان هەیەو ئەوزۆرینەیەی کە ئەرکی سەر شانیەتی دان بەم یاسایانە دابنێ و مل کەچی بێ. بەڵام لەدوایی دا لە قۆناغی گەشەی سەرمایەداریدا بۆچوونێك و چەمکێکی تر بە دیار کەوت ئەویش پێ ی دەوترێ دیموکراسیەتی لیبرالی کە بەردی بناغەی فەلسەفەی دیموکراسیەتە ڕۆژئاوایی وپاشانیش هەموو جیهانە. ئەم چەمکە نوێ یەی دیموکراسیەت لە ڕاستیدا بریتی یە لە دوو فەلسەفەی جیاواز کەگەشەی مێژوویی یان لە بارو دۆخی جیاواز دروست بووە و هەریەکێکیشیان جەوهەری تایبەتی خۆی هەیە لەبەر ئەوە تووشی چەند کێشەی قووڵ بوو. ئەم دوو فەلسەفەیە کەبنج و ڕیشەیان جیاوازە کە پێ ی دەڵێن

دیموکراسیەی لیبرالی خۆی لە خۆیدا بریتی یە لەکێشە چونکە دیموکراسیەت (دەسەلاتی گەل)و لیبرالیەت کەچەمکێکی رامیاری و یاسایی رۆژئاوایی یە دوو شتی جیان. لیبرالیەت لەناو جەرگەی کۆمەلی سەرمایەداری دا هاتەکایەوە بۆئەوەی ری بدابە چینی نوێ ی بۆرژوا مافی ئەوەی هەبی دژایەتی چینەکۆنەکان بکات (ئاغایەتی و پاشایەتی و پاش ماوە کۆمنیونۆلیەکان) پاشانیش دژایەتی چینێکی نوێ تر لەخۆی بکا واتە چینی پرۆلیتاری. هەتاکو ئێستاش ئەم راستی یەی پێشوو کاری پی دەکری و سەرمایەداری جیهانی بەسەرۆکایەتی (ئەمریکا)بەدەزگا میلیتاری_پیشەسازی _ئەتۆمی_راگەیاندنیەوە نەك تەنها مافەکانی رۆلەکانی خۆی پێشێل دەکا بەلْکو بە مۆنۆپۆلە زل وزەبەلاحەکانی هەموو ولاتانی جیهانی (سییەم)و پاش ماوەی (یەکیتی سۆڤیتی) پیشوو دەچەوسینێتەوە نەك تەنها بەشێوەی ئابووری بەلکو بەبەکارهینانی هیزیش و چاندنی دیاردەی تیرۆرو تۆقاندن لەنیو گەلان و بەبەکارهینانی سیاسەتە کۆنەکەی کۆنیۆنالیزم (پەرت کە زالْ بە)و دوو روویی بەرامبەر کیشەو قەیرانە هەلئاوساوەکانی جیهان بۆ نموونە کیشەی (عەرەب و ئیسرائیل)و کیشەی ولاتانی ئیسلامی کەلەهەندی شوین لایەنگری هەندی دەولەت و ریکخراوی توندرەوی ئیسلام دەکات لەهەندی شوینی تردا دژیان رادەوەستی هەروەها سیاسەتەکەی بەرامبەر بە کیشەی کورد کە دژایەتی کوردی (تورکیا) دەکات چونکە (تورکیا) هاوپەیمانیەتی و لایەنگری کوردی (عیراق) دەکات دەیەوی رژیمەکەی بگۆری. ئەمانەو هەزارەها نموونەی تر ئەوەدەسەلمینن کە ولاتانی دەولەمەندی (سەرووی) زەمین بە هیچ شیوەیەك پابەندی دیموکراسیەت نین چونکە دیموکراسیەتی راستەقینە بە پیچەوانەی ویستی ئەوانە. ئیمە ناتوانین باسی دیموکراسیەت بکەین بەبی باس کردنی بنەما فەلسەفی یەکەی. بیری دیموکراسی بالادەست ئیستا بیریکی پراگماتی (ئەنگلۆ سەکسۆنی) کە دیموکراسیەت کەم دەکاتەوە بۆ چەند مافیکی بەرچاوی سنووردار. بەرامبەر ئەوەش بیریکی سوسیۆلۆجی (مارکس) هەیە بۆ دیموکراسیەت لە جیهان و بیریکی (ئیسلامی) یش هەیە لە ولاتانی ئیسلامی بۆ دیموکراسیەت هەروەها بۆ چوونی جیاواز و دەتوانین بلین پیچەوانەی دیموکراسیەتی (ئەنگلۆ سەکسۆنی)یە کە (ئەمریکا) سەرکردایەتی دەکا لە جیهان. ئەوەی لیرە مەبەستمانە بۆچوونی (مارکس)و فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی (فرانکفۆرت)و(کارل پولانی)و ئەوانی ترە بۆ دیموکراسیەت کەتەوەرەکەی لەسەر شیکردنەوەی ئیسناوارەبوون (استلاب) دەوەستی واتە ئیسناوارەبوونی

ئابووری و سیاسی ورۆحی و دەروونی مرۆڤ لە کۆمەڵگای سەرمایەداری. ئەم بیرە باوەری بەساتە شۆرشگێری و گۆرانکاری (چۆنیەتی) (کیفیە)یەکان هەیە بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی دیموکراسیەتی راستەقینە کە نموونەیەکی بەرزترو دەولەمەند ترە لەدیموکراسیەتە (کۆمینیۆلی) یەکەی سەرەتای مرۆڤایەتی.

لیرەداو لە جیهانی هاوچەرخدا سی سات و شۆرشی گەورە هەیە کەرووی مرۆڤایەتیان گۆری و هەتا ئیستاش شوینیان دیارە لەمیژووی نوی ی جیهان. ئەم شۆرشە مەزنانە هەروەك (سەمیر ئەمین ) دەلی ئەوانەن (شۆرشی فەرەنسی ،شۆرشی روسی ،شۆرشی چین). شۆرشی (فەرەنسی) دەرگایەکی نوی ی کردەوە بۆ رامان لە کیشە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان و بۆچوونی (علمانی) شەرعی لە پراکتیسی کۆمەلایەتی دانا لە جیاتی شەرعیەتی ئایینی کەپەیوەست بوو بە ئایدیولۆجیای (دەرەبەگایەتی). دیموکراسیەتی (یەعقوبی)(واتە حزبی یەعقوبی یەکان) لە شۆرشی فەرەنسی دا زۆر پیشرەوی کرد و سنووری (دەسەلاتی)بۆرژوای (فەرەنسی) بەزاند و ویستی پراکتیکی دیموکراسی لە بەرژەوەندی میللەت نزیك بکاتەوە کەئەمەش بە پیچەوانەی ویستی ئەو چینەیە کە (یعقوبی)یەکان یەکیکن لەوحیزبانەی ئەم چینە (چینی بۆرژوا). خەلکی (فەرەنسا) بۆیان دەرکەوت بەهۆی ئەم شۆرشەو (یەعقوبی )یەکانەوە کەلیبرالیەتی ئابووری پیچەوانەی دیموکراسیەتی راستەقینەیە. بەم جۆرە دیموکراسیەتی (یەعقوبی) دەرگای والاکرد بۆ شۆرشی (روسی)وچینی (ماوی). بەلام لەبەر ئەوەی شیوعیەکانی (روسی)و(چینی) بەوە نەوەستان لە شۆرشەکەیاندا (کەشۆرشیکی رزگاری میللی بوو) کەئەرکی ئەم قۆناغە جی بە جی بکەن واتە (ئەرکی قۆناغی پیش سۆشیالیزم) بەلکو لەبەرنامەکەیاندا ئەرکەکانی قۆناغی (سۆشیالیزم)و بگرە هەتا ئەرکەکانی قۆناغی (کۆمیۆنیزم)یش یان لەسەر شانی خۆیان دانا ئەمە جگە لە هەرەشەو دەست تیوەردانی دوژمنە ناەخۆیی ودەرەکیەکان بووە مایەی هەرەس هینان و سەرنەکەوتن (بەتایبەتی شۆرشی روس بەلشەفیەکان و دوایش بلۆکی رۆژهەلات).

ئیستاش و پیش ئیستاش هەر لە سەرەتاو قۆناغە بەرایی یەکانی کالا بوونی کۆمەلگای سەرمایەداری ،دیموکراسیەتی رۆژئاواو (سەرووی) روی زەمین پەیوەستە بەبواری سیاسی واتە (مافی دەنگ دان و حیزبی و کەسایەتی و...هتد) بەلام لە بواری ئابووریدا دیموکراسی نیە بەلکو بەپیچەوانەی دیموکراسیەتە چونکە بالادەستی بۆ کەرتی تایبەتە و مولکی تایبەتە بەوتەیەکی تر سەرمایەداری خودی خۆی

دیموکراسیەتی نـاوێ. سـەرمایەداری دەتوانـێ بـێ دیموکراسیەت کار بکا چونکـە میکانیزمەکـەی کـەمیکانزمی سـەرەکی جەوهـەری سـەرمایەداریە بریتیـە پێشـبڕکێی بەرژەوەندەتەسکەکان و تاکەکەسەکان و مۆنۆپۆلەکان واتە میکانیزمێکی ئابوری یە نەك میکانیزمێکی سیاسی هەر لەبەر ئەوەشە کەڕێدەدات بەئازادی سیاسی چونکە کاریگـەری زۆری نی‌یـە بەسـەر ڕێـڕەوی سیسـتەمەکەی هـەر چـەندە لـەکاتی (پێویسـت)و(جـەنگ) دا ئـەم ئـازادی یـە سیاسـیەش نـامێنێت.جگـە لەمـەش دیموکراسیەت دیاردەیەکی نوێ یە لەسەرمایەداری لەکۆتایەکانی سەدەی نۆزدەهەم هاتە کایەوەو گەشەشی نەکرد تەنها لەناوەندەکانی(مراکن) سیستەمی سەرمایەداری نەبێ. لەگـەڵ ئـەوەش کۆمـەڵ لـەم سیستەمەدا هەسـت بەچەوسانەوە ناکـات کەئـەم سیستەمە ئەنجامی دەدات بەهۆی ئیستاوارەبوونی ئابووری و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پروپاگـەندەی هەمـەجۆرە (سـینەما، ئەنتـەرنێت، سـەتەلایت، ...هتـد). کەگشـت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان داپۆشیوە کـەهۆش و وورەی شۆڕشگێڕی سڕدەکا. ئێمـە دەبـێ بـەپێوەری دیموکراسیەتی (یـەعقوبی) یـەکان بزوتنـەوە کۆمەڵایـەتی‌و سیاسیەکان بپێویـن و هـەر گەڕانەوەیـەك بـۆ دیموکراسـیەتی کـۆن و بەسـەرچوەکە (لەئەنجامی دیاردەی ئەم قەیرانەی ئێستای دیموکراسیەتە لە جیهان) هاتوونەتە ڕوو چارەسـەی تـەواوی کێشـەی دیموکراسـیەت ناکـا چونکـە پێـش هـەموو شـتێك دیموکراسیەت دووریەکی ئەپستمۆلۆجی هەیە واتە پێویستە بەزانینی خودی مرۆڤ و بەختەوەری و جوانی مرۆڤ و بەرزی مرۆڤ. هەر لەبەر ئەوەشە کە (ئەگریکی)یە کۆنـەکان ئـەم هـەموو شارسـتانیەت و فەلسـەفەو ئێسـتێتیك و شـاکارە ئەدەبیـەکانیان ئەنجام داوە چونکە دیموکراسی بوونە واتـە دەسەڵات بۆ گـەل بوو. واتـە بەستنەوەی دیموکراسیەت بەبەرژەوەندی میللـەت بـەردی بناغـەی هـەموو شارسـتانیەتێکە. هـەر بۆچونێـك و چارەسـەرێکی تـر نغـرۆ بوونـە لەچارەسـەری وەهمـی و (خۆکوشـتنی بەکۆمـەڵ) کەنموونـەیان زۆرە لـەمێژوو ئـەو مێژوویـەی کـەپڕە لەلاشـەی ئەوشارسـتانیەتانەی نـەیانتوانیوە بـەرەنگاری تـەواو ڕاسـتەقینەی کێشـەی دیموکراسیەت بن. ئەم مەترسیە هەیە لە وڵاتانی (سێیەم)و هەژار چونکە میللەتانی ئەم وڵاتانـە هـەر چـەندە خۆیـان قوربـانی ئـەو فـراوان بوونـەی سـەرمایەدارین بـەڵام هێشتا چارەنووس و دیدیان بۆ دیموکراسیەت ڕوون نەبۆتـەوە بەتـەواوی و هـەردەم دەبنە جێ ی مەترسی لای سیاسـەت مـەدارانی جیهـانی سـەرمایەداری و ئەوتـەوژمـە نوێ یەی جیهان (عولمة). بیری سەرمایەداری هـەردەم ئـەم بەراوورده دەکـەن لەنێوان

سیستەمەکی خۆیان و سیستەمەکانی تر (سۆشیالیزم وئیسلامی‌و ڕزگاری نیشتمانی ......هتد) واتە خۆیان و ئەوانەی خۆیان پێیان دەڵێن ڕژێمە (دیکتاتۆری و داپڵۆسێنەرەکان) ئەم بەراوردیەش ئەوەیە: سیستەمی سەرمایەداری گەشەی کەمترە بەڵام ڕێزی لەمافە سیاسیەکان دەگرێ ،سیستەمی سۆشیالیستی و ئەوانی تر کە سەرمایەداری نین گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابوورییان زۆرە بەڵام دیکتاتۆرین و ڕێز لە مافی سیاسی و شارستانی ناگرن. بەم جۆرە گفتوگۆ لەسەر دووری سیاسی دەکرێ بەتەنها بەبەراوردکردنی دیموکراسیەت و دیکتاتۆریەت. بەڵام ئەم جۆرە بەراوردە مێژووی نیە چونکە سەرەتاو قۆناغە بەراییەکانی دروست بوونی سەرمایەداری و تاکو ئێستاش زۆر خوێناوی ترن و دیکتاتۆری ترن لەمانای کەئەوان باسی لێوەدەکەن نموونەش گەلێ زۆرە.هەرلەشەڕی ناوخۆی ئەمەریکا) وشۆڕشی(فەرەنسی)و (کرۆمیل)و (بسمارك)...هتد.و بزوتنەوە گەورەکانی ئاینی تا شۆڕشی (ئەکتۆبەر)و شۆڕشی(چینی)، (جەزائیری)، (ڤێتنامی)، (کوردی)، (بۆسنی)..هتد شەرعیەتی سیستەمی نوێیان بەئاسن و ئاگر سەپاندووە لەدوایشدا پاساویان بۆهێناوەو ئاشتبوونەوە لەگەڵ ڕابردووی خۆیان. پاساوەکەشیان بریتی بوو لە قسەو باسکردن لە (لادان) لەڕێڕەوی ئایدیالی نموونەی گەورەپیاوان و شۆڕشگێڕان. واتە باس لە (لادان)وناشرین کردنی (تیۆر) دەکرێ بۆ پاساو هێنانەوە بۆ (پراکتیك). ئەمەش هەروەك ئەوەیە تیێور کاتێ باس لە دیموکراسیەت دەکاو سەرپەرشتی بزوتنەوەیەکی مێژووی دەکات دان بەم بزوتنەوەیە دانانێ و ملی کەچ ناکابۆی. ئێمە گەر دیموکراسیەت و شۆڕش وتیرۆر وتۆقاندنی کۆنەپەرستی بەپێوەری زۆرینەو کەمایەتی بپێوین کەلایەنگری هەر شۆڕشێك و بزوتنەوەیەکی (نوێ)ن دەبێ بپرسین ئایا بۆچی فاشیزم و نازیزم ئەم هەموو بنکە فراوانەی جەماوەریان هەبوو ؟

وەئەگەر باس لە مانای بزوتنەوەکانی مێژوویی و ئێستامان بکەین کەبە شۆڕشەوە ئەنجام دەدرێن دەبێ بپرسین کێن ئەوانە مافی ئەوایان هەیە لەسەرەوەی کۆمەڵ بوەستن و دەست نیشانی ماناو واتای راستەقینەی بزوتنەوەی مێژوویی و شۆڕشی مێژووی بکەن ؟. ئیستا زۆرن ئەوانەی باس لە کۆتای مێژوو دەکەن (ئەوە ئەگەر بۆچوونیکی تەواویان هەبی بۆ مێژوو). زۆرن ئەوانەی باس لەوە مێژوو دەکەن و بانگیشە بۆ کۆمەلگایەکی ئایدیالی و(یۆتۆپی)دەکەن باس لە گواستنەوە دەکەن لەمەملەکەتی پیویستی (ضرورة) بۆ مەملەکەتی (ئازادی) هەر وەك پیشتر شۆرشگیرانی شۆرشی (فەرەنسی)١٧٨٩ بانگیشەیان بۆدەکرد و گشت نموونە

بەرزەکانی مێژوویان لەم بارەیەوە بۆ خۆیان تەرخان دەکرد (نموونەی دیموکراسیەتی ئەگریکی و ڕۆمانی ...هتد) و هانی خەڵکیان دەدا بۆئەوەی کۆمەڵ بگۆڕن بەرەو مەملەکەتی (عەقل). بەڵام هەموو

ئەو هەوڵانە بێ هوودە بوون چونکە دەیانویست هەروەك (مارکس)دەڵێ (بەمێژوو ڕابوێرن) بەڵام مێژوو پێیانی ڕابوارد. بەووتەیەکی تر دیموکراسیەت و شۆڕسی دیموکراسی دووریەکی مێژوویی و ئەپستمۆلۆجی و سوسیۆلۆجی هەیە کەهەر لەزەمانی دێرینەوە لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤ و یەکەم یەکەی کۆمەڵایەتی ئەم دیموکراسیەتە بێ مەرج بووە (کۆمینۆلی)بووە و بەند بووە بەپراکتیك و ژیانی سادەو داب ونەریتی ڕەسەنی مرۆڤ واتە چەمکێکی ئەپستمۆلی وسوسیۆلۆجی یە نەك سیاسی کە ئێستا سەرمایەداری جیهان پێ ی لەسەر دادەگرێ .

[redacted]

سەرچاوەکان :


١. هيجل (محاضرات في فلسفة التأريخ).

٢. جان ايڤ (تفكير كارل ماركس).

٣. امبراطورية الفوضى (سمير امين).

# (کوردو پیرۆزمەندی - مێژوویێکی پڕ کارەسات - دوا ڕۆژێکی ناد یار)

خالید ئەحمەد _ دهۆك



هەر لەڕووی مێژووە وەپیرۆزمەندی ئێمەی گرتەوە، باڵی کێشا بەسەر سەرجەم وورده کاریەکانی ژیانمان ،پێش ئەوەی ژیانمان کەسایەتی سەربەخۆیی خۆی دروست بکات ، پیرۆزمەندبووین ،کەلە پێناوی دەژین و بەو دەژین ولەپێناوی دەمرین ،پیرۆز مەندی بەهەموجۆروشێواز ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی و بگرە مێژوو یشمان لێك گرێ دەدا، شەڕمان کردو قوربانیمان داو ئاوارە بووین وخاکمان داگیر کرا ،لەپێناوی پیرۆز مەندی،کە هەر بەپیرۆز مەندی مایەوە،تاڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئەخۆمان دەناسینەوەو ئە پیرۆز مەندیش دەماناسێتەوە.

مەبەستم لەپیرۆز مەندی،هەرچیەك دەست بگرێت بە عەقلی مرۆڤ وڕیگەگرێت لەبەردەم دینامیکیەتەکەی،و وای لێ دەکات لەبازنەیەکی خۆی دا بخولێتەوە،بوار نادات بەرەوناسۆیەکی باشترو ڕووداوەکان هەنگاو بنێت ڕۆژانێك پیرۆزی پێویست بووە، بۆ بەرهێنانەوەی گیان،ورێکخستنی ژیانی مرۆڤایەتی پێویست بووە بۆچوارچێوە گرتنی ژەنیئە دراندانەکانی کۆمەڵگای بەشەری،وبەڕێ کردنی بەرەو دواڕۆژێکی ڕووناك ،پیرۆزمەند دەرئەنجامی بۆ دێن وخەونەکان.........وەڵامێك بوو بۆئەو پرسیارانەی کەزۆر کەسی ماندوو کردووە ،پیرۆزمەندی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ژیانی مرۆڤ چەکەرەی کردووە یەکی گرتووە، پاشان بەرز بۆوە وبواری ڕەخسان بۆ پیرۆزمەندی یەکانی بچووك لەسەر زەوی بۆ ئەوەی گەورەبین وگەشە بکەن لەسێبەریدا دەسەڵاتداری مرۆڤ لەسەر زەوی ،ئەودەسەڵاتداری یەی کەپشتی بەست و تائێستا بەپیرۆزمەندی ،ئینجاجارێکی‌تر بەشێوەیەکی زۆر ناشرین دایڕشتەوە.

بەڵام ئەمڕۆ......هەموومان بەدەست دەسەڵاتی پیرۆزمەندی و زۆرداری و خەونەڕەشەکانی سەرزەویەوە دەناڵێنین ،هزرە پیرۆزەکان بریتیە لە کۆت وزنجیری

پتەو دەست ڕۆشتووە بەسەر ئازادی بیرکردنەوەمان ،تەونە بیردۆزی یەکانی پیرۆز مێشکمان بەند دەکات ،هەرچی کتێبە پیرۆزەکانیشە ناکرێت شك لەڕاستی‌یەکەی بکەین یان هی تر بخوێنینەوە ،ئایدیۆلۆژیاکانیش ناکرێت بخرێنە دایەلۆگەوە ،ئەمیندارانیش لێ ئاپێچرێنەوە دواڕۆژیشمان چۆن دیاری کراوە ناتوانین پێشی بخەین.

بیرکردنەوەمان لە بازنەیەکی داخراو دەخولێتەوە .لەکۆتایشدا لە خزمەت پیرۆزمەندی دایە و تەنها خزمەت بەگوتە پیرۆزەکان و ڕێبازە پیرۆزەکان و ئامانج و دروشمەپیرۆزەکان تاوای لێهاتووە پیرۆزمەندی بوارێکی لەگیانمان گرتووەو چۆتەناو خوێن بەرەکانمانەوە .بەم شێوەیە دەگەینە ئەو تێکشکانە گیانی هەرتاکێك و کۆمەڵەکەشمان دەگێنە فکرێکی پاشکەوتوو و ڕۆشنبیری یەکی چوارچێوە دراو .ئێمەی کوردیش وەکو هەر گەلێکی پاشکەوتوو دەڕۆین بەرەو دارمان دەڕۆین و هەر پیرۆزمەندی یەکانیش هاوڕێمانن لەو ڕێگا دوورو درێژەی دواکەوتن .کەچی پیرۆزمەندی وای‌کردووە ڕابردوو لە بیربکەین و شك لەسەر وەری و گەورەیی خۆمان بکەین ،پیرۆزمەندی وای کرد (صلاح الدین) دابڕێت لەئێمە (مەلای خەتێش) دژمان بوەستێ وە وولاتیشمان نەبێت و تەنها چیا بمانپارێزێت ......چۆن بەرەو دواهاتوو دەڕۆین .جیهانی زانست و ڕووناکبیری کەتۆزی پیرۆزمەندی لە ئێمە بارکرابێت و لێ پاك نەبینەوە و ئەمەش بەعەقڵ ی تەپیوو زگ برسی !؟

چۆن دەچینە نێو دونیای دام و دەزگای هاوچەرخ ؟

چۆن دەچینە نێو گێژاوی ئەنتەرنێت و جیهانگیری و ململانێ ی شارستانیەکان بەم کەسایەتیە تێکشکاوانەی خۆمان ؟

قۆناغی ئێستامان زۆر ناسك و هەستیارە و ڕەنگە یەك لاکەرەوەش بێت لەم هەلەی لە نێوان لاپەڕەکانی مێژوو بە دیار کەوتووە بۆگەلی ئێمە لەوکاتەی لە ژێر قامچی پیرۆزمەندی داین ، پێویستی زۆرمان بەدابەزاندنی پلەی پیرۆزمەندی هەیە لە ژیانماندا، لەڕۆشنبیریماندا و سیاسەتکردنماندا ،پێویستمان بەوەیە پیرۆزمەندی ببەینەوەسەر ڕەگ و ڕیشەکەی و ئامانجەسەرەکیەکەی خۆی ،بۆ ئەو شوێنەی کەدەتوانێت خزمەتی سەرجەم مرۆڤایەتی بکات و بەس ،بۆئەوەی مرۆڤ کەسایەتی یەکی کۆمەڵایەتی و شارستانی ڕاستەقینە بەدەست بێنێ ،پێویستمان بەبت نیە ،ئەگەر یەکێکیان بەوی تر بگۆڕین ،زۆر بەگەرمیش لە پێناویدا قوربانی بدەین ،بەڵکو پێویستمان بەجدی لەخودی خۆمان بکۆڵینەوە و شارەزای کەسایەتی وولات و



هەورامانەی کتێب

داهاتوو مان بین و، لەم پێناوەش قوربانی بدەین ، ئەمەش بکەینە پیرۆزترین پیرۆزمەندی .



# سەرمایەداری ناتوانێت سیستەمێکی هەتا سەربێت

فرهاد فەرەج ئەمین

خوێنەرانی ئازیزی (هزری نوێ) لەم ڕۆژانەدا لێرەولەوێ باس لەبەسەرچوونی تیوری گۆڕانی دنیای مارکس دەکرێ سەبارەت بەحەتمیەتی ئالوگۆڕی ڕژێمی سەرمایەداری. ئەم وتارەی کەلە بەردەستتایە بەدوا چونێکی وەلأمێکی کورتە لەبەرامبەر ئەو جۆرە بۆچونانەدا، بۆیە لەبەر مەترەح بوونی ئەو بابەتە بەپێویستم زانی کەبەدیدەی خوێنەرانی ئازیزی (هزری نوێ)ی ئاشنا بکەم.

ئەمرۆ لەسەرتاسەری جیهاندا، سەرمایەداری سیستمێکی ئابوری دەسەلأت دارە، ژیانی چەند ملیارد مرۆڤ بەدوای تێپەربوونی چەندین ساڵ لەم شێوە بەرهەم هێنانەو بەدوای بەرپاکردنی چەندین شۆڕشی خویناوی چینی کرێکار بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و یەکسانی، واخۆی دەنوێنێ کەئەم شێوەیە لەژیان،ئەم شێوەیە لەبەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی کۆمەلأیەتی، تەنها شێوەی ژیان و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و بەشەریەت هیچ ڕێگا چارەیەکی لەبەردەم دانی یە،غەیری تەسلیم بوون وچۆك دادان بۆ داوەکانی ئەم جالجالۆکە گەورەیە.

سەرمایەداری بۆ ئەوەی ئاوا درێژە بەژیانی ئەگریسی خۆی بدات، مارکس ووتەنی (ناتوانێ بژی مەگەر پەیتاپەیتا بەچەشنی شۆڕشگێڕانە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و بەدوای ئەوە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانیش، یانی تێکڕای پەیوەندیەکانی کۆمەلأیەتی بگۆڕێت).ئەوەی کە ئێستا بەبەرچاومانەوە تێ دەپەڕێ، بەتایبەت لەم دوو دەیەی دوایی دا کەچەندان ئالوگۆڕی جۆراوجۆر ڕووی داوە، هیچ نی یە جگە لە سەلماندنی ڕاستی ئەوقسەیە. ئەو ئالوگۆڕانەی کەبەشێوەی بروسکەئاسا وەکو شۆڕش بەڕێوە چووە لەبوارەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و پیشەسازییدا خۆی بۆخۆی شۆڕشێکی لەبەرەو پێشبردنی هێزە بەرهەم هێنەرەکاندا بەڕێوەبردووە.

بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و شەبەکەی ئەنترنێت و حاسیبەی ئەلەکترۆنی و ڕۆبۆت وئامرازە ئۆتۆماتیکیەکان لەبواری بەرهەم هێناندا، زیاتر لەهەر سەردەمێکی تر کاری هێزی بازوی لەکاری فکری و زهنی لەیەك جیاکردۆتەوە،بەشێویەك خۆی وادەنوێنێ کەسوود وەرگرتن لەهێزی کار (کرێکار) لەکەم بوونەوەدایە.لەبەرامبەر کەلك وەرگرتن

لەو ئامرازانەی کەبێ دەخاڵەتی مرۆڤ چەند پرۆسە لەبەرهەم هێنانی کالآیەکی دیاریکراو کاری خۆی‌دەکا، زیاتر بووە.

بەم شێوەیە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرەوپێش چوون. شان بەشانی ئەم بەرەو پێش چوونە لەئامرازەکانی بەرهەم هێناندا، کەرەسەکانی بەرهەم هێنانیش بەرەو پێش چووەو سوڕی گەشەکردن و تەواوکردنی بەرهەم هێنان تەواو دەکات، بەکارهێنانی مەوادی کیمیایی لەبەرهەم هێناندا (بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵدا) ڕێژەی چوونەسەرەوەی بەروو بوومی بەرهەمی چەندقات بردۆتە سەرەوە. بەکارهێنانی سەرچاوەی کارەباو ووزەناوکیەکان (مصادر الطاقة الذرية) شۆڕشێکی لەم بوارەدا بەرپاکردووە کەسوود وەرگرتن لەکەرەسەی تەقلیدی و کلاسیکەکان جاربەجار لە کەم بونەوەدایەو بەجۆرێك کە سوود لێوەرگرتنی لەم سەردەمەدا بۆبەرهەم هێنان ئیتر بە ڕێگرێك دادەنرێ لەرێگای گەشەکردنیدا.

گەشەکردنی ڕێگای ئاسن و دەریا و ئاسمانی و پەیوەندی یەگشتی‌یەکان لەجۆری سەتەلایت و شەبەکەی ئەنتەرنێت و......هتد هەموو جیهانی بەیەکەوەگرێ داوە. هەموو ئەم پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیانەو ئاڵوگۆڕانە لە هێزی بەرهەم هێناندا، ئاڵوگۆڕێکی هەیکەلی و شکلْ وشێوەی تازەی لەسیستمی سەرمایەداری پێك هێناوە بەرهەم هێنان و گۆڕینەوە سەرتاسەری جیهانی داگرتووە، بازاڕەکان لەئاستی جیهاندا تێکەڵاوی یەکتر بوون و ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەجیهاندا لەیەکتر هەڵپێکراون. دابەشکردنی کار لەئاستی جیهانی دا زیاتر گەشەی کردووە (تەنانەت بەشێوەیەکە کەپرۆسەی بەرهەم هێنانی کالآیەکی دیاریکراو نەك هەر لە‌ئاستی چەند کارگە لەناو وولآتێکی دیاریکراودا، بەڵکو لە ئاستی قاڕەدا ڕەواجی پەیدا کردووە) و زیاتر لەهەر کاتێکی ئاڵۆز تر بۆتەوە، چەندان لقی بەرهەم هێنانی تازە لەبوارە جۆربەجۆرەکاندا لە ئاستی جیهاندا گەشەی کردووە،کەیەکجی بوون و کۆبونەوەی لەدەست شەریکەتە فرە ڕەگەزیە قورخ کەرەکاندا. دنیای سەرمایەداری دابەش کردووە بەسەر چەند جەمسەری گەورەی ئابوریەوە. لەم نێوەدا بوونی ترۆست و کارتل و شەریکەتە فرە ڕەگەزیەکان،پرۆسەی بەرهەم هێنان و کەڵەکەی زیاتری سەرمایە و یەکجێ خستنی سەرمایەی هەرچی خێراتر کردووە. لەپاڵ ئەمانەدا بازاڕی پۆرس و ئەوراقی مالی و ئیئتمان ودەوری بانکە قەرزدەرەکان (بانکی جیهانی) و (سندووقی جیهانی پارە) دێو ئاسا باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوەو وولآتانی وابەستەو تازە بەرگرتووی کردووە بە کانونێکی بێ ئیرادەی ئابووری پاش کەوتووی شەریکەتە فرە ڕەگەزیە قورخ کەرەکان

و وولآتە پێشکەوتووە سەنعەتیەکان. ئاشکرایە هەموو ئەمانە بۆتە هۆی ئەوەی کەموڵکایەتی تایبەتی، ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، سەرمایە، زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر یەکجێ و چڕ ببێتەوە لەدەست شەریکەتە ئیحتیکاریە جیهانیەکان و سەرمایەدارە گەورەکاندا. ئەمەش بۆخۆی وای کردووە کە کەڵەکەکردنی سەرمایە هەرچی خێراتر بێنەوە لە دەست ئەو شەریکەتە ئیحتیکاریانەو سەرمایەدارە گەورەکاندا. سەرمایەداری توانیویەتی بەهۆی ئەو پێشکەوتنە زانست و تەکنەلۆژیانەدا، بەسەر ئاستی تەنگی و بێ بازاڕیدا زاڵ بێت و بازاڕەکان لەیەک هەڵپێکێت، وەبەم شێوەیە توانیویەتی لەتوندی ئەزمەکانی کەم کاتەوەو لەچەندین ئەزمەی ئابووری جیهانی کوشندە خۆی دەرباز بکات و درێژە بە ژیانی نەگریسی خۆی بدات، سەردەمەکانی گەشەی سەرمایە دەست پێ بکاتەوە.

پێ بە پێی ئەم ئاڵوگۆڕانە لەهێزە بەرهەم هێنەرەکاندا، شتێك لەچارنەهاتووە کەئاڵوگۆڕیش لەبواری پەیوەندی بەرهەم هێناندا لە ڕوی کۆمەڵایەتی دا پێك هاتووە. زۆر بوونی قازانج و کەڵەکەی زیاتری سەرمایە لەگەڵ خۆی زۆر بوون و کەڵەکەی زیاتری هەژاری نەداری بۆکرێکاران و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ پێك هێناوە، بەپێچەوانەی بانگەوازکارانی سەرمایەداریی یەوە کەوا ئیدی دەکەن کەبەم پێشکەوتنە تازانە ژمارەی کرێکاران لەکەم بوونەوەدایە ژمارەی ئەوکەسانەی کەناچارن بۆ مانەوەی ژیانیان ڕۆژانە کار بکەن، ڕۆژ بەڕۆژ فراوان بوونەوەی بواری بەرهەم هێنان و هاتنەمەیدانی لقی تازەی بەرهەم هێنان و فراوان بوونەوەی لایەنەخزمەت گوزاریەکان، لەزۆربووندایەو سەرەڕای بێکارکردنی ڕۆژبەڕۆژی زیاتری کرێکاران، لەکۆی گشتیدا ئەم ژمارەیە لەبەرزبوونەوەدایەو کۆمەڵی ئەم سەردەمە زیاتر لەهەرسەردەمێکی تر دابەش بووە بۆدووجەمسەری دژ بەیەك، کرێکارو سەرمایەدار.

سەرمایەداری لەم گەشەکردنەی خۆیدا نەك هەر نەیتوانیوە بەسەر دژایەتی یەناوخۆیی و ئۆرگانیکەکانی خۆی دا زاڵ بێت، بگرە بەپێچەوانەوە لەگەڵ خۆی دا ئەم ناکۆکی یانەی بەهەمان ڕادە گەشەپێ داوەو دەیدات. هەوڵدان بۆ دەست بەسەرا گرتنی بازاڕە جیهانیەکان لەلایەن سەرمایە ئیحتیکاری یەکانەوە بۆ ساغ کردنەوەی کاڵاکان و بەدەست هێنانی سوودی زیاتر، هەوڵدان بۆدابەشکردنی جیهان لەنێوان جەمسەرە جیاجیا کانی سەرمایە احتیکاری یە فرەڕەگەزیەکاندا بۆکێشانەوەی کەرەسەی هەرزان هەنارگەری سەرمایە، لەپاڵ هۆکارەکانی تردا، ناکۆکی یە

دەرونیەکانی ئەم شێوە بەرهەم هێنانەی زیاتر کردۆتەوەو شەڕی ئابوری نێوان جەمسەرە جیاجیاکان، هەموو ئەو پێش کەوتن وگەشەکردنە تەکنەلۆژیو پیشەسازی یەی دیسانیش لەگەڵ شکست وئەزمەی ئابوری بەرەو ڕوو دەکاتەوەو،لەم شەڕەدا کێ چنگی گەورەتر بێت بەرامبەرەکەی بەچۆکدادێنێ،وەدیسانیش وەکو هەمیشەو خەسڵەتێکی جیانەبووەوەی سەرمایەداری دوای هەر سەردەمێکی گەشەسەندنی سەرمایەداری،دیسانیش توشی ڕاوەستان و ئەزمە دەبێتەوە.

ئەگەر بەدەست هێنانی سود،پێویستی بەوەبێ کەچەندان کرێکار بێکار بکرێت، ئەوا دیسانیش تایبەتمەندی سەرمایە وادەخوازێ کەدیسان و دیسانەوە دەست بداتە وەبەرهێنانی(استثمار) ی هێزی کار. بۆ ئەم مەبەستەش سەرمایە داری لەلایەك پێویستی بەبێکارکردنی هەزاران کرێکارە، لەلایەکی ترەوە پێویستی بەڕاگرتنی ملیاران کرێکاری لەسەر کارە لەحاڵەتی توندی کاری زیاترو برسێتی کەمی کرێ و لایەنی کەمی ژیانێکی مەمرە ومەژیدا(ئەمەش بەدوای خۆی دا نەکڕینی کاڵاکان لەبازاڕدا دێنێ کەیەکێکە لەهۆکارەکانی ئەزمە)،بەم جۆرە لەئاستی کۆمولایەتی دا ڕۆژبەڕۆژ ملیۆن ملیۆن مرۆڤ بۆشەڕی دژی خۆی تەیار و ئامادە دەکات و دژایەتی ناوخۆی زیاتر زیاتر دەکات، بەم شێوەیە بەپێچەوانەی مبەلغینی سەرمایەداریەوە،بەرەو پێشونی سەرمایەداری نەك هەر نابێتە کەم کردنەوەی کێشە چینایەتیەکان و دامەزراندنی ئاشتی و ئاسودەیی کۆمەڵایەتی،بەڵکو ڕێگاخۆش کەری ئەم ململانێ چینایەتی یە دەبێ کێشە لەنێوان بەرهەم هێنەرەکان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان، یان بەوتەیەکی تر کێشەی نێوان کاری کرێ گرتەو سەرمایە،مەرجی سەرەکی هەر ئاڵوگۆڕو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەبێت.

ئەگەر لەلایەکەوە پێویستی کەڵەکەکردنی سەرمایەو بەدەست هێنانی قازانج،وادەخوازێ بۆناوەندە پێش کەو تووەکانی سەرمایە،کەسەرمایە ڕەوانەبکەن و وڵاتە تازە پێ گەیشتووەکان و وابەستە بەخۆیان،وە ئەو وڵاتانە بکەن بەژێر قەرزی بانکی سەرمایە مالیەکانی خۆیانەوە، ئەوا لەلایەکی ترەوە خودی بەئەنجام دانی ئەم پرۆسەیە (کە پشوی لەم وڵاتە وابەستانە بڕیوە)، دیسانیش لەگەڵ گیروگرفتی جددی بەرەو ڕوودەبێ و وای کردووەکە،شکل گرتن وبەرەوپێش چوونی سەرمایەداری لەم وڵاتانەدا (کەبەپێی بەرژەوەندی جەمسەرەئابووریەکان دەڕواتەپێشەوە)، بەهۆی قەرزی زۆر و زەبەند و دابەشکردنی کاری جیهانی و ململانێی جەمسەرەجیا جیاکان و گۆێزانەوەی ئەزمەی مەرکەزە سەرمایەداریەکان

بۆناو خۆی ئەم وولاتانە، ئەم وولاتانەی کردووە بە کانوونی ئەزمە جۆربەجۆرەکان و بەناچار سووری ئەزمەکە ئیرەش بگریتەوە و وولاتە سەرمایەداری یە پیش کەوتووەکان ئاشکراتر دەخالەتی سیاسیوعەسکەری بکەن و بکەونە کیشانەوەی سوودی زیاتر (لەریگای جۆراو جۆرەوە) لەم ناوچانەدا، بەم شیوەیە زیاتر سیمای دزیوی وولاتە ئیمپریالیستی یەکان و ریکەوتنی سەرمایەداری یە محەللیو ناوچەیی یەکان لەگەلیاندا ئاشکراتردەبی بۆ کریکاران و زەحمەتکیشانی ئەم وولاتانەو درەنگ یا زوو زەمینەی تەقینەوەی کیشەکانی ئامادە دەکات ((یان هیچ نەبیت هەر وەکو ئیستا هەیە دنیا لەگەل چەند شەری ناوچەی بەرەو روو دەبیتەوە)).

هەموو ئەو راستیانە ئەوە دەسەلمینن کە سەرمایەداری،سەرەرای هەر پیش کەوتن و ئالوگۆریك کەلەهیزەبەرهەم هینەرەکاندا ئەنجامی دەدات،سەرەرای هەموو هەولەکانی بۆ خۆگونجاندن لەو دەربازبوون لەو گیروگرفت و ئەزمانەی کەجار بەجار بۆیدیتە پیشی،ناتوانی بەسەر دژایەتی یە زاتی وناوخۆیی یەکانیدا زال بیت، هەر بۆیە لە دوای هەر هەولدان و راکردنیکی بەشوین کەلەکەی زیاتری سەرمایەو بەدەست هینانی سوودی زیاتر دیسانیش لەگەل گیروگرفت و ئەزمەی تازە بەرەو روو دەبیت، چونکە تایبەتمەندی زاتی وئۆرگانیکی ئالیاتی سیستمی سەرمایەداری و شیوە بەرهەم هینانەکەی،سەرەرای هەر ئالوگۆرو پیش کەوتنیك لە تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی بەرهەم هیناندا دیتە ئاراوە،ئەوا گۆرانی بەسەردانایەت و لەبناغەییترین ئاستی خۆیدا زیاتر دەیەوی خۆبهیلیتەوە، بەووتەیەکی تربلیین ئەو ئالوگۆرو پیش کەوتنانە خۆبەخۆ ئۆرگانیزمی سەرمایەداری (و ناکۆکیە بنەرەتیەکانی ئەوکۆمەلگایە) لەناو نابات و لەو چوار چیوەیە تیپەرناکات، بەم پی یەش ناتوانی بەسەر دژایەتی یە بنچینەیەکانی خۆیدا زال بیت، ئانارشی بەرهەم هینان (فوضى الانتاج) و ململانی (المنافسه) وئەزمە ئابوری یەکان لەهەرئاستیکی ئەوپیشکەوتنەدابیت لەم سیستەمە نابیتەوەو جارجار زەمینەمادی وزاتیەکانی راپەرین وشۆرشی چینی کریکار ئامادەدەکات، وەبەم جۆرە بەپیچەوانەی ئایدۆلۆگەکانیبۆرژوزی یەوە کەوا ئیدعا دەکەن گوایە ئەو ئالو گۆرو پیش کەوتنانەی لەزانست و تەکنەلۆژیا و پیشەسازی دا کەدیتە ئاراوە ململانیی چینایەتی لەناو دەبات و کەلینی نیوان چینەکان دەسریتەوەو ئاشتی کۆمەلایەتیبەر پا دەبی و بەسەر گیروگرفتەکانی وەك برسیتیونەبوونی دا زال دەبن،وەدەیانەوی بەم قسانە بەمرۆڤی ژیردەست وچەوساوەی سادەی بسەلمینن کەسیستەمی سەرمایەداری خاوەنی میکانیزم وئۆرگانیزمیکی ئالی وەهایە کە بینا

بەماهیەتی خۆی(۱)، هە میشە خۆی بەرهەم دەهینیتەوەو سەر لەنوی هەموو گیرو گرفتەکانی چارەسەر دەکات و ئەزمە ئابوریە یەك لەدوای یەکەکانی تیپەر دەکات و سەردەمی گەشە کردنی سەرمایە بە واتایی ئەزەلی وئەبەدی بوونی دیتە ئاراوە.

ئامارو ئەرقام لەداهینانەکان وزیدە بەرهەمەکان دەدەن بەدەستەوە،لیستیك لەموشاهەداتە تازەکانی ئەم سیستەمە دەخەنە روو،تاوەکو بیسەلمینن کەهیچ چارەیەك نی یەو چارەنوسی سەرەتاو کۆتایی ژیانی مرۆڤی ئەم سەردەمە هەر ئەوەیە کەهەیە،واتە مانەوە لەچواچیوەی پەیوەندیەکان و شیوەی بەرهەم هینانی سەرمایەداری دا.

بەلام بەپیچەوانەی ئەو پروپاگەندانەوە: (مەرجی بنچینەیی بۆهەبون وسەرداری چینی بۆرژوازی، بریتیە لەپیك هاتن و کەلەکەبوونی سەرمایە. مەرجی هەبوونی سەرمایەش کاری کری کرتەیە، کاری کری گرتەش تەنها بەستراوەتەوە بەململانیی ناوخۆی کریکارانەوە،پیش کوتنی پیشەسازی کەبورژوازی بەجی گەیەنەری بی دەسەلاتیەتی، پەرش وبلاوی کریکاران کەبەرهەمی ململانی یانە، دەگۆریت دەیکاتە یەکیتەی یەکی شۆرش گیرانە لەریگای پیك هینانی یەکیتیە کەیانەوە.بەم جۆرە پەرەسەندنی پیشەسازی گەورە ئەو بناغەیەی کە بۆرژوازی لەسەر ئەوەوە خەریکی بەرهەم هینان و تەرخان کردنی بەرهەمەکان بۆ خۆیەتی و دامەزراوە دەروخینی. ئەوەی بورژوازی پیش هەموو شتیك بەرهەمی دینی، گۆرهەلکەنانی خۆیەتی،روخانی ئەو و سەرکەوتنی پرۆلیتاریا هەردوکیان رووداویکی لەچار نەهاتووە) (۲).بەم جۆرە پیشکەوتن و ئالەگۆرە تەکنەلۆژی یەکان لەکەل خۆی شتیکی تریش پیك دینی ئەویش هوشیار بونەوەو ریکخراوە بوونی زیاتری کریکاران و ریکخستنی زیاتری بزووتنەوەی چینایەتی چینی کریکارە.بەم جۆرە مرۆڤایەتی تەنها بەروخاندنی سەرمایەداری و بەدی هینانی کۆمولگای کۆمۆنیستی دەتوانی کۆتایی بەهەموو بەش مەینەتیەکانی بنیت.بۆ ئەنجام دانی ئەم ئامانجەش تەنها ریگا لەبەردەم چینی کریکار وهەموو جەماوەرە زەحمەتکیش وچەساوەکان دا، دەستدانە خەباتی ووشیارانەی ئەپساوە بەرەو ئاقاری شۆرشی کۆمەلایەتی کۆمۆنستی دا ﴿(پیش مەرجەکانی ئەو بزوتنەوەیەش لەوپیش مەرجانەی کەهەر ئیستا)، بەهۆی گەشەکردن وپیش کەوتنی پیشەسازی وتەکنەلۆژیای سەرمایەداریوە بوونی هەیە،نەتیجە دەگیرد﴾ (۳).

<u>پەراویزەکان:_</u>

١/ لەم ووتارەدا دەرفەتی ئەوەنابێ کەهەموو لایەنەکان و شکل و شێوەکانی ئاڵوگۆڕە پیشەسازیو تەکنەلۆژیەکانی سەرمایەداری بخرێتە ڕوو،هەروەها لو ووتارێکی لەم بابەتەدا دەرفەتی ئەوە نابێ

هەموو سەرچاوەو دانەرە جۆراو جۆرەکان و لایەنەکانی کێشە ناوخۆیەکان و ئەزمە ئابووریەکانی سیستەمی سەرمایەدار بخرێتە ڕوو،ئەم بابەتانە (بەتایبەتی بابەتی دووەم) لەنووسراوەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین زۆر بەوردی و قوڵی باسیان لێکراوە کە تائەمڕۆ زانستی بوونی خۆیان پاراستووە.لێرەدا تەنها دەتوانرێت سەرخەتی گشتی لەناوەڕۆکی بابەتەکە بخرێتە ڕوو، وەسیمای گشی سەرمایەداری ئەم سەردەمەو ڕەوتی ڕوولەناوچوونی نیشان بدەین.

٢/ مارکس/ئەنگلس،مختارات.لەچوار بەرگ دا.بەرگی یەکەم لاپەڕە ٦٦.

٣/ کارل مارکس _ فریدریك انگلس،ایدئۆلۆژی ئاڵمانی.. بەزمانی فارسی،وەرگێڕانی (عبدالله مهتدی). لەبلاوکراوەکانی (حیزبی کۆمۆنستی ئێران) لاپەڕە ٤٣. کەوانەکانی ناوەوە لەمنەوەیە.

ئەوالنامەی کتێب

# چەپ لە نێوان ئەرکە نیشتمانی و چینایەتیەکاندا

د/ ژاموّ مارف

ئەگەر بێت وسادەترین ناساندن بۆ چەپ بکەین ئەوا ئەتوانین بلێین بریتیە لەکۆمەڵێك بیرو بۆچون و لیکدانەوەی پێشکەوتوخوازانە بۆ واقیعی ئەزمەگرتووی دووچاری قەیران هاتو کە بەشی زۆری خەلك ئەچەوسێنەوە بێ بەش دەکرێن لەمافەکانیان سەرجەم بیروبۆچونەکان لەفەلسەفەیەکی زانستی شۆڕشگێڕانە کەبریتیە لەفەلسەفەی (مارکسیزم) داڕێژراوە ئەبێتە ئەساسی تێگەیشتنی ڕاست بۆ ئەو واقیعەو، هەڵ ئێنجان و وردکردنەوەی یان وەرگێڕانی لەسەر ئاستی ئابوری ، سیاسی، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی بەمەبەستی گۆڕانکاری بە دیل و چارەسەری نوێ بۆکێشەبن بەست گەیشتووەکانی کۆمەڵگا کەدەسەلات دارن خوڵقاندوویانە بۆمێشتنەوەو پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتەکانی خۆیان ئیتر لەڕوانگەی چینایەتیەوەبێت یاخود بەرژەوەندی دەستەو تاقمێکی کەم و بێ بەشکردنی ژیان لە زۆربەی خەڵك بەتایبەتی چینە هەژارەکان وبەرهەم هێنەرەکان، ئەم گۆڕانەش بەپلەی یەکەم لە سیستەمی ئابووری دادەبێ گۆڕانکاری دەبێت لەپەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان.

وەدەبێ پێشنیار و بەدیلەکان بۆ جەماوەر ڕون بکرێتەوە هۆشیار بکرێنەوە بۆ ئامادەبوون بۆ نانی هەرهەنگاوێکی شۆڕش گێڕانە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە بۆ بارێکی باشتر بەخەباتی ڕاستەو خۆی کرێکاران و زەحمەت کێشان و چین و توێژە ماف زەوت کراوەکان یتر لە پێناوی بەدەست هێنانی بەرژەوەندیە ئابوری و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکانیان بەدەسەلات وەرگرتن و ڕێگری کردنی هەرفەسادێك و درووست بوونەوەی مشەخۆری بە جۆرێك چارەسەری نەهامەتیەکان بکەن تانەیەڵن جارێکیتر مەرگەساتەکان دووبارە ببێتەوە.

بەلام ئەوەی گرنگە ئەو یەکە ئایا چەپ و مارکسیەکان لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی چ جۆرە هەڵوێستێك لە بەرامبەر مەسەلەی ڕزگاری نیشتمانی وەرگرن، ئایا ئەبێ هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر سەرجەم مەسەلە نیشتمانیو ئەرکە نەتەوەیەکاندا بێن بەو بیانووەی کەئەوە تەنها ئەرکی بۆرژوازیە دوورە لەمەسەلەی چینایەتی، یاخود پێویستە تێگەیشتنێکی بابەتیانەیان هەبێ بۆ سروشتی پەیوەندیەکان

بەپێی قۆناغی مێژووی کە ئەبێتە هۆی دەست نیشان کردنی ڕاستی هەڵوێستی سیاسی لەبەرامبەر ئەرکەچینایەتی و نەتەوەیەکاندا، بۆیە دەبێت جیاوازی بکرێ لەنێوان ئەو نەتەوانەی کە شۆڕشی بۆرژوازی توانیویەتی سەرکەوتن بەدەست بێنێت و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگایان وەرگرتووە، دەوڵەتی بۆرژوازی نەتەوەی تێدا دامەزراوە وەك وڵاتە ڕۆژئاوایی‌یەکان، لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە شۆڕشی بۆرژوازی تێدا نەکراوە و کەوتوونەتە ژێرچەپۆکی داگیرکەران. سەروەت و سامانیان بەتاڵان دەبرێت و لەبارێکی دواکەوتوی ئابووری دا دەژین، کەواتە پێویستە هەڵوێستی مارکسیەکان بەپێی باری ئابوری و ڕادەی پێشکەوتنی گۆڕانی بەسەردا بێ لەبەرامبەر ئەرکەنیشتمانی و چینایەتیەکان دا لینین دەڵێ ( گەڕان بەدوای مافی چارەنووس لەبەرنامەی سۆسیالیستەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوای مانای نەزانینی ئەلف و باء لەمارکسیەت ) [1].

دیارە کەشۆڕشی بۆرژوازی هەنگاوێکی گەورەیە لە چوونە پێشەوەی کۆمەڵگا و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بەسەرسیستەمی ئابووری دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی ئاینی، ئەم پێشکەوتنەش لەدروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیدا خۆی جێگیر دەکات کەدەسەڵاتی سیاسی بەدەست سەرمایەدارانەوەیە بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی تێدا پارێزراوە و بەردەوام گەشەی پێدەدات لەسەر حسابی چینی کرێکار و گەلانی داگیرکراو چەوساوە، بۆیە چینی کرێکار پێشەوایەتی شۆڕشێك دەکات بەپێی تایبەتمەندی‌یەکانی کۆمەڵگاکەی وەك چینێکی بەرهەم هێنەرو پێشکوتوخواز لە نێوکۆمەڵدا بۆ بەدەست هێنانی یەکسانی، سۆسیالیزم تێدەکۆشێ کەبەرژەوەندی‌یەکانی چینی کرێکار و چینەهەژارەکان تێدا پارێزراوە لەو وڵاتانەدا شتێك نامێنێت بەناوی چەوسانەوەی نەتەوایەتی تا مارکس و کۆمۆنیستەکان خەبات بکەن لەپێناوی‌دا، لەبەر ئەوەی قۆناغی سروشتی خۆی بڕیوە ووزەکانیان لەپێناو خەباتی چینایەتی نێونەتەوەی چڕدەکەنەوە. کەئەمەش تەعبیر لە واقعێکی پێشکەوتوی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی، کەباس کردن و بوژانەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی‌و ڕۆشنبیریەکەی تا دەمارگیری کۆنەپەرستانەی نەتەوەی ئامانجێکی ئاشکرای بۆرجوازیە بۆ کەرت کردنی چینی کرێکار و دژایەتی ڕۆشنبیری نێونەتەوەی.

بەڵام مەسەلەی نەتەوایەتی لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا کەدەسەڵاتی داگیرکەر بەزەبری ئاگر و ئاسن سەپێنراوە بەسەر نەتەوەیەکدا بۆ مەبەستی بەدەست هێنا کەرەستەی خاو بەهەدەر

بردنی و کردنی بەپاشکۆی ئابووری داگیرکەر تاڕادەی سڕینەوەی زمان و کلتوری ئەو نەتەوەیە بەزۆر کردنی بەبەشێك لە نەتەوەی سەردەست دەیان و دەیان کاری تری نامرۆڤانە کە دەسەڵاتی داگیرکەر ئەنجامە ئەدات.لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی هیچ پێشکەوتنوو گۆڕانێك ڕوونادات چونکە ژێرخانی ئابووری داگیرکراوە و لەبەرژەوەندی نەتەوەی بن دەست دانیەو، ئەمەش بۆتە هۆی ژیانەوە و درێژە پێدانی زیاتری پەیوەندیە دەرەبەگایەتی و خێڵەکیەکان و عقیدە سواوەکان چونکە گەشەی مەسەلەی نەتەوایەتی گەشەیەکی نیسبی سنووردارە هەروەها گەشەی سەرمایەداری زۆرکەم و سنووردارە مۆرکی نەتەوەی بەهیچ جۆرێك پێوەنیە. ئەمانەش بە هۆی مانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەروو ئیمپریالیزم.

بۆیەمەسەلەی نەتەوایەتی ناوەڕۆکێکی پێشکەوتوخوازانە لە خۆدەگرێ لەلای نەتەوە داگیرکراوەکان بەوەی کەئەبێ جیاوازی بکرێ لە نێوان نەتەوەی داگیرکەر و سەردەست لەگەڵ نەتەوەی داگیرکراوبن دەست و پاشکۆ، بۆیە زۆر گرنگە لە ڕاستی مەسەلەی نەتەوایەتی وەك دیاردەیەکی شۆڕش گێڕانە دژ بەدەسەڵاتی داگیرکەرو ئیمپریالیزم تێ بگەین، لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی وەك ئایدۆلۆجیا یەکی شۆڤێنی بۆرژوازی کەوەك عەقیدەیەك بەکاری دێنێ بۆ هێشتنەوەو پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی بەسەر چینی کرێکارو گەلانی دواکەوتوو داگیرکراو، ئەمەش بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆرژوازی پێی‌نایە قۆناغی ئیمپریالیزم.

کەواتە مەسەلەی خەبات کردن لەپێناو ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوایەتی خەبات کردنی ڕاستەوخۆیە دژی ئیمپریالیزم و دەسەڵاتی داگیرکەر کەدەسەڵاتێکی ناشەرعی فەرز کراوە بەزەبری کوشتن و بڕین، کەبەردەوام هەوڵی داوە پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە هەرەکۆنەپەرستەکان ببوژێنێتەوە وەکەسێتی مرۆڤ تێك بشکێنێ تاسەربەخۆنەبێ هیچ ئیرادەیەکی لەدیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا نەبێت بێتەمرۆڤێکی پاشکۆی بێ هەڵوێست، ئەم هۆکارانەش وادەکات کەخەباتی نەتەوایەتی ناوەڕۆکێکی پێشکەوتووخوازانە لە خۆبگرێ و بچێتە ڕیزی خەباتی گشت چەوساوەیەك لە دژی ئیمپریالیزم و داگیرکەران لە پێناوی کۆتای هاتن بەگشت چەوسانەوەیەك و ڕزگار بوون لە دواکەوتووی کۆتای‌هاتن بەئازارەکانی مرۆڤ و پاراستنی لەناوچوون.

بۆتێگەیشتنی زیاتری مەسەلەی نەتەوایەتی پێویستە بزانین نەتەوە چۆنەو پەیوەندی بەچینەکانەوە چی‌یە.

سەرەکی‌ترین خاڵی بوونی نەتەوەبوونی تایبەت مەندی هاوبەشە وەك زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، ئابووری هاوبەش و تایبەت مەندی دەرونی و ڕۆشنبیری هاوبەش لە قۆناغێکی ی مێژووی ئەو تایبەت مەندیانە زیاتر گەشە دەکەن دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەی ئەم تایبەت مەندییانە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ خاوەنین لەهەمان کاتدا ئەم چین و توێژانە چەندان بەرژەوەندی دژ بەیەك و ناکۆکیان هەیە، کەواتە بونی هۆشیاری نیشتمانی نابێتە هۆی ونکردنی سروشتی چینایەتی چونکە هۆشیاری نەتەوەیی نابێتە ئایدۆلۆجیەتێکی تایبەت بەڵکو بەشێکە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هۆشیاری چینایەتی کەواتە هۆشیاری [illegible] نەچێتە خانەی ئایدۆلۆژیای هەر چینێك بەهەمان شێوەش سەبارەت بەخەباتی سەرجەم چین وتوێژەکان ی کۆمەڵ لەپێناو ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی داگیر کەران هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کەسەرجەم بەرژەوەندیەکانیان وەك یەك بن، چونکە بەپێی دابەش بونی ئابوریانە جیاوازی چینەکان بەرژەوەنیەکان دیاری دەکرێ کە بێگومان چەندان لایەنی جیاوازو ناکۆك بەیەك لەنێوانیادا هەیە بەڵام بوونی دەسەڵاتی داگیرکەر ئەبێتە هەڕەشەی گەورە لەسەر بەرژەوەندیەکانیان، بۆیە هەرچینەو لەڕوانگەی بەرژەوەندی چینایەتی خۆیەوەدژی دەسەڵاتی داگیرکەر دەوەستێ ئەوەلە ڕوانگەی ئایدلۆژیای خۆیەوە خوێندنەوەی تایبەتی بۆدەکات، بۆ هەڵوێستی پارتی‌مارکسیست ئەبێ‌لەبەرامبەر هەردوو مەسەلەکەدا هاوسەنگ بێت بۆیە بایەخ دانی زۆر بە مەسەلەی چینایەتی گرنگی نەدان بەمەسەلەی نیشتمانی بەتایبەتی لەو وولاتانەی کەڕێز بەندی چینایەتی بەزەقی تێیدا ڕوی‌نەداوە ئەبێتە هۆی لادانی هەل پەرستانە ئەبێتە پارتێکی ناواقعی توانای هیچ هەنگاوێکی نابێت لەپێناو ئامانجەکانی تەنها ژمارەیەکی کەم خەڵك لەدەوری کۆدەبێتەوە لەچینەکەی خۆشی دادەبڕێت چونکە هەڵوێستی ئاشکرای بەرامبەر مەسەلەی نیشتمانی نیە، لەکاتێکدا قۆناغ، قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی‌یە وە نینکاری لەوەدەکات کەبوونی داگیرکەر هەڕەشەبێ بۆسەر بەرژەوەدندی‌یەکانی، ئەمەش لەکاتێکدا کەداگیرکەر بەبێ هیچ جیاوازی‌یەك لەنێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان مامەڵە دەکات زۆربەی کات چینی کرێکار لە چینەکانی تر زۆر زەرەرمەندتر دەبێ چونکە هیچ کارێکی سازش کارانەی نی‌یە بۆ داگیرکەر ئەکەوێتە ناهەموارترین باری ئابووریەوە بۆیە دوژمنی ڕاستەوخۆی لەو قۆناغەدا داگیرکەرەو ووزەیەکی لەبن نەهاتووشی هەیە بۆبەرەوڕوبوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر چونکە خەباتەکەی تێکەڵاوی خەباتی ڕەنجدەران و خەڵکی هەژار و بێ‌دەرەتان دەبێ لەهەمان

کاتدا بایەخ دانی زۆر بەمەسەلەی نەتەوەی گرنگی ئەدات بەمەسەلەی چینایەتی و بەکەم سەیرکردنی ئەبیتەهۆی هەل دیرانی راست و رەوانە ئەمەش بەهۆی ئەوەی کەپارتی مارکسیستی دوور لەبەرژەوەندی چینایەتی سەیری مەسەلەی نەتەوایەتی بکات کە ئەبیتە هۆی لەدەست دانی تایبەت مەندی چینایەتی کەسەرئەنجام ئەکەویتە خزمەتی چینی بۆرژوازی و کاریگەری دەمارگیری بۆرژوازی لەسەری رەنگ ئەداتەوە. پیویستە جیاوازییەك لەنیوان دەمارگیری نەتەوایەتی و هەستی نەتەوەی نیشتمانی بکەین.

دەمارگیری نەتەوایەتی لەسەر ئەساسی رەگەزپەرەستییەکی کویرانە کەبۆرژوازی وەك عەقیدەیەکی کۆنەپەرستانە بەکاری دینی بۆ کویرکردنی خەلك لەبەرامبەر دەسەلاتە مشەخۆریەکەیدا هەروەها بۆکەرت کردنی چینی کریکار یەك ریزیەکەی و دژایەتی پی کردنی مارکیسزم و سۆسیالیزم بەکاری دینی کەئەمەش لە پیناو مانەوەی بۆرژوازی گەشەکردنی بەردەوامی مەرامە گلاوەکانی بە پشتیوانی لایەنی کۆنەپەرەستانە لە فەرهەنگی نەتەوەیەك دا چەند جار گەورەکردنی کۆمەلیکی وەهمی بیمانا کەلەراستیدا هیچ بوونیکی مادی مەوضوعی نیە لە پیناو شەرعیەت دان بەناشەرعیانەترین کارەکانی و جی بەجیکردنی نەخشەو پیلانەکانی بەسەر گەلان و نەتەوە بن دەستەکاندا.

بەلام هەستی نەتەوایەتی تەواو پیچەوانەیە لەگەل دەمارگیری کۆنەپەرستانەی نەتەوایەتی چونکە هەستی نەتەوایەتی بەپیی قۆناغ و میژوو واقیعی کۆمەلگا بە چینوو تویژە ناکۆکو جیاوازەکان دەگۆری، واتە سەرهەلدانی هەستی نەتەوایەتی لەلای میلەتیکی چەوساوەی بەش مەینەت کەخەباتەکەی دژی داگیرکەرە هەستیکی پیشکەوتوخوازانەیە لە پیناو مافەکانی خۆیەتی وەك ئەوە بەزمانی خۆ قسەبکات و زمانی رەسمی بی و ئەو خاکەی لەسەری دەژی خۆشی بوی بۆیە ئەم هەستە سنووردارە پیویستە بەچاویکی تر سەیری بکری لەگەل دەمارگیریو نزعەی رەگەزپەرستی کویرانە، بەلام نابی بە هیچ جۆری بگاتە سەیر کردنیکی کویرانە بەلکو ئەبی رەنگ دانەوەی ئەساسە زانستیەکەبی کە بۆ دیاریکردن و سەرهەلدانی ئەکری بەپیی رژیمی ئابووری و سەربەخۆی وولات کەواتە ئەبی هەستی نەتەوایەتی لە روانگەی چینایەتیو فەلسەفەکەیەوە بی کەبەرژەوەندی چینی کریکار و چینەکانی تری وەك جوتیار و رەنجدەر و هەژاران بی لەگەل لایەنی پیشکەوتوخوازانە لە کەلەپوری نەتەوەکەی، هەلویستی لینین سەبارەت بە هەستی نەتەوایەتی ئاشکرایە

وەك لەم وتەیەیدا روون دەبیتەوە ( ئایا ئیمەی پرۆلیتاری هۆشیاری روسیا، بیبەشین لە هەستی کەرامەتی نەتەوەی؟، هەرگیز
وانیە، ئیمە زمانەکەمان خۆش دەویت، نیشتیمانیشمان خۆش دەویت، هەموو توانامان دەخەینە گەر، بۆ ئەوەی، جەماوەری کارگەر (واتە نۆ لەسەر دەی دانیشتوانی) بگەیەنینە ئاستی ژیانیکی خۆش مەندانەو، ئاستی ژیانی دیموکرات و سۆسیالیستی‌یەکان.

ئیمە هەست بەو ئازارە ناکەین بەقەد ئەو ئازارەی کەدلمان زامدار دەکات کاتیك دەبینین و هەست دەکەین، وولاتە جوانەکەمان گیرۆدەی دەستی جەلادەکان خزمەت کار و دەست و پیوەندی قەیسەر و سەرمایەدارە و دووچاری هەموو رەنگیکی زەبر و زەنگ و ستەم و تاریکی بۆتەوە) [٢] .

رەنگە هەندیك لە کۆمۆنیستەکان کاتیك باسی هەستی نەتەوایەتی بکەین شەرم دایان بگری و بەلایانەوە دیاردەیەکی کۆنەپەرستانەبیت چونکە ئەوان پییان وایە کەگیانیکی (ئەنتەرناسیۆنالیزمی) بەرزیان هەیە و خەباتەکەیان بۆ رزگاربونی سەرجەم بەشەریەت بەلام ناتوانن تیگەیشتنیکی راستیان بەرامبەر ئەو واقیعە هەبی کە تیدا دەژین، هەر باس کردنیکی مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتمانی بەدەمارگیری کۆنەپەرستانە دەزانن لەکاتیکدا لەدواکەوتوترین باری ئابووری و کۆمەلایەتی‌دا دەژین بەلام هەرچۆنیك بی لەقۆناغی رزگاری نیشتمانی هەستی نەتەوایەتی تیکەل بەخەباتی چینایەتی دەبی و پەیوەندی‌یەکی ئۆرگانیانە هەیە لەنیوانیاندا، کەهاوشانە لەگەل هەست و ئەرکی ئەنتەرناسیۆنالیستی دا.

بۆیە دەبی پارتی مارکست هەلویستی راستەقینەی لەسەر ئەساسی پەیوەندی‌یە ئۆرگانی‌یەکانی نیوان هەردوو لایەنی مەسەلەی نەتەوایەتی و مەسەلەی چینایەتی بینابکات بەوەی کەبیروڕای راستەقینەی نەتەوایەتی لەروانگەی چینایەتی یەوە بی‌لیکدانەوەی بەپیی تایبەت مەندی‌یەکانی خۆی بۆبکری، لەهەمان کاتدا ئەبیتە ئەرك و بیروباوەری ئەنتەرناسیۆنالیستی هەروەك لینین دەلی (تەنها یەك نیونەتەوەیی راستەقینە هەیە، ئەویش کارکردنە بەدلسۆزی بۆپیش خستنی بزوتنەوەی شۆرشگیری، بەتایبەتی ئەو تیکۆشانە شۆرشگیری‌یە کەمرۆڤ لە وولاتەکەی بەریوەی دەبات، پشتگیری کردنی ئەم تیکۆشانە، بە(بانگیشتن و خۆشەویستی و یارمەتی دارای)، تەنها و تەنها ئەم نەخشەیە لە هەموو وولاتان دا بەبی جیاوازی ) [٣]

لەم چەند لێکدانەوەیەوە ئەگەینە ئەو ڕاستی‌یەی کەمەسەلەی نیشتمانی لە وولآتانی کۆلۆنیالّ و پاشکۆدا ناوەڕۆکێکی چینایەتی هەیە وە لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی ململانێی نەتەوەیی لەلایەك نی‌یە و ململانێی چینایەتی لەلایەکی ترو دابڕاوبن لەیەکتری بەڵکو لەسەر دوو هێڵی هاوشانی یەکتری دەڕۆن و پەیوەندی‌یەکی لێك دانەبڕاو هەیە لەنێوانیان دا بۆیە ئەرکی پارتی چەپ ئەوەیە کە بەشداربن ڕاستەوخۆی خەباتی نیشتمانی بکات، هەوڵەکانی بەو ڕادەیەبێ کە بتوانێ ڕابەرایەتی خەباتی بزاڤی ڕزگاری خوازی نیشتمانی بێ‌بەرنامەو پێشنیاری واقعی مەلموسی هەبێ تابتوانێ زۆربەی گەل لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە سەرکەوتووانە تیۆر لە بواری پراکتیکدا بسەلمێنێ، تابزافی ڕزگاری نیشتمانی بێتەوە سەر خەتی ڕاستەقینەی خۆی کە دیارە باڵی ڕاست زەرەرێکی زۆری لە مەسەلەی نیشتمانی داوە لە پێناو هێشتنەوەی بەرژەوەندی‌یەکانی دەستی لەگەڵ دوژمنی گەل دا بە هەموو جۆرێك تێکەڵ کرد وەبۆتە پاشکۆی، هیچ ڕێزێکی لە ئیرادەی میللەتی کورد نەگرتووە بۆ تە هۆی ڕەش بینی لەلای بەشێکی زۆری خەڵك و بێ مانا بوونی بەهاو مەسەلە نیشتمانی‌یەکان کەدیارە ئەوەش مەترسیەکی زۆری هەیە لەسەر مەسەلەی نیشتمانی لەهەمان کاتدا مەسەلەی چینایەتی و خەباتی پارتە چەپەکان پێویستە لە پێناوی کۆتای هاتن بێ بەهەموو ئەو مەترسیانەی کەبەرەو ڕوی ئەو بزافە بۆتەوە، دیارە مەسەلەی خەباتی نیشتمانی لە کوردستان دا بەردەوام بە پشتیوانی کرێکاران و زەحمەت کێشان بووە سەدان قوربانی‌یان لەو پێناوەدا داوە هێزێکی جەماوەری لەبن نە هاتوو بوون بۆ ئەو پارت و گروپانەی کەبونیان لەسەر ساحەی سیاسی کوردستان هەبووە، بەڵآم بەردەوام بەرەو چەواشەکاری بڕوان دوور خراونەتەوە لەبەرژەوەندی‌یە ڕاستەقینەکان تەنها بونەتە سووتەمەنی شەڕەکانیان کەبەپلەی سەرەکی لە پێناو هێشتنەوەی بەرژەوەندی‌یەکانی کۆمەڵێکی کەم دا بووە کەهیچ ناساندنێکی ئابووری‌یان نی‌یە دەسەڵآتێکی سەپاون بەسەر خەڵکی ستەم دیدە، هیچ ستراتیژێکی دیار یان نی‌یە هەموو کارێك ئەنجام ئەدەن لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانیان دا، بۆیە واقعی‌ترین ئەرکی چەپ و پارتە مارکسیەکان ئەوەیە کە خەباتی خۆی لە پێناو هۆشیار کردنەوەی خەڵکی کوردستان بێت بەتایبەتی کرێکار و ڕەنج دەرانی کوردستان، بەڵگەی مەلموس پیشانی خەڵکی بدەن، ئەوەش بە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ قەیران و ئەزمەکان، کەئەم ڕۆ لە کوردستان دا بوونیان هەیە و دەست نیشان کردنی بەدیل و، خەباتی کۆمەڵآیەتی و نیشتمانی لێك گرێ‌بدات ئاسۆیەکی کرداری

بێ بۆ هەموو داواکانی خەڵك چوونکە لەوە زیاتر دەستەوەستانی چەپ و مارکسیەکان نەبێتەهۆی کەنارگیربوونی زیاتر لە ڕووداوو ململانێکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی
کوردستان هێز و جەماوەریان لەکەم بوونەوەی بەردەوام دادەبێ، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە چەپ و مارکسیەکان ڕەخنەی لە ئێستای خۆیان بگرن دەست نیشانی هەڵەو لاوازیەکانی خۆیان بکەن لە پێناو ئەوەی جارێکیتر بەتەرحی نوێ وە مەیدانی خەباتی چینایەتی و نیشتمانی گەرم بکەن.

هەنێك لە کۆمۆنیستەکان بەهۆی تێنەگەیشتنی تەواو لەپەیوەندییە ئۆرگانییەکانی نێوان نەتەوەو چین تەنها گرنگی بەخەباتی چینایەتی ئەدەن و ئەرك و خەباتی نەتەوایەتی بەشەرمەزاری ئەزانن بۆبەشەریەت. ئایا خەبات کردن لە پێناوی ڕزگار کردنی کوردستان لە چنگی داگیرکەران کەبەدڕندانەترین شێوە هەوڵی لەناو بردنی دراوە هەر لە ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کۆمەڵ کوژی ...هتد. ئایا باسکردنی ئەو کارە دڕندانە شەرمەزارییە بۆبەشەریەت !!! یاخود تەعبیرە لە ئامانجی گەلێکی چەوساوەی دواکەوتوو کە خۆی لە ڕزگاری و سەربەخۆی کوردستان دا دەبینێتەوە لە پێناوی بەدەست هێنانی سەرەتاترین مافەکانی.

بەداخەوە ئەو کۆمۆنیستانە لە ژێر ئەو دروشمانەیان دا خۆیان لە خەباتی نیشتمانی بە دوور دەگرن لە بەرام بەریش دا خۆیان بەستووەتەوە بەچەندان تەرح و دروشم کەبازدانە بەسەر قۆناغەکان دا چوونکە لە بارودۆخێکی دواکەوتوی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەك ئێستای کوردستان کە پیشەسازی تێدا لە قۆناغی سەرەتای‌دایە، هەروەها سەرمایە بەتێگەیشتنە ئابوورییەکی بە شێوەیەکی بەر فراوان تێدا کەڵەکە نەبووەو، ڕیز بەندی چینایەتی بەزەقی تێدا ڕوی‌نەداوە خۆبەستنەوە بەو دروشمانە کەتەعبیر لە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو دەکات نابێتە شێواندن و دابڕان لەمارکسیەت و کەلەپوری شۆڕشگێڕانەکەی ؟ .بۆیە دەپرسم لەقۆناغی ئەمڕۆی کوردستان دا لەتوانادا هەیە بەتەنها سەرکردایەتی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بکرێت بۆ کۆتایی هێنان بەکێشەکانی کۆمەڵگا دوور لەمەسەلەی نیشتمانی ؟. لەکۆتایدا ئەوە دووبارە دەکەمەوە و کەخەباتی مارکسیەکان نابێ دابڕاو بێت لەخەباتی نیشتمانی بەڵکو دەبێت لەپێناوی سەرکردایەتی کردنی خەباتی ڕزگاری خوازی نیشتمانی بێ، چونکە ناوەرۆکێکی گرێدراوی هەیە لەگەڵ خەباتی چینایەتی ، هیچ جۆرە شۆڕشێکی

کۆمەڵایەتی دوور لەمەسەلەی نیشتمانی ناتوانرێ هیچ یەکێك لەئامانجەکانی بەدی بێنێ.

پەراوێزەکان:

١/ لينين حركة شعوب الشرق الوطنية التحررية (مجموعة مقالات والخطب ) دارالتقدم موسكو  لا ١٢٩لەبابەتی(حق الامم فی تقریر مصیرها).

٢/ لينين مسائل السياسة القومية والاممية البروليتارية . ترجمة اليس شاهين طبع في الاتحاد اسوفيتي دار التقدم موسكو  لا ١١٦ بابەتی(بصدد كرامة الروس القومية).

٣/ لينين: موضوعات نيسان(دارالتقدم موسكو) لا٥٥ (مهمات البروليتاريا في ثورتنا ) .

# تیرۆر یـــــان تیرۆریزم

عەتا عەزیز



چـی یە ...

تـیرۆرزم ( Terrorisme ) لەبنـەڕەتدا لـە دوو برگـەی ( Terrerو Terser) ی لاتینـی پێـك هـاتووە ، بـەمانای ترس و سام یان ( تۆقاندن ) _ دێت .

تـیرۆر ( Terreur) دەرئـەنجامی دەسـەڵاتێکە لـە کـاتی دروست بونی ململانێ ی نێـوان ئینسـانەکان سـەری هـەڵداوە ،لـەو کاتـەوەی کـە کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی بۆچەند چینێك دابـەش بـوو ،بەتایبـەتی لـەکاتی زاڵ بوونی چینێك بەسەر چینێکی تـردا ،یان کۆمەڵگایەك بەســـەر کۆمەڵگایـــەکی تـــردا ،بۆدیفـــاع کـــردن لەبەرژەوەندی یەچینایەتیەکانیان ،ئەمەش دەرگای ئاوەڵاکرد لەبـەردەم پیادەکردنی تیرۆردا .

دیاردەی تـیرۆر یەکێکـە لەکێشـەکانی ئـەمڕۆی جیـهان ،کەسـەرجەم مرۆڤایـەتی بەدەستی یەوە دەناڵێنێت .پیـادەکردنی ئـەم دیاردەیـە لەسـەر ئاسـتی تـاك ،کۆمـەڵ ،دەزگا سیاسی‌یەکان ،حـیزب ،دەزگائاینیەکان ،گروپە چەکدارەکان ...... هتد بـەڕێوە دەبرێت ، زۆر جار دەوڵەتە زل هێزەکان لەپشتی ئەم کارەن .

تیرۆر بۆتـە جـێ ی تـرس و دڵـەڕاوکێ لای خـەڵکی بەگشـتی ،سـیمایەکی ناشارستانیانەی لە خۆگرتووەو ناچیزەترین جۆری کێ بەرکێ ی نێوان ئینسانەکانە ،جۆرێکی قیزەوونی دژە ئینسانی وایە کەبەها مرۆڤایەتیەکان دەخاتە ژێـر پـێ یـەوەو سەرجەم مرۆڤایەتی گیرۆدەیەتی .

بەکارهێنـانی زاراوەی تـیرۆر ( Terreur )، لـەکۆتای سـەدەی هـەژدە ،لەسـەردەمی شۆڕشـی فەرەنسـی سـاڵی ١٧٩٤ هاتـە کایـەوە،بەهۆی ئـەو تـاوان و قەسـابخانەیەی کەکۆماری خوازەکانی فەرەنسا خوڵقاندیان لە ساڵی ١٧٩٢ دا.

پرۆفیسـۆر ( تـۆم مالیسـۆن ) دەڵێـت : "تـیرۆرزم بـەکارهێنانی تونـدوو تیژییـە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ، یان بەرنامە بۆدارێژراو ،بۆ هەندێك مەرامی سیاسی ".

فاکتەرەکانی تیرۆر :_

ئەو فاکتەرانەی کەدەبنە هۆی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ و تیرۆر ، گەلێک زۆرن کەناتوانین هەموو فاکتەرەکان ڕاڤەبکەین . بەلأم ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە تەنها باسی ( سێ ) فاکتەر ئەکەین کە ئەگەر پەیدابوونی تیرۆریان لێ دەکرێت :_

(١)ئەگەری ئابوری :_

لەجیهانی ئەمرۆی سەرمایەداریدا فاکتەرە ئابوریەکان ،جوڵێنەری سەرەکین بۆپیادەکردن وئەنجام دانی تیرۆر .لەپێناوی بەدەست هێنانی سەرمایەیەکی ناشەرعی و کەڵەکەکراودا ،سڵ لەهیچ تاوانێك ناکەن، ئامادەن لەم پێناوەدا هەموو کارێکی دژە ئینسانی ئەنجام بدەن .

ئەمە هەموو ئەوباندە تیرۆرست و مافیانە دەگرێتەوە کە لە وولأتە سەرمایەداریەکاندا ڕۆژانە جەریمە دەخولقێنن . جگە لە شەرعیەتی دەوڵەتی سەرمایە ، خۆی پاڵپشتی ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆی تیرۆرە .

(٢)ئەگەری سیاسی:_

ئەگەرە سیاسیەکان دیسان پاڵنەرێکن بۆ ممارەسەکردنی ئەم جۆرە زەبروو زەنگە (تیرۆر) بەهۆی دوو جۆر بیرکردنەوەی جیاواز یان دوو جۆر سیاسەتی جیاواز ، یان دوو جۆر بەرژەوەندی سیاسی جیاواز، چونکە هەموو بنبەستە سیاسیەکان،یان هەر گروپێکی سیاسی بوحراناوی بۆ دەربازبوون لەو گێژاوەی کەتێ یدەکەوێ ، ناچار ئەلتەرناتیفی خۆی دەگۆرێت بە تیرۆر .

کەلایەکیان یان هەر دوولا بەها مرۆڤایەتی یەکانیان لادەبێتە سفر یان خوارتریش ئەمە جگەلەوەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان بۆ بەردەوام بوون و ادامەی دەسەلأتیان جەریمەی گەورەگەورەیان ئەنجام داوە .مێژووی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگاکان شاهیدی ئەم جۆرە تاوانانەن .(تیرۆر).تائێستاش پیادە دەکرێ .

(٣) ئەگەری ئاینی سیاسی :_

پیادەکردنی تیرۆر بەهۆی جیاوازی ئاینی یەوە جۆرێك لە پراکتیکی ئاینەکان بووە لە نێوان خۆیاندا ،هەر لەسەرەتای دروست بونیانەوە تاکو ئێستا .بەهۆی دروست بوونی دوو جۆر یان چەند جۆرێك لە ئاین .کەدروست بوونی دوو دینی

جیاواز و دژ بەیەك وە پەیدابوونی ململانێ لە نێوانیاندا، یان لەنێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکانی تەنها ئاینێکدا. دەرئەنجامی تیرۆری لێ پەیدابووە .

وەك لەنێوان سیگەکان و ئیسلامەکان لە هیندستان ،اسلامەکان وەك سوننی و شیعە ، یان لەنێوان باڵی کاثولیك و پرۆستاندەکان لە ئاینی مەسیحیەتدا .کەجۆرێك لە تاوانی تیرۆریان ئەنجام داوە لە دژی یەکتری .

هەروەها لە نێوان دینیەك و دژە دینیەك کەزیاتر بەرجەستە بووە ،بەهۆی ئەوەی فەلسەفەی ئاینەکان کەسانی بێ باوەڕو دژ بە خۆیان بە (کافر) دەزانی ، هیچ بەهایەکی ئینسانیان بۆ دانەدەنان (لەسەرەتای دروست بونیانەوە تا ئێستا) بۆیە تیرۆر لای ئەوان ئاسانترە و ئاسانتر دەتوانن خەڵکی تیرۆرست دروست بکەن .

(( پیادەکردنی تیرۆر لە کوردستاندا ))

ا_ گەلی کورد جگە لەو هەموو ستەمەی کە لەسەریەتی ،هەموو بێ ماف وناچیزەیەکی بەرامبەر کراوە ،ستەم و دەسەلاتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ، جۆرێك لە زەبرو زەنگ و تیرۆریان لە بەرامبەر (دژی) گەلی کورد بەرجەستە کردووە . بەتایبەتی لە سەردەمی رژێمی فاشستی (صدام حسین) دا زەبرو زەنگ یان ستەمی میللی پێ ی نایە قۆناغێکی بالآوە .

تاوانی گەورە گەورەی لەا ژی گەلی کوردستان ئەنجام داوە وەك تیرۆری رەشە کوژی ، ئەنفالەکان ، سیاسەتی جینۆساید ، کیمیاوی بارانی شاری هەڵبجە ، گرتووخانەکان ،........هتد. ئەم جۆرە سیاسەتە تائێستا ئیدامەی پێ دراوە لە عێراق دا.

ڕەنگ دانەوەی ئەم جۆرە توندو تیژیە (تیرۆر) وەك خەباتێکی چەکداری لێ هات بەرامبەر بە دوژمن ئەمە لەسەردەمی شاخ . مارەسەکردنی بەبەرنامەو چالاکی جۆراو جۆربوو زۆربەی ئەحزانە ناسیونالیستەکانی گرتەوەو بەفعلی ئەم کارەیان ئەنجام داوە . ئەمە بەدوژمنە سەرەکی‌یەکەوە نەوەستایەوە ،گواسترایەوە بۆناو حیزبە کوردستانیەکان. خۆیان بەنموونە چ بەر لە شەڕی کود بە کورد و یان بەدرێژایی ئەم شەڕەو ،تیرۆرو کوشتنی دیل بووە سیمای نا شارستانی ئەم حزبانە ،چەندین کاری تیرۆری رێکخراو بۆ کەسایەتی بە دیارو نیشتمان پەروەر ئەنجام درا و جاری واش هەبووە تیرۆری جێ بەجێ کراوە... هەروەها تەنها حیزبێك لەناواخنی خۆیدا دیاردەی تیرۆری لە دژی ئەندامەکانی خۆی بەکار هێناوە ، بەهۆی گومانی جۆرێك لە لادان و، دانیشتن ، بیرکردنەوەی جیاواز ، یان هەر هۆیەکی تر.

جگە لەوەی حیزبەکان لەنێوان خۆیاندا ، دەزگای تیرۆرستیان دروست کردووە لە دژی یەکتری بەکاریان هێناوە .

ب_ ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا جۆرێك لە دیاردەو شێوازی تیرۆریان بەکاریان هێناوە لەبەرامبەر کەسانی سیاسی ئەحزابەکانی تردا ، یان لەبەرامبەر کەسانی ناودار و رۆشنبیر کەجێگەی مەترسی و کارلێکەری حیزبە ئاینییەکان بوون .وەك چۆن لە ولاتانی دنیادا تیرۆریان ئەنجام دا ، لە ئەفغانستان ...جەزائیر...لبنان...هندستان...ئیران...میصر...هتد . لێرەش ئەم دیاردەیە پیادەکراوە ، وەئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا بەدوور نەبووە لەم جۆرە کارانە .

لەلایەکی تر بەهۆی داگیرکردنی لە مێژینەی خاك و گەل و کەلتوری ئێمە لەلایەن رژیمە عەرەبیە ئیسلامیەکانەوە ئەم کارە جۆرێك لە بیرکردنەوەی ئەو تۆی سەقەتی لەزهنی خەلکی کوردستان دا دروست کردووە.ئەمەش دەرگای ئاوەلا کرد لەبەردەم تیرۆری کۆمەلایەتی دا لەژێرپەردەی ناموس پەرستی‌و،موقەدەساتی ئەخلاق دا،تیرۆر پیادە کراوە.وەخەریکە دەبێتەجێکەوتەیەکی وا زۆرێك لە خەلك ممارەسەی بکات.

بۆنمونە تیرۆر کردنی کچان وژنان لەلایەن باوك و براو مێردیانەوە ..یان کوشتنی کور کەخۆشەویستی لەگەل کچێك هەبوبێت یان کارێکی سێکسی یان ئەنجام دا بێت. بەم شێوەیەش دووژمن ودوژمن کاری و جۆرێك لەتیرۆری بۆ ماوەیی لێ دەکەوێتەوە ئەمەش بەبێ گوێ دانە هیچ پرنسیپێکی شارستانیەت و مرۆڤایەتی.

سەرچاوەکان :_

١. د.سهيل حسين الفتلاوي : المنازعات الدولية _ بغداد ١٩٨٦

٢. أدونيس العكرة _ الارهاب السياسي، بيروت ١٩٨٣

٣. د. فتحي التريكي : الفلسفة الشريدة ،مركز الانماء القومي

٤. دارا محمد : تارماییەکانی زەبروزەنگ _ گۆڤاری هزر_ ژمارە (١)،١٩٩٨

# بە جیهـــــانی کـــردن

## یان نەبوونی گفتو گۆیەکی ڕاستەقینە لەسەر نوێگەری؟

پیتر گران – و : بۆ عەرەبی : د. فالح عبد الجبار      و: بەهمەن نەجمەدین

١_ حەز دەکەم ئاوا لەم بەژداری کردنەم تێ بگەن، کەڕاگۆڕینەوەیەکە لەنێو خودی ڕیزەکانی چەپ دا لەدید گای کەسێکەوە کەبۆچونی ڕەخنەگرانەی لەسەر چەمکی بەجیهانی کردن ( العولمة ) و ڕەهەندە تیوری‌یەکانی هەیە.

نامەوێ بچمە قوڵای موناقەشەکەوە لەباری ئەگەرە سیاسی‌و هزریەکانەوە ، یان ئەوەی کەچی لەدەست دەدەین ، کاتێك ئێمە زاراوەی نوێ گەری (الحداثة) بە جێ دەهێڵین و چەمکی بە جیهانی کردن لە جێگەی دادەنێین ، جا ئیتر خاڵە لاوازو ناڕۆشنەکانی زاراوەی نوێ گەری هەر چی‌یەکیش بن.

٢_ بەسەرچاوەگرتنم لە میتۆدی مارکسیزم ، بە ڕێبازە ناسراوە جیاوازیەکانیەوە بوونی پەیوەندیەکی مادی لە نێوان وتەزا (مقولة) سەرەکیەکان و هەل ومەرجە گۆڕاوەکان دا بە گریمانە وەردەگرم.

لەماوەکانی سەردەمی سەرمایەداری بەرهەم هێندا ، واتە لە بیستەکانەوە بۆ حەفتاکانی ئەم سەدەیە ا یبرالیزم لەسەر بەکار هێنانی زاراوەکانی گەشە پێدان و نوێ خوازی کاری دەکرد و ، هێزێکی کێش کردنی تایبەتی بەخشرابووە چەمکی نوێگەری لە لایەنی پراکتیزەکردنیەوە بەسەر توێژە نوخبە و وێنەکانی ڕۆژئاوادا. لەو ماوەیەدا چەپ لە (جۆرج لۆکاش)و کەسانێکی تردا خۆی‌دەنواند ، نوێنەرانی چەپ هەوڵیان دا شرۆڤەکردنێکی چینایەتی بۆ چەمکی نوێگەری پێشکەش بکەن ، بەڵام ئەم هەوڵەیان لەلایەن (ڕایمۆند ولیامزەوە) پێ بەپێ ڕەت کرایەوە. لەو کاتەدا دیدی چەپ بەگشتی نوێگەری وادەبینێت دیاردەیەکە پەیوەستە بەپێشکەوتنە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە و دواڕۆژی مێژووی جیهان دەنوێنێت.

لەکۆتایی ئەم ماوەیەدا، چەپ ئاشنایەتی لەگەڵ کارە هزریەکانی (گرامشی)دا پەیدا کرد ، گروکی لێ تێگەشتنی ئەو لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی و هاوپەیمانی‌یەتی هەژمون گەراکان( التحالفات الهیمنة ) و کۆ ووزەی ڕادیکاڵیانەی زۆر لێکراوان تێگەشتنی ئێمەی لەمەڕ نوێ گەریەوە تاڕادەیەکی زۆر فراوان کرد.

واتیێ دەگەم ئەمەیە ئەو گۆشەیەی ، کەپێویستە لێ یەوە بڕوانینە (گرامشـی) ، نەك لەو گۆشەیەوە بۆی بڕوانین ، کەلە دوو بەشی کتێبی ( ئامیلکەکانی بەندینخانە ) دا لە باری فۆردیزم ( الفوردیة ) و ئەمریکی یەت (الأمریکیة ) ەوە وەلآمی داوەتەوە ، یەکەم تێبینی ڕەخنەگرانەم لەسەر چەپی هاوچەرخ، کەجیهانگیری وەك چەمکێکی قبوولێ دەکات، بەهەڵە تێگەشتنی چەپە لەمەر بوونی ئەلتەرناتیڤێك بۆئەم چەمکە کەبەتاقە چەمکێکی جێگیر و پتەوی دادەنێ.

ڕێگام بدەن بڵێم، کەهەوڵەکانی چەپ بۆ نزیك بونەوە لەجیهان گیری و لەبەکارهێنانیشی سەرکەوتوو نەبووە، وەبۆڕوون کردنەوەی بابەتەکەم پانتایەکانی مێژووی میسر وەك نموونە بەکار دەهێنم.

ئاخۆ چ جۆرە مێژوویەکی میسر لەبەر دیدی مرۆڤ گەلآڵە دەبێت _ئەگەر وابزانیت شەپۆلە ( نێرراوە ئەوروپایەکان ) ئەوەیە کە مێژووی نوێی میسری دروست دەکەن.

ئەگەر بەپێ ی ئەم تێڕوانینەبێت بۆ مێژوو ئاخۆ دەبێت ڕۆڵ و شوێنی خودی میسریەکان لەکویێ دابێت؟ ، باقسەوباسی زیاتری لەسەر بکەین، سەرنج بدەن ئاخۆ دەبێت (تەها حوسەین) و (ئەهتاوی) و (عەلی موبارەك) و ئەوانی تریش ، چییان لێ بەسەر بێت ، کاتێك توێژەرە ڕۆژئاوایەکان هەڵدەستن بەڕاڤەکردنی بەرهەمەکانیان و ئەویش لەڕێگەی دامالینی بەرگە میسرییەکانیان و کردنی بەرگێکی فەرەنسی بەبەریاندا. بەچ شێوەیەك ڕۆمانی ( زینب )ی(محەمەد هیکەل) بخوێنینەوە ،ئەگەر بە زمانێکی فەرەنسی ڕۆمانسی بیخوێنینەوە ئەوا چوارچێوەو چێژە میسریەکەی لەدەست دەدات.

پەسەندکردنی بێ ئەملاولای بەجیهانیکردن ، بەکردەوە دەبێتە هۆی سڕینەوەی یەکجارەکی میسر لەسەر تابلۆکە. ئەم پڕوپوچیانە چۆن لەلایەن چەپی میسریەوە دێتە قبولێ کردن؟ من ڕەگ و ڕیشە هزریەکانی بەجیهانیکردن لەبەرهەمەکانی ئەو مێژوو نووسە میسریانەدا دەبینم ، کەناڕاستەوخۆ چەمکی بە جیهانیکردنیان پەسەند کردووە.

هەروەها مۆرك پارێزگارانەی (محافز کارانە) ڕۆژئاواش خەتابارە بەهۆی شێوازی ئیش کردنیەوە لەسەر مێژووی ڕادیکالیانەی میسر ، بۆ نموونە : عبد العزیز شناوی (لە شەستەکانەوە) ئیش لەسەر بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان دەکات ، لەوەدەچێت توێژەرەکان لەماوەی ئەم بیست و پێنج ساڵەدا لەکاری بێ پسانەوە بوبێتن بەمەبەستی ڕێگە خۆشکردن بۆهاتنە ئارای چەمکی بە جیهانیکردن.

من لە کاتێك دا هەوڵ دەدەم بگەمە دەر ئەنجامێکی گشتی ، پێم باشە دوو خاڵ پێشنیاز دەکەم :

یەکەم :_ لەسەر چەمکی بە جیهانیکردن ئاخۆ دەبێت قسەو تێڕوانینی چەپ چیبێت؟

دووەم :_ هەروەها قسەو تێڕوانینی چەپ لەسەر نوێ گەری لە میسر دەبێت چی بێت؟

**بەجیهانیکردن چی‌یە؟**

بەجیهانیکردن ئایدیۆلۆژیای نیولیبرالیزمە (لیبرالیزمی نوێ)، وەك دەردەکەوێت پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ لۆژیکی سەرمایەداری دارایی‌دا هەیە، لە ڕوی بایەخ دانی بەهۆیەکانی گەیاندن و ڕووانینی زانستی‌یانەو بەستەڵەك ئاسای بۆزانست و ئامادەگی هەمیشەیش بۆ قوربانی دان بە خۆش گوزەرانی و پێشکەوتنی وڵاتان و ناوچە هەمە جۆرەکانی جیهان هەتاکو تەنانەت لەوچرکەساتانەش دا کەئەم ناوچانە ڕوو بە ڕووی کارەساتی ترسناك دەبنەوە.

نیولیبرالیزم، بەهۆی هەڵوێستی نکۆڵی کەرانەی لە تایبەتمەندێتی هەریەك لە : مێژوو ، گەلانی جیاواز، کلتورە هەمەڕەنگەکان ، تاڕادەیەکی زۆر لە ئانارشیزم (الفوضویة) نزیك دەبێتەوە. بەجیهانیکردن هانی خوڕافەگەرێتی‌و ئەو دنیا خوازەی دەدات ، کەبەبێ‌جیاکاریکردنێکی وردو زانستی بەژیاندنەوەی ئاینی (الاحیائیة الدینیة) ناو دەبرێت.

بێگومان دەکرێت مرۆڤ بەشداری ململانێکان بکات، لەسەر ئاستی جیهان ، با بە شێوەیەکی ناڕۆشن و ئاڵۆزیش بێت، لەوانەیشە ئەم بەژداری کردنە سوود مەند بێت ، ئەم بۆ چوونە ڕاستەو لە مێژە کاری پێ دەکرێت و هەتابەچرکە ساتەکانی ئێستاشەوە کەکۆتایەکانی سەدەی بیستەمە ڕاستی‌و گرنگی خۆی لەدەست نەداوە، ئەم ڕاستیە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەشدا کاری پێکراوە. مێژوو شتێك پەسەند ناکات، کە پێشتر ڕەتی کردبێتەوە ، بیرکردنەوە بەپێچەوانەی ئەم ڕاستیەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە.

بۆ بێ بایەخ کردن و یاخوود بیانوو هێنانەوە بۆ قبوڵ کردنی چەمکی بەجیهانکردن ،ئەو بانگێشەیە هێندە سوودی نابێت کە بگوترێت سەرمایەداری ئەمڕۆ بەبەراورد لەگەڵ نیو سەدە بەر لە ئێستا، گەشەسەندتر و زیاتر بەنێو دەوڵەتی ترو بەجیهانی بووە، لێرە چەند بەڵگەیەکی سنوردار هەیە کە بیسەلمێنێ سەرمایەداری هەزار ساڵی‌تر بەردەوام دەبێت. ناشزانین کە ئێمە ئێستا لە قۆناغێکی زوو یان درەنگی سەرمایەداری داین یان ئەوەتا هەر لە قۆناغە سەرەتایی‌یەکانی داین.ئێمە

دەزانین، کە تاکو ئێستا ژمارەیەکی کەم لەکۆمپانیاکان بونەتە کۆمپانیای نێو نەتەوەی، هەروەها ئەوەش دەزانین کە ٩٥٪ی سەرمایەدارانی جیهانی سەرمایەداری ناوخۆیین، کەلەم ناوخۆیی بوونەیاندا لەفرۆشیاری سەرشەقامەکان دەچن، وەلە ٨٠٪ ی دانیشتوانی جیهان لەدەرەوەی بازارەکاندا چالاکن، لەبەر ئەوەی خاوەنی برێکی زۆر کەمی پارەن ، کەوایان لێ دەکات لەخۆبژێوییاندا پشت بەپارە نەبەستن، وادیارە ئەم ڕێژەیە ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بووندایە.

زووربەی هەرە زۆری ئەوانەی ئەم (٨٠٪)یە پیک دەهێنن لەخوار تەمەنی پەنجا ساڵی دان و زۆربەشیان ئەوکارانە دەکەن، کەمەمرە ومەژی‌یە وە لەمەترسی مەرگ دوریان دەخاتەوە.

ئەم جیهانە بەرینەی هەژاری و داماوی ، ناتوانرێ بەزمانەکانی جیهانگیری و سەرمایەداری جیهانگیرو یان گەشەی نایەکسان ، یان تەنانەت بەزمانی ناوەندو دەورو بەر ،گوزارشتی لێ بکرێت، لەوانەیە بەشێوەیەکی گشتی لەپشت سەرمایەداریەوە لۆژیکی دیاری کراو هەبێت ، لەکاتێکدا کەچەند جۆرێک لەسەرمایەداری چالاك هەن، کەهەر یەکێکیان خاوەنی لۆژیکی تایبەت بەخۆیەتی، هەر لەسەرمایەداری بواری ئوتێلەکانی (هیلتۆن) نەوە بگرە هەتا دەگاتە (سایس حەنتون)، دوای ئەوەی کەچەپ شکستی هێنا لەوەی کەپانتاییەك یان جێگاپێ‌یەك لەناو پێهاتەکانی چەمك بەجیهانیکردن و هەتا تەنانەت لەوەش دا، کەبتوانینێت پاساو بۆ ڕوانینی سەنترا لیزمانەی ئەروپی بۆ جیهان بهێنێتەوە، وای دەبینم دوای ئەوەی لەمانەدا شکستی هێنا ، ئەوا پێویستە لەسەر چەپ بگەڕێتەوە بۆ ڕوون کردنەوەو پەردەلادان لەسەر نوێگەری میسری _مەبەستم دیاری کردنی ئەوەیە کە ئایا نۆێگەری لەمیسر کامەیەو تایبەتمەندی خودی میسر خۆی چی یە؟

ئایا میسر لەپێشڕەوی و پێش کەوتن دایە، ئایا پێشکەوتنخوازی و کۆنە پەرستی لەمێژووی میسر دا کامانەن؟

لەکتێبەکەم دا (پاش سەنتەرالیزمی ئەروپی) ئاماژەم بۆ ئەوە کردوە، کەپێویستە لەسەرمان سروشتی هەژموون گەرایی (الهیمنة)ی هاوچەرخ لەمیسر بەووردی دیاری کەین، کەئایا لەچوار جۆری هەژمون کەلەکتێبەکەم دا باسم کردوە، شێوازی میسری سەر بەکامیانە؟


لەکۆتایی دا دەڵێم، پێویستە لەسەرمان دوور بکەوینەوە لەخەیاڵاتی چەمکی دێ ی جیهانی (القرية الكونية) و بگەڕێنەوە بۆ سەر شێوازی ڕێبازی نوێگەری ئیتالی _ لەبەر ئەوەی زۆر نزیکە لەشێوازەکەی میسرەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری (النهج) ژمارە: ١٤بەهاری ١٩٩٨

هەواڵنامەی کتێب

# ئەزموونی کوردان لەباکوور و چەند سەرنجێك

ئامادەکردنی/شۆڕش علی



پاش ئەوەی لەمانگی مارتی ١٩٢٩دا ڕژێمی کەمالیستەکان لەنزیك شاری (ئیگ دین)و (بایەزید) سوپایەکی گەورەیان کۆکردەوە کەلە دووتیپ پێك هاتبوو وەژمارەی سەربازەکان لەنێوان (١٢٠٠٠تا١٥٠٠٠) سەرباز بوو بەسەرکردایەتی صالح پاشاو بەهاوکاری(٣٠)سی فڕۆکەهێرشیان دەست پێکرد،ئەوەبوو سەرەتا لەشاری ئەرزڕۆمەوە دەستیان پێکردو لەم شاڵاوە یاندا نزیکەی (٩٥٠)پیاویان گرت یەکێ لەوگیراوانە (صلاح الدین کوڕی شێخ سعید)بوو،پاش ئەم هێرشە بەر بلاوە ئەوە بوو شۆڕشگێڕەکان پەنایان بردە بەر(چیای ئارارات). وئاڵای کۆماری کوردیان لێ بەرز کردەوە بەڵام لێرەدا وە نەبێ دەسەڵاتدارانی تورك بێدەنگ بووبن نەکەوتبنە پیلان دانان بۆ لە ناو بردنی ئەو ئەزمونەی کوردان بۆیە هەروەك زۆرکاری پێشویان کەچەندەها جار بەرامبەربەگەلی کورد لەسەرخاکی باب وباپیرانیان ئەنجامیان داوە بۆ ئەم مەبەستەو هێنانەدی خەونی گلاویان بەهەمان هێزی پێشووەوەکە هێرشەکەیان پێکرد ئەم جارەش لە١١ی مانگی حوزەیرانی ساڵی١٩٣٠هێرشیان کردەسەر کۆماری کورد لە ئارارات کەتا١٥ی هەمان مانگی خایاندولەئەنجامدا شۆڕشگێڕەکان توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێننئەویش بەکوشتنی ٢٨٠٠ سەربازوبریندارکردنی ٤٠٠٠ سەربازو بەدیل گرتنی ١٧٠٠ کەس بەڵام دواتر هێزی شۆڕشگێڕەکان زیانی شەهیدبوونی ٩٠٠ کەسیان لێ کەوت لەگەڵ بریندار بوونی ٢٤٠٠ کەس ئیتر پاش ئەم زیانە شۆڕشگێڕەکان خۆیان پێنەگیرا لەبەر ئەوەی هێرشی سوپای کەمالیستەکان هەربەردەوام بووبۆیەهەڵاتن بەرەوسنوورەکانی ڕۆژهەڵات ڕووەو ئێران.ئەو کاتەش هێندەنەبوو ڕژێمی ئێرا:لەکێشەی (سمایل ئاغای شکاك) (سمکۆ

ڕزگاریبووبوو.بەڵام سەرەرای ئەم نائاسایی یە ڕژێمی ئێران لەگەڵ هێزی شۆڕشگێران پەیمانی بەست کەیارمەتییان بدات بەمەرجێ هێمنی ناوچەکەی بۆبپارێزن.بەڵام شۆڕشگێرەکان لەبەرئەوەی توانییان خۆیان ڕێك بخەنەوەو جێگەوپێگەیان قایم بکەنەوە ئەوەبوو توانیان پەلامارەکانی سوپای تێك بشکێنن وئەم جارە سەرکەوتنی یەك بەدوای یەك بەدەست بهێنن.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنج وتێڕوانینە ئەوەیەکەدوژمنان وداگیرکەرانی کورد سەرەڕای ناکۆکییە بنەڕەتی وسەرسەختەکانیان هەرکاتێ دیبێتیان کەکورد خەریکە سەردەکەوێ و سەربەستی وسەرفرازی بەدەست دێنێ و نزیکە لەبەدەست هێنانی مافەکانی و ڕزگارکردنی وولآتەکەی خێراگشت ناکۆکییەکانیان خستۆتەلاوەوکێشەی کوردیان بەگەورەترین کێشە داوەلەقەڵەم وبەترسێکی گەورەیان داناوە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی وئابوورییان بۆیە پەیمانی دووقۆڵی وسێ قۆڵییان بەستووەوگشت هێزو توانایان خستۆتەگەڕ ئەگەربۆیان کرابێ بەتەنها ڕۆڵی تێکدەر یان بیانوویان دۆزیوەتەوە.

بۆیەلەم ڕوداوەدا دەبینین کەڕژێمی ئێرانی سەرەڕای ئەوپەیمانەی دابووی بەشۆڕشگێرەکان بەڵام لەودیوو پەردەوەلەگەڵ ڕژێمی تورکەکان ڕێك کەوت لەسەر تێك شکاندنی شۆڕشگێرەکان ونەهێشتنی ئەونەزمونە سەرکەوتووە بۆیەساڵی ۱۹۳۰ لەسەرتێك شکانی کۆمارەکەونەهێشتنی شۆڕشگێرەکان ڕێك کەوتن وپەیمانیان مۆرکرد.

ئەوەی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین کەگەلی کورد بەدرێژای مێژووی شکۆداری خۆی هەرگیز لەبزوتنەوەو سەرهەڵدان وشۆڕش وڕاپەڕین کۆڵی نەداوەو هەمیشە لە سەرکەوتنەکان سوودمەندبووەو لەهەرەس ونسکۆکان پەندوو عیبرەتی وەرگرتووە لەگەڵ ئەوەشدا لەئاستی پێویستدا نەبووە وەهەمیشە یارمەتی دان وبە هانای یەکتر چونەوە گیانی بەرزڕاگرتنی نەتەوەی وجوامێرانەی کوردان بووە لەپێناو ڕزگارکردنی کوردستان وبەدیهێنانی سەربەخۆیی بووە.

بۆسەلماندنی ڕاستی قسەکەمان نموونەی بەهاناچونی جوامێرانەی شێخ ئەحمەدی بارزان دێنینەوە کەچۆن هەردوای بیستنی پیلانی داگیرکەران بۆدامرکاندنەوەی شۆڕشەکەو لەگۆڕنانی ئەوەبوو هەرخێرا لە ۲٦ی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۳۰ دا بۆدامرکاندنەوەی شۆڕشەکەو بەدەست هێنانی سەرکەوتن لەپارچەی باکوری کوردستان هەستا بەناردنی (۲۰۰) دووسەد پیادەی شەڕکەر بۆیارمەتی

دانی شۆڕشگێڕەکان لەناوچەی (نورامان). بەڵام ڕژێمی داگیرکەری تورك وەك پیشەی هەمیشەیی بەدرێژایی مێژوو لەدژایەتی گەلی کورد ئەوەبوو بەناگروناسن وەڵامی داماوە ڕەواکانی گەلی کوردی داوەتەوە نەخوازە هاوکاری ویەك ڕیزی وتەبای کوردانیش ، ئەوەبوو ئەم جارە وەڵامی ئەم ڕاپەڕین وسەرکەشییەی کوردو هاوکاری یەی بەوە دایەوە کەفەرمانی دا بە جەنەراڵ صالح پاشا کەهێرش بکاتە سەر شۆڕشگێڕەکان لەچییای ئارارات وهەموو هێزو توانایان بخەنەگەڕ بۆڕوخاندنی کۆمارەکەیان .

جەنەراڵ صالح پاشا بەپشتیوانی سوپاکەی توانی لە (٧ی) سالی ١٩٣٠ هێرشی کۆتای وگەورەی خۆی کردەسەر لوتکەی کیوی ئارارات ولە(١٠)ی ئەوسالەدا نیوانی دووکلکی ئاراراتی گرت کەیەکەمیان (کەلی سەردابلاغ) بوو، لەدوای داگیرکردنی ئەم لوتکەیە هیزی شۆرشگیرەکان ناچار بوون بەسەرکردایەتی جەنەرال (ئیحسان نوری پاشا) کەبکشینەوە بۆخاکی ئیران بەلام بەم کشانەوەیە وەنەبی ئیتر شۆرشەکە بەردەوام نەبوبی و شۆرشگیرەکان چۆکیان دادابیت بەلکو بەپیچەوانەوە شۆرشەکە تاسالی ١٩٣١ هەربەردەوام بوو وەبۆسەرکەوتنی شۆرشەکە جاریکی تریش گیانی جوامیری و هاوکاریو یەك ریزی کوردان بۆدووژمنان سەلماندییەوە کەکورد فیداکارو کۆلنەدەرن ،ئەوە بوو شیخ ئەحمەدی بارزان ئەمجارەش (١٠٠) سەد کەسیکی تری نارد بۆیارمەتی دانی شۆرشگیرەکان .پاش دامرکاندنەوەی شۆرشەکە ،رژیمی کەمالیستەکان وەك پیشەی هەمیشەیی کەوتەوەیزەی کوردان وبەهەموو جۆریك کەوتەئازاردانی رۆلەکانی گەلی کورد سەرەتا کەوتە فشار خستنەسەر دانیشتووە گوند نشینەکان تاگوندەکانیان بەجی بهیلن وپاشان راگواستن ولەچەندەهاجیگەی تەنگە بەری نیشتەجی کردن وقەدەغەکردنی زمانی زکماکی دایکی رەسەنی خۆیان و جل وبەرگ وفەرهەنگ وکلتورو خویندن ونوسین وگشت مافەکانیان وتواندنەوەیان لەبۆتەی نەتەوەی تورکی سەردەست دا وریك خستنی دەستورویاسای وەها کەهیچ بواریك بۆ بوونی نەتەوەی کورد نەهیلیتەوەو ئەوشوینەی کوردستانی ناوە بیسریتەوە وئەوکەسانەش بۆسەندنی مافی نەتەوەکەیان خەبات بکەن بەتورکی چییایی ناویان ببات وبیانخاتە بەرتوندترین سزا.

بەڵام خۆوەنەبی گەلی کورد لەبەرامبەر سستەمی میللی وچەوسانەوەوزۆرداری داگیرکەرانی چۆکی دادابی بەلکەبەپیچەوانەوە رقیپیرۆزی ئەستورتربووەو لەئەنجامی ئازاری گەورەدا شۆرشگیرو شۆرشی گەورەی پیکهیناوەو بۆئەم مەبەستەش هەمیشە

ویستویەتی خۆی رێك بخات وسازمانی بەرگری نهێنی پێ بکات وهەندەی توانیبیەتی بۆبەرز کردنەوەی دەنگی نارەزایەتی وروبەروبونەوەی رژێمەچەوسێنەرو داگیرکەرەکان راپەرینی پیکردووە. دوای ئەوەی حکومەتی تورك بەوەی زانی کەگەلی کورد لەباکوری کوردستان خەریکی خۆریکخستن وپیکهێنانی ریکخراوی سیاسین ئەوەبوولەسالی ١٩٣٤ دا راگەیاندنیکی بلاوکردەوە کەحوکومەتی تورکیا سوپایەکی هیجگار گەورەی پیك هیناوە (کەنعان پاشای) کردۆتە سەرۆکی ئەوسوپایەو ناردۆتی یە شاری (شرناخ) و هەرلەوسالەدا ئەوسوپایە دەستی کردبە تۆپ بارانی شاخ وکیوەکانی چواردەوری شارەکە کەبۆماوەی (٨) هەشت رۆژ بەمەبەستی راوەدونانی شۆرشگیرەکانی سازمانی نهێنی .

لەسالی ١٩٣٥ دا لەشاری (مەعورە تول ئەزیز) بۆزیاتر چاوترسان وتۆقاندنی گەلەکەمان ئەوە بۆزیاتر دەرخستنی سیاسەتی رەگەز پەرەستانەو شۆڤینیانەی کەمالیستەکان ئەوەبو چەندەها کەسی لەرۆلەکانی گەلەکەمان لەسی دارەدا کەئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی دژ بەمافەکانی مرۆڤ بووە سەرەتای شۆرشی دەرسیمی ١٩٣٧ .

حکومەتی تورکیاش لەکۆتایی هەمان سال دا واتەدوای دامرکاندنەوەی شۆرشەکە و بالادەست بونی بەسەر تەواوی کوردستانی باکوردا ئەوە بوو هەستا بە دارشتنی چەندیاسایەکی شۆڤینیانە دژ بەکورد وەك قەدەغەکردنی زمانی کوردی و گشت ئەونەتەوانەی ترکەلە تورکیا دەژین هەروەها سپاردنی گشت دەسەلاتیك بەسوپا بۆبەرپەرچ دانەوەی هەرکاریك لە راپەرین وسەرهەلدان .

بۆیە دەبینین کەرژیمی تورك بەم کردارەی وە نەبی توانیبیتی سەرکوتی گەلی کورد بکات بەلکە بەپیچەوانەوە بەم کردارەی هەوینی راپەرینی گەورەی سازکردووە ئەوەتا بۆنمونە دەبینین کە:_

لەسالی١٩٣٦ لەشاری دەرسیم دەست کرا بەراپەرین، سەرەتا ئەوەبوو کە دکتۆر دەرسیم کەخۆی یەکیك بوولە شۆرشگیرەکان بەم شیوەیە دەدوی :

"سالی١٩٣٦ لەئاکاری ئەو کردەوانەی کەتورکەکان لەشاری دەرسیم ئەنجامیان دەدا ئیتر وردە وردە راپەرین دەستی پی کرد ،بۆ ئەم مەبەستەش سەید رەزا کە کورە بچوکی سەید ئیبراهیم پیاوی ناودارو سەرۆك عەشیرەتی(حەسەنانە) ولەرۆژ ئاوای دەرسیم دەژیاو خەلکی گوندی(دەری ئاهن) بووە کەپیاوی ناوداری ناوچەکە بوو وەپیاویکی ئەبەردو جوامیربوو سەید رەزاش لەچوار کورەکەی کوری بچووکی بوو".

سەید ڕەزا پیاوێکی زۆر زاناو ژیرو نەبەرد بوو وەك ئەوەی لێ ی دەگێڕنەوە لە دوای ڕاپەڕینی١٩٢٥ ی شێخ سەعیدی پیران دالدەی گشت شۆڕشگێڕەکانی داوەو بەخێوی کردوون وتا دوای بونە هەوێنی ڕاپەڕینی جوامێرانەی باکوور بۆ ئەم مەبستەش کەمالیستەکان کەوتنە دژایەتی توندی سەید ڕەزا وهەولی حکوم کردنی بۆیە سەید ڕەزاش هەستا بەپەیوەندی کردن بە سەرۆك عەشیرەتەکانی دەورو بەرەوە تا ئامادەبن بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەولەتی تورك، ئەبوو کەتورکەکان بەمەیان زانی کەوتنە کڕینی سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان وپڕ چەك کردنیان بۆ ئەم مەبستە جەنەڕاڵ ( ئالپ دۆگان ) پێی ڕاگەیاندن کەهەر سەرۆك عەشیرەتێك دەتوانێ (٢٠٠٠) تفەنگ ئامادەبکا .لەم کارەدا ڕژێمی شۆڤێنستی تورك توانی سەر بکەوێ ئەویش بەدروست کردنی (بەکرێ گیراو،چەتە) وبەکارهێنانیان بۆ بەکوشت دانی کوردان بەدەستی یەکترو نانەوەی ناکۆکی .لەسالی ١٩٣٧ دا لەوکاتەی کە خەریك بوو سالێ پێ ی دەنایە وەرزی بەهارەوە ئیبراهیم کە یەکێ بوو لە کوڕەکانی سەید ڕەزا نێردرا بۆلای حکومەتی تورکیا بۆ دانوستان تا لەو ڕێگەیەوە پێیان ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەی واز لە کردەوە خراپەکانیان بێنن لەشاری (هۆزان)،پاش ئەوەی کارەکەی تەواو بوو گەڕایەوە بەلام تورکەکان زۆر نامەردانە لەکاتی گەڕانەوەیدا کوشتیان وکە ئەم هۆ یەبووە هەوێنی هەلگیرسانی ڕاپەڕین لەشارەکانی (دیار بەکر ،ئۆرفە ،وان ،سیرت ،ئەلعەزیز ) بەلام ڕژێمی تورکیا وەك پیشەی هەموو جارێکی زۆر دڕندانە بەرەنگاری ڕاپەڕینەکە بووەوە بە تۆپ و زرێپۆش و تانك و لەئەنجامدا توانی شۆڕشگێڕەکان ناچار بکات بەرەو سوریا پاشەکشە بکەن .بەشێخ عەبدولرەحیمی برای شێخ سەعیدیشەوە کە دانیشتوی ناوچەی (پالوو)ەبوو وەچووبووە پالێ ڕاپەڕینەکەو بەشداری زۆربەی شەڕە قورسەکانی کردبوو بەرامبەر ڕژێمی تورك.

پاش ئەوەی زۆری و بەهێزی سوپای تورك زۆری بۆ سەید ڕەزاو شۆڕشگێڕەکان هێنا ناچاری کردن کە دانوستان بکەن و داوای ڕێزگرتن بکەن لە مافی نەتەوەیی کورد.

لەپاش ئەم ڕوداوە سەید ڕەزا داوای لە (عەلی شێر) کرد کەبچێت گفتوگۆ لەگەلێ تورکەکان بکات .ئەوەی شایانی ئاماژەکردنە ئەوەیە کە(عەلی شێر) یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕاپەرینەکەو سەرۆکی عەشیرەتی (کۆش گیری) بوو لەعێلی (حەسەتان) و خەلکی ناوچەی (عومرانە). بەلام ئەم جارەش ڕژێمی تورك زەفەری لەم سەرکردەیە هێناو بەپیلانێك لەلایەن جەنەڕاڵ (ئالپ دۆگان)ەوە شەهیدکرا .کەبێ گومان

بەشەهیدوونی ئەم سەرکردەیە زیانێکی گەورە لەڕاپەڕینەکە کەوت وتاڕادەیەکی زۆر کزی کرد .

هەواڵی لاوازی ڕاپەڕینەکەوشەهیدبوونی سەرکردەکانی گەیشتە ئەنقەرە و شارەکانی تر.بەگەیشتنی ئەم هەواڵە دەسەڵاتدارانی تورک کەوتنە ویزەی خەڵکی کورد بەکوشتن وڕاوەدونان وگرتن وئەشکەنجەدانیان و هێرش کردنەسەر شارو گوندە کوردنشینەکان. هەروەها گەڕان بەدوای شوێنی سەید ڕەزا سەرکردەی گشتی ڕاپەڕینەکە،ئەوەبوو دوای پەی بردن بەشوێنی سەید ڕەزا و دۆزینەوەی کەوتە تۆپ بارانی شوێنەکەی بە فڕۆکەی جۆراوجۆر ولەئەنجامدا سەدان کەس کوژران وپاش شەڕو پێکدادانێکی سەخت ودژوار (خێزانی بچوکی سەید ڕەزاوسیێ ئەوەی کوژران وخۆشیی ڕۆشت بۆ شاری (ئۆناسێك)).

پاش ئەوەی حکومەتی تورکیا سەید ڕەزای بۆ دەستگیرنەکرا کەوتە دۆزینەوەی پیلانێکی تر تابەتەواوی ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکا. بۆئەم مەبەستە لەمانگی تشرینی دووەمی (سێپتەمبەری) ساڵی١٩٣٧ حاکمی شاری (ئەرزە نجام) ڕاگەیاندنێکی حکومەتی بڵاوکردەوەوتیایدا بەم شێوەیە:

"حکومەتی تورك دەیەوێ داخوازیەکانی کوردەکان دان پیابنێ وتەقە بوەستێنێ ، زەرەرو زیانێکی کە کوردەکان لێیان کەوتووە بیداتەوە" .

کاتێ کەسەید ڕەزا ئەم ڕاگەیاندنە دەبیستێ دێتە شاری (ئەرزە نجام) تاگفتوگۆ لەگەڵ حاکمی شارەکە دا بکات.

پاش ئەوەی دەگاتە شارەکە ولەکۆشکی پارێزگار دێنەخوارەوە ،خێرا لەوێدا دەسەڵاتداران ی ڕژێم دەست گیری دەکەن لە(٥ی)سێپتەمبەری ساڵی ١٩٣٧ دا.سەید ڕەزاش لەکاتی دەستگیرکردنیدا بەدەسەڵاتداران دەڵێ :ـ

"ئەی حکومەتی تورکی درۆزن وبێ شەرەف کەئاوا پیاوی مەرد دەگرن".

پاشان تورکەکان دزیان وبردیان بۆشاری (ئەل عەزیز) تادادگایی بکەن ،وەزۆریش هەوڵیان دا کەتۆمەتی ئەوەی بۆ دروست بکەن کەگوایە سەید ڕەزا پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی (ڕووس)یەکێتی سۆڤیەتی جاران هەبووە ویارمەتی لێ وەرگرتوون.

بەڵام سەید ڕەزا دەسەڵاتدارانی تورکی بەدرۆ خستەوەو پێیان ی ووت:ـ

"من تەنیا پشتیوانم گەلی کورد بووە ،وەبەدرێژای ساڵانی خەبات بۆقازانجی خەڵکی کورد هەوڵم داوە ،لەدەرەوە کەڵکم وەرنەگرتووە ،بەڵام بەداخەوە ناکام ماوەتەوە".

لەئەنجامی دادگایی کردنەدا بڕیار درا لەدوای (٤)چوار ڕۆژ لەگەڵ (١٠)دە سەرکردەی تری ڕاپەڕینەکە لە (١٢)ی مانگی (نۆڤمبەر)ی ١٩٣٧ لە سێدارەدران و چوونە کاروانی مێژوویی پرشکۆمەندی کوردەوە .

لەو باسە مێژوویی یەی کە لە سەر ڕاپەڕینی ئارارات و دەرسیم و سەید ڕەزا ڕۆشەن کرایەوە دەگەینە ئەم وانەو پەندو دەرئەنجامانەی خوارەوە:_

١_ هەر کاتێ دوژمنان ودرگیرکەرانی کوردستان هەستیان بەوەکردبێ کە گەلی کورد خەریکە سەردەکەوێ و سەربەستی وسەرفرازی بۆخۆی بەدەست دێنێ و بوونی خۆی دەسەلمێنێ و قەوارەیەك بۆ خۆی درووست دەکات وەك ( کۆماری ئارارات و کۆماری مهاباد ).خێرا گشت ناکۆکیەکانیان خستۆتەلاوە بۆ لەناو بردنی گەلی کورد ڕێك کەوتن و گشت هێزو تواناییان بەگەڕ خستووە .

٢_ هەوڵ وپیلانی بەردەوامیان بۆ نانەوەی ناکۆکی وکەلێن دروست کردن لە ناو ڕیزەکانی گەلەکەمان و دروست کردنی جیاوازی لەنێوان پارچەکانی کوردستان ،ئەمەش بەتەواوی لەهەڵوێستی ڕژێمی ئەو کاتەی ئێران دا دیار بووە کاتێك شۆڕشی (سمایل خانی شکاك) تێك دەشکێنێ ولەهەمان کاتدا یارمەتی کورد دەدات لەبەشی باکووری کوردستان و دەیان کات بەگژ یەکتردا و هەرکاتێکیش دیبێتیان گەلی کورد خەریکە دەگاتە ئەنجام خێرا ڕێك کەوتوون وتێکیان شکاندووە ونمونەو بەڵگەی دور وو نزیکیشمان هەیەلەسەری .هەر لەکۆماری کوردستان وشۆڕشی ساڵی١٩٧٤ ی کورد و هەوڵ دان بۆتێك شکاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی باشوور .

٣_ لەم باسە مێژوویی یەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە گەلی کورد( یەکەو یەك زمان وخاك وفەرهەنگ وکلتور )یان هەیە وهیچ بستێ لە خاکی کوردستان جیاوازی نی یەو ڕزگارکردنی هەر بەشێك لەم خاکە داگیرکراوە خۆری دەم کەلەو پرشنگ دەداتەوە بۆ پارچەکانی تر ، هەرلەم ڕوانگە نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری یەوە کوردان هاوکاری و یارمەتی یەکتریان داوە بە ماددی ومەعنەوی وەك یارمەتی سمایل خانی شکاك بۆ حکومەتی مەلیك محمود لەباشوور وهاوکاری شێخ ئەحمەدی بارزان بۆ ئیحسان نوری پاشا لەکۆماری ئارارات وسەید ڕەزا لەباکوور وهاوکاری کردنی مەلا مستەفای بارزان لە کۆماری مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان .کەئەمە خۆی لەخۆیدا وەڵامێکە بۆئەو خەونە گڵاوانەی کە دوژمنانی گەلی کورد دەیبینن بە کوردەوەکەپشت بکەنە یەکتر.

٤_ ڕەت نەکردنەوەی زمانی گفتوگۆ (دیالۆگ) لە پتر لە سەد ساڵ تاناوەڕاستی ئەم سەدەیە و تائێستاشی پێوەبێت بەپێچەوانەی ئەوانەی کەدوژمنان دەیڵێن بەرامبەر گەلەکەمان کە کورد تیرۆرستن وشەڕخوازن وناشارستانین ،ئەوەتا هەرکاتێ دوژمن داوای گفتوگۆی کردبێ گەلی کورد نەی ووتووە نەخێر ولێ ی دوور نەکەوتۆتەوە تا پێ ی کرابێ ئەگەر بەگیانی خۆشی تەواو بووبێ کردوویەتی ولەمردن نەترساوە وبێ باك بووە لێ ی لەپێناو بەرژەوەندی کورد وخاکی کوردستان وەك (قازی محمد) و(سەید ڕەزا) و زۆر سەرکردەی تر .

٥_ دیاردەیەکی نوێ لەدایك بوو لەناو ئەو دیاردانەی کەلەناو کۆمەڵگای کوردیدا دیار بووە ئەویش مل ملانێ و خەباتی جۆربەجۆر بووە دژ بەو تەقەللایانەی هاتونەتە ڕوو کە گشتیان ڕەنگ دانەوەی خواست و ئارەزووی نەتەوەی کورد بووە بۆ سەربەخۆیی وەك هێزێکی مەتریالی و چەسپاوی ئەوتۆ کەلەناو زۆرانبازی یەکی نابەرابەرو سەخت دا تێکۆشانی دژ بە داگیر کەر .

٦_ گەلی کورد تینوی ئازادی یە نەك وێرانی و خوێن ڕشتن و جەنگ ... شەیدای خۆش گوزەرانی ناو مەڵبەندەکەی خۆیەتی بەلأم بەرزگاری و سەربەخۆی هەرچەندە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەست بەرداری ئەو ژیانە ئازادەو سەربەخۆی یە و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆی نەبووە نابێت .

٧_ یارمەتیدانی تێکۆشەران و شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازان ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزەو پێویستە کار بکات بۆ بەهێز کردنی بەرەی چەکدارانەی کورد بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتەڕەوا پیرۆزەکەی ڕووەو سەرکەوتن و سەرفرازی .

ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێ وەرگیراوە:_

١. گۆڤاری کاروان سالی ١٩٨٠.

٢. کورد لە سەدەی بیستەم دا .........کریس کۆچێرا.

٣. مع الأكراد ......... تأليف توما‌بوا _ ترجمة ئاواز زەنگەنە (١٩٧٥).

٤. بازنەکانی مل ملانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی کورد.
سلێمانی ١٩٩٨ ........... مەحمود ملا عزەت .

# تێڕوانینێکی سعودی دەربارەی هاوپەیمانێتی ئیسرائیل و تورکیا

## دۆستایەتی کاتی یە ...... دوژمنایەتی کاتی یە...... بەرژەوەندیەکان هەمیشەیی یە

خالید بن سوڵتان بن عبدالعزیز

و: کارزان ئەحمەد



چی بکەین بۆ ئەوەی تورکیا لەدۆستایەتی بۆ عەرەب نەگۆڕێت و ئیسرائیل لەخولێکی تر سەربکەوێت؟

ژمارەیەکی زۆر لە پێنووسەکان لەجیهانی عەرەب باسیان لە بابەتی هاوپەیمانێتی ئیسرائیلی تورکی بەحەساسیەت و هەڵچوونێکی توندەوە کرد، بەدرێژی باسی لەسەرکراو تووڕەییان بەرامبەر تورکیا نواند بەهۆی خیانەتی بۆ عەرەب و وەستانی لەهاوشانی ئیسرائیل دا، دۆستایەتی و هەڵوێستە ئیجابیەکانی تورکیا یان بۆ عەرەب و موسوڵمانەکان لەبیر کردەوە،وەك ئەوەی سەپێندرابێت بەسەر تورکیا بەهۆی دۆستایەتی بۆمان، بەردەوام بێت بەدەست گرتن بەسەر ئەم دۆستایەتی یە سەرەڕای هەر ڕووداوێك کەبەسەریدا دێت، بێ ئەوەی بگەڕێت بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆی،یان پرس بکات کەچی دەستکەوتووە لەم دۆستایەتی یە! بەڵام لەڕاست گۆیی یەوە پێش ئەوەی لۆمەو سەرزەنشتی تورکیا بکەین،دەبێت لەخۆمان بپرسین چیمان کرد _ ئێمەی عەرەب _ بۆئەوەی ئەم دۆستایەتی یە قوڵ ترو پتەوتربکەین و بیگۆڕین لە دۆستایەتی یەکی کاتی یەوە بۆبەرژەوەندی یەکی هاوسەنگی بەردەوام.

لەسەرەتاوە دەبێت دان بەوەدا بنێم کەبابەتی تورکیاو ئیسرائیل و جیهانی عەرەب بەدرك تەنراوە، چوونە نێو قوڵایی ئەم باسەوە وەك ئەوە وایە کەبەبێ ئەوەی ئاگاداریت هەبێت یان نەخشەیەکت هەبێت بەناو کێڵگەیەکی مین ڕێژی چڕوو پڕدا بڕۆیت. باسەکە هیچ لایەك لەلایەنەکان ڕەزامەند ناکات بەتایبەتی ئەگەر بێت و ڕاست گۆو بابەتیانە باسی لێوەبکین و شی بکەینەوە. هەروەها دان بەتوانای ئیسرائیل دەنێم کەسەر کەوتووترە، وای لەعەرەب کردووە سەما بکەن لەسەر ئەو ئاوازانەی کەخۆی دای ناوە و، پەلکێشیان بکات بۆئەوەی بایەخ بدەن بەلایەنە لاوەکیەکان،لەسایەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی نزیك بوونەوەی ناڕاستەوخۆ کەبڕوای پێیەتی و بەوردبینی

جیّ بەجیّی دەکات، هەروەها وایان لیّ بکات (واتە عەرەب) لەدژەکرداری بەردەوام بن، کەدەست پیّدەکات بەتورەیی‌و هاوارو نارەزای دەربرین و رسواکردن ئینجا هیّمن بوون و خاوبوونەوە. بالەسەر ئەمە نموونەیەکی نزیك بهیّنینەوە:

هەرلەگەلْ ئەوەی وتوو ویّژەکانی ئاشتی تووشی تەگەرەهات لەئەنجامی دەست بەکار کارکردن لەئۆردووگای شاخی ئەبووغنیّم، ئیسرائیل جاریّکی تر کەوتە باس کردن و راگەیاندن لەمەر ریّکەوتن نامەکانی سەربازی لەنیّوان خۆی‌و تورکیا و، مانۆری دەریای چاوەروان کراو، هاوپەیمانیّتی ستراتیجی‌و، پرۆژەکانی پیشەسازی سەربازی.

ئەنجامەکەیشی ئەوەبوو کە (قدس)کەوتە پلەی دووهەمەوە لەبایەخ پیّدانەکانی رۆژانەمان و، گواستمانەوە بۆلایەنی لاوەکی کە ئیسرائیل پەل کیّشی کردین بۆی‌و، لایەنی سەرەکی کەگرنگە لەبیرمان کرد،ئەویش بریتی بوو لەوەی کە _ئەریەل شارۆن _ لەسەر خاك چ گۆرانیّك دەکات، لەگۆرینی بنیادنانی بنچینەیی‌و دیموغرافیەتی دەولّەت. لەم ووتارەدا لە ریّگای وەلاّم دانەوەی هەندیّ پرسیاری دیاریکراو هەولّ ئەدەم تیّروانینی تایبەتی خۆم بخەمە روو، پرسیارەکانیش لە چوار چیّوەی بابەتی تورکیاو جیهانی عەرەب دەخولیّتەوە:

١ _ ئایا تورکیا هەلّویّستی ئیجابی نەبووە بەرامبەر بە عەرەب، لەسەرمانە بەبیر خۆمانی بهیّنینەوە، لەکاتیّکدا کەئیّمە ئەو پەیوەندییە هەلّ دەسەنگیّنین؟

٢ _ راستیەکانی ریّکەوتن نامەی ئیسرائیل تورکیا چی یە؟

٣ _ ئایا ئیّمەی عەرەب مافی ئەوەمان نی‌یە نیگەران بین لەبوونی ئەم ریّکەوتن نامەیە؟

٤ _ ئەوەی پەیرەومان کرد لەبەریّوەبردنی ئەم قەیرانە،شیّوازی راستەقینەبوو لەبەریّوەبردنی قەیرانەکان؟

٥ _ ئایا تورکیا پەیوەندی‌و هەلّویّستی نەبووە لەگەلْ ئیسرائیل لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، ئیّمەش بەرهەلّستکار نەبوین لەسەری؟

٦_ ئایا تورکیا مافی ئەوەی نی‌یە لەپیّش هەرشتیّك بەدوای بەرژەوەندی نیشتمانی خۆی بگەریّت؟

٧ _ لەسەرمانە چی‌بکەین تاوەکو تورکیا لەدەست نەدەین و، لەدۆستایەتی‌و هاوپشتی بۆ عەرەب نەگۆریّت و، ئیسرائیل لەخولیّکی ترسەربکەویّت دژمان؟

٨ _ کەی فیّردەبین کەدۆستایەتی کاتی‌یە، دوژمنایەتی کاتی‌یە بەرژەوەندی بەرامبەر و هاوسەنگ هەمیشەیی‌یە؟

بالەپرسیاری یەکەم دەست پێ بکەن: ئایا تورکیا هەڵوێستی ئیجابی نەبووە بەرامبەر بە عەرەب،لەسەرمانە بەبیر خۆمانی بهێنینەوە لەکاتێکدا کەپەیوەندیەکانی بەئێمەوەهەڵدەسەنگێنین؟

بەڵێ تورکیا هەڵوێستی ئیجابی زۆری هەیە ئەمانە بەبیر دەهێنینەوە وەك نموونە:

یەکەم: لەتشرینی دووەمی ١٩٤٧ دا، تورکیا دژی پرۆژەی دابەش بوونی فەلەستین بوو، هەروەها دەنگی دا دژی وولآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی شوورەی، لەو کاتەیش دا لەگەڵ هەندێ لەوولآتانی ئەندام لەنەتەوەیەکگرتووەکان دژ بەم بڕیارە ئیمزایان کرد.

دووەم: لەساڵی ١٩٥٦ لەکاتی داگیر کردنی شێوە _دوورگەی سیناء _ لەلایەن ئیسرائیلەوە، تورکیا نارەزایی خۆی دەربڕی، بەوەی کە ئیسرائیل _ترسێکی گەورەیە _ لەسەر ئاشتیو هێمنی لە رۆژهەلآتی ناوەڕاست دا،هەروەها باڵوێزی خۆی لە_تەل ئەبیب _ کشانەوەو ژمارەی نوێنەرانی دیبلۆماسی لەئیسرائیل کەم کردەوە بۆئاستی پلەی نوێنەر.

سێ هەم: پێش شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧ دا،تورکیا رەتی کردەوە بچێتە پاڵ کۆمەڵەی وولآتانی دەریا، کەداوایان لە میسر دەکرد کەنداوی عەقبە بکاتەوە بە ڕووی پاپۆڕەکانی ئیسرائیل، دوای تەواو بوونی شەڕیش ئیسرائیل ئەو خاکەی کەداگیری کردبوو خستی‌یە سەر خۆی،تورکیا ئەمەی ڕەت کردەوەو پشت گیری بڕیاری ٢٤٢ ی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد.

چوارەم: لەتشرینی ١٩٧٥دا تورکیا پشتگیری بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد، کەزایۆنیزم وەك شێوەیەك لەشێوەکانی رەگەز پەرستی دادەنا، هەروەها لەمانگی کانونی دوهەمی هەمان ساڵ دا دانی نا بە رێکخراوەی رزگاریخوازی فەلەستین بەوەی کەتەنها نوێنەری فەلەستینیەکانە و، ڕێگەی پێدا لەتشرینی یەکەمی ١٩٧٩دا نووسینگەیەك بۆخۆی بکاتەوە لە ئەنقەرەی پایتەخت و،لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠دا حکومەتی تورکیا بەتوندی نارەزایی دەربڕی دژی لکاندنی قودسی داگیرکراو بۆ سەر ئیسرائیل و،نوێنەری بەڕێوەبردنی کارەکانی لەئیسرائیل کشانەوە،هەروەها تورکیا نارەزایی دەربڕی دژی بۆردومان کردنی کورە ئەتۆمیەکانی عێراق لەحوزەیرانی ١٩٨١دا،لەلایەکی ترەوە دانی نەنا بەبڕیاری ئیسرائیل لەمەڕ کردنی جۆلان بەبەشێك لەئیسرائل لەکانونی یەکەمی١٩٨١دا.

پێنجەم: تورکیا لەیەکەم ڕۆژی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئەڵەستین لەجەزائیرەوە لەساڵی١٩٨٨دا، دانی نا بەم دەوڵەتە، هەروەها بێ دەنگی ڕاگەیاند لەسەر دەنگ دان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان کەزایۆنزمی بەجوڵانەوەیەکی ڕەگەز پەرستی دادەنا.

شەشەم: لەکاتی داگیر کردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە،حکومەتی تورکیا بەخێرایی لەگەڵ ڕوودانی ڕوداوەکە نارەزایی دەربڕی و،داوای کرد کەبەخێرایی هێزەکانی عێراق بکشێنەوەو، شەرعیەت بگەڕێتەوە، هەروەها هێڵی بۆریەکانی نەوتی عێراقی داخست و،پەیوەندیە بازرگانەکانی لەگەلیدا وەستاندو، بەشداری کرد لەجیبەجی کردنی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ٦٦٥کەتایبەتە بەداسەپاندنی ئابلوقە بەزەبری هێز،لەلایەکی ترەوە ریگەی دا بەولاتە یەکگرتوەکان بنکەی هەوایی ئەنچەرلیك بەکار بهێت لەکاتی کردارەکانی گەردەلولی بیابان دا_ عاصفەالصحراء _. لەدوای جەنگیش دا تورکیا پشتگیری و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری ئابوری لەگەل ولاتانی کەنداو داو،چەند بیروبۆچونیەکی بنیات نەرانەی پیش کەش کرد لەسەر-ئاسایشی کەنداو_ و داوای کرد کەسەرجەم کیشەرامیاریەکان لەناوچەکە چارەسەر بکریت.

حەوتەم: لە١٠ی نیسانی ١٩٩٧دا سەرۆك وەزیرانی تورکیا _نەجمەدین ئەربەکان_ چاکردنی پەیوەندیەکانی ولاتەکەی لەگەل ئیسرائیل بەسی مەرج بەستەوە:

یەکەم/ دەبیت ئیسرائیل دان بەوەدا بنیت کەشاری_قودس_ شاریکی پیرۆزە بۆ هەموو گەلەکان، بۆ مسولمانەکان هەروەك وبۆ مەسیحی و یەهودیەکان.

دوهەم/ وەستاندنی دروست کردنی ئۆردوگاکان.

سی یەم/ کشانەوە لەخاکەداگیرکراوەکان کەبگونجیت لەگەل بریارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان.

دوای ئەوەی باسی هەلویستە ئیجابیەکانی تورکیامان کرد بەرامبەر بەعەرەب لەسەرمانە ئاشنا بین بەراستیەکانی ریکەوتننامەی تورکیا_ئیسرائیل.

ویرای تیپەربونی سال ونیویك زیاتر بەسەر دەست پیکردنی باس و خواست دەربارەی ر یکەوتننامە سەربازی و ئابوریەکانی نیوان ئیسرائیل وتورکیا، بەلام کەس لەراستی ئەم ر یکەوتننامە یان ناوەرۆکی ئاگادار نیە، بەتایبەتی لەبواری سەربازی. زانیاریەکانیش ویرایی کەمی هیدی هیدی دەگاتە دەستیمان، پارچە پارچە،بەئامرازی هەمەلایەن و شیوازی جۆراو جۆر، هەندی جار ناکۆك: پشتگیری

دەكات یان ڕەتی دەكاتەوە،قەبەی دەكات یان بەكەمی دادەنێت، باسی لێوەدەكات یان بێدەنگ دەبێت، تێبینی دەكرێت لەكاتێكدا كە ئیسرائیل گرنگی ڕێكەوتننامەكان قەبەدەكات بۆمەبەستی تایبەتی خۆی، توركیا لەم گرنگیە كەم دەكاتەوە بۆ ئەهۆن كردنەوەی عەرەب و موسوڵمانەكان و، لەبەرچاوگرتنی هەست و نەستیان. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی باس و بەیاننامەو ڕاگەیاندراو چاوپێكەوتنەكان دەتوانین خاڵەكانی ڕێكەوتن یان ڕێكەوتن نامەكان وێڕای جۆرو ناوی بەم شێوەیە كۆ بكەینەوە:

لەبواری هێزەكانی ئاسمان:

١_ ڕێگەدان بەهێزە كانی ئاسمانی هەردوو وولآت بەمەشق كردن لە بواری ئاسمانیئەوی تر، بەتاك یان بەهاوبەش.

٢_ ئاڵوگۆڕكردنی زانیاریو تواناكان لەبواری مەشقی سەربازی هێزەكانی ئاسمان.

٣_ ڕێگەدان بەفڕۆكەكانی ئیسرائیل فڕۆكەخانەكانی توركیا بەكار بهێنن بەتایبەتی لە قۆنیاو بنكەی ئەنچەرلیك.

٤_ ئیسرائیل هەڵ دەستێت بەنوێكردنەوەی (٥٤) فڕۆكەی سەربازی توركیا لە جۆری F-4، كەنزیكەی ٦٣٥ ملیۆن دۆلاری تێدەچێت.

لەبواری هێزەكانی دەریا:

١_ پارچە دەریایەكانی هەردوو دەوڵەت هەڵدەستن بەسەردانی یەكتری.

٢_ هەڵناسن بەگەڕانی دەریایی هاوبەش.

٣_ ساڵانە هەڵدەستن بەمانۆڕی دەریایی هاوبەش، لەوانەیە یەكە دەریایەكانی ئەمریكا تێدا بەژدار بێت.

لەبواری هێزەكانی سەرزەمین: هەردوولا هەڵ دەستن بەمانۆڕ ی سەر زەمینی هاوبەش.

لەبواری ئاگایی:

١_ ئاڵوگۆڕكردنی زانیاری تواناكان.

٢_ ئاڵوگۆڕكردنی نوێنەرانی سەربازی بۆچاودێری كردنی مانۆڕەكان كەهەر دەوڵەتێ بەتەنیا بێ هەڵدەستێت.

٣_ هەر دوولا هەڵدەستن بەبەكارهێنانی فلیمە بەڵگەنامەیەكی سەربازی یەكتر، هەروەها هاوكاری تەواو لەنێوان ستۆدیۆكانی فیلم و وێنەو بەڵگەنامەكانی سەربازی.

٤_ دامەزراندنی تۆڕێکی ئەلەکترۆنی پێشکەوتوو، کەڕێگە بدات بەسیخوڕیو چاودێریکردنی ئامادەییە سەربازیەکان بەدرێژای سنوورەکانی تورکیا لەگەڵ سوریا و عێراق و ئێران.

٥_ زانیاریو وێنەکانی مانگەدەستکردەکانی ئیسرائیل،هەروەها دەزگا ئەلکترۆنیەکانی ئاگای دەخرێتە ژێر دەستی سوپای تورکیا لە ڕو بەڕووبوونەوەی ئەمنی‌یەتی لەگەڵ یاخی بووەکانی _ پارتی کرێکارانی کوردستان _.

٦_ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لەلایەنەکانی سەربازی، کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری، هەروەها هاوکاری کردن لەبوارەکانی مێژوو، مۆزەخانە، پاراستنی دۆسیەکانی سەربازی.

لەبواری مەشق و پێگەیاندن:

١_ هاوکاری و هەماهەنگی تەواو لەنەخشە کێشانی مەشق و،پێگەیاندنی سەربازی.

٢_ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریو تاقیکردنەوەکان لەبواری مەشقی سەربازی.

٣_ هەردوولا لەنێوان یەکتر سەردان ڕێك دەخەن بۆدامەزراوە خوێندن گایەکان و کۆمەڵگاکانی سەربازی لەبواری وەرزش و هونەر.

دوای ئەوەی باسی ئەو زانیاریانەمان کرد کەبەدەستمان هێناوە لەمەڕ بەندە سەرەکیەکانی ڕێکەوتن نامە یان ڕێکەوتننامەکان، دەچینە سەر ئەم پرسیارە: ئایا ئێمەی عەرەب مافی ئەوەمان نییە نیگەران بین لە بەبوونی ئاوا ڕێکەوتننامەیەك؟

لەسەرەتادا ئێمە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی براکانمان لە تورکیا دەکەین، لەبەر ئەوەی ڕاستی نهێنیەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە ئەزانن کەپێی‌گەیشتوون. ئەوەی کەتائێستا ڕاگەیندراوە شك و گومانێکی زۆر دەخاتە سەر ئەم ڕێکەوتنە یان ڕێکەوتنەکان.

سەرۆکی ئیسرائیل _عیزر وایزمان_ لەکاتی سەردانی بۆ ئەنقەرە ڕای‌گەیاند کەئەم ڕێکەوتنە جوڵەیەکی مقاشی پێك دەهێنێت بەچوار دەوری سوریا، بۆپاڵپێوەنانی بۆکۆتاییەکی ئاشتی‌یانە لەگەڵ ئیسرائیل و تورکیا، لە حەوتی نیسانی ساڵی ١٩٩٦ دا بەڕێوبەری پەیمانگای خوێندنی ستراتیژی لە _تەل ئەبیب_، _مارتن گرامەر_ ،باسی لەهەڵوێستی ئیسرائیل کرد لەمەڕ داگیرکردنی ئەریتیریا بۆ دورگەی حنێش ی گەورە_حنیش الکبری_، هەروەها باسی لەو ڕێکەوتن نامەیەکرد کە بەئەنجام گەیشتووە لە نێوان _تەل ئەبیب_ و _ئەنقەرە_دا ووتی بڵاوکردنەوەی فڕۆکەکانی ئیسرائیل لە ڕۆژهەلاتی تورکیا و، لەدەست دەرکردنی دوورگەی حنێش لە

یەمەن، ئەچنە چوار چێوەی ستراتیژیەتی هەرێمایەتی خۆپارێز، کە ئیسرائیل بەئەنجامی ئەگەیەنێ بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی ئەوهەڕەشانەی کەلەوانەیە ڕوو بدات. لە ٢٦ی نیسانی ڕابردوو وەزیری بەرگری ئیسرائیل _ ئیسحاق مۆردەخای_،هاوکاری سەربازی نێوان ئیسرائیل و تورکیای بەوەناو برد کە دەکرێت بکرێت بە _هێزێکی بەرپەرچ دانەوە _بۆڕوو بەڕوو بوونەوەی هەر هێرشێك کە لەوانەیە ووڵاتێك وەك ئێران یان عێراق یان سوریا بیری لێ بکاتەوە. لەسەرەتاکانی مانگی ئەیلول ڕۆژنامەکانی تورکیا پێیان داگرت لەسەر ئەوەی کەمانۆڕە چاوەڕوان کراوەکان بەشێکن لەو ئامادەیانە کەسێ ووڵات _ تورکیا و ئیسرائیل و ووڵاتە یەکگرتووەکان _، وایێ دەکات کە بتوانن بەخێرای هەستن بە دژە کردار بەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی ئێرانی یان سوری لە چوار چێوەی هاوپەیمانێتی ستراتیژی لەنێوانیان دا، یان بۆڕوو بە ڕوو بونەوەی هەر تەنگ و چەڵەمەیەکی چاوەڕوان کراو لە ناوچەی کەنداو.

هەر کەسێ ئاگاداری سەرەتای هەبێت لەبواری سەربازی یان ستراتیژی، دەتوانێ بەئاسانی هەست بەوە بکات کەئەو کردارانەی لە سەری پێك هاتوون لەنێوان هەر دوو دەوڵەتدا دەستکەوتی زۆر ئەدا بە ئیسرائیل و زیان دەگەیەنێ بە بەرژەوەندی‌یەکانی عەرەب، لەچوار چێوەی ئەم ڕاستیانە:

١_ بەکار هێنانی بنکە ئاسمانیەکانی تورکیا لەلایەن ئیسرائیلەوە مەودایەکی چاك ئەدات بەئیسرائیل کەخەونی پێوە ئەبینی،سەرچاوەکانی نەوت لەناوچەکەو، هێڵەکانی گواستنەوەی بۆدەرەوە،ئەخاتە ژێر دەستی درێژی ئیسرائیل.

٢_ ڕێگەدان بە فڕۆکەکانی ئیسرائیل بچنە بواری ئاسمانی تورکیا، واتە باڵادەستی ئیسرائیل بەسەر سوریا لە ووشکانیو دەریاو ئاسمانەوە. ئینجا ڕێکەوتنەکە بە فشارێك دادەنرێت بەدەست ئیسرائیلەوە، بەتایبەتی لە کاتی گفتوگۆ دەربارەی ڕێکخستنە کۆتایەکانی باری جۆلان.

٣_ ڕێککەوتنەکە ئامانجی ئیسرائیل دەهێنێتە دی لەپێکهێنانی سیستەمێکی ئەمنی لە ناوچەکە، کەلەسەر بنچینەی باڵادەستی ڕەهای ئیسرائیل پێکهاتووە، کە سودی وەرگرتووە لە پشتگیری سەربازی و هاوکاری ستراتیژی لەگەڵ ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها لە هاوکاری لەگەڵ ووڵاتانی دراوسێ لە پێشەوەیان تورکیا.

٤_ ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە ڕێگای ئەو قولایـەی کەئـەیدات بـەهێزە ئاسمانیـەکانی ئیسرائیل پێی بگات، دەرگا ئەکاتەوە لەبەردەم بۆردومـان کردنـی عێراق و ئێران و سوریا،هەروەها چاودێری‌کردنی بارودۆخی سەربازی تیایاندا.

٥_ ڕێگەدانی تورکیا بە فڕۆکەکانی ئیسرائیل بەمەشق کردن لـەبواری ئاسمـانیو، کردنەوەی بەرەیەکی‌تر بەرامبەر بەسوریا لەباکورەوە، جۆرێکە لە فشاری تورکیا بۆسەر سوریا بۆ ئەوەی ناچاری بکات واز بێنێت لەپشت گیری‌کردنی بۆ _ پارتی کرێکارانی کوردستان _، هەروەها تورکیا والی 'دەکات کەبتوانیَ ڕەنگێك لە فشار بخاتەسـەر سـوریو عیراقیـەکان بـۆ ئـەوەی ملکـەچی ریککەوتننامـەکانی دابەشکردنی ئاو بن.

بۆیـە هـەموو مـافیك لای‌عەرەبـە کەنیگـەران بـن، لـەکاتیکدا کـەدەبینن ئیسـرائیل تایبەتمەندیتی تەکتیکی و ستراتیژی بەدەست دەهینیت، بەلام لەسەرمانە پرسیاری ئەوە بکەین ئەوەی پەیرەومان کرد بۆبەریوەبردنی قەیرانەکە شیوازی راستەقینەیە، بۆبەریوەبردنی قەیرانەکان؟

سیاسەتی عەرەبی ناتەواوە لە دینامیکیەت و گەشەسەندن و مامەلی‌کردن لەگەل رواوە خیرایـەکانی سـەر واقعـی زەمـین،دەخەویت لەسـەر نـەگۆری تایبـەت،کتوپـر بەخەبەر دیتەوە لەسەر گۆران، بۆ نموونە لە رابردوویەکی نزیك دا وولاتـانی عەرەبی پشتگیری ئەریتریایان کرد، وایان دادەنا کەهەر وەك رابردوو تەنانەت دوای وەرگرتنی سەربەخۆی بەدۆستیکی بەوەفا ئەمینیتەوە، ئەوە لـەبیر ناکات کەعـەرەب بەرامبـەری کردیـان. وولاتـە عەرەبیـەکان سر کرابـوون بـەم بۆچوونـە خەیالیە تالەسـەر ڕۆژیـك خەبـەریان بـۆوە کـە ئـەریتریا دورگـەی حونیشـی گـەورەی یەمـەنی داگـیرکردووە بەهاوکاریەکی لەبەرچاوی ئیسرائیل. بەهەمان شیوە عەرەب لەبۆچونیان وایان دادەنا کە تورکیا هـەتا سەر لەگـەل ئـەواندا ئەوەستیت، بەکـەمیك لـەوان رەزامـەند دەبیـت، عەرەب هەستیان بەوە نەکرد تا پاشگەز بوونەوەی پەیوەندیەکانی تورکیاو عەرەب لەم دوایانەدا. لەم کاتەدا جیگری ئیسرائیلی ئامادەکراوی بەردەوام ئەم غافل گیریـەی بەباشترین شیوە بۆخۆی بەکار هینا،هەموو تواناو زیرەکی خۆی بەکار هینا بۆ دور خستنەوەی تورکیا لە وولاتانی عەرەبی‌و ئیسلامی لە هەمان کاتدا تورکیایی وانیشـان ئەدا کەلەگەل ئیسرائیل دا لەیەك سەنگەرن. بـەداخیکی زۆرەوە عـەرەب کەروبـەروی هەر قەیرانیك دەبن میسالیەت و راستگۆی لە بۆچونیـان دادەنین لـەکرداری خـەلکانی دی، بە تایبـەتی ئەو لایەنانەی کە راستەو خۆ پەیوەندیان نی یە، وابۆی دەچن کـە

هەموو جیهان لە پاڵ عەدالەت و ماف پەروەری و نموونەی بەرز دەوەستێتەوە، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە هەست بەوە بکەین کەئەم دروشمانە چەندین مانای هەمەجۆری هەیە، ڕەنگ دەکرێت بەپێی تێڕوانینی تایبەتی هەر بەرژەوەندی لە بەرژەوەندی‌یەکان و عەرەب ڕوو بە ڕووی قەیرانی ڕێکەوتننامەکانی سەربازی تورکیا ئیسرائیل بۆوە، کەقەیرانە بەهەموو پێوانەکان، ئەم قەیرانەیان چۆن بەڕێوەبرد، ئایا سەرکەوتوبوون لە بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی زانستی ڕاست؟ دژە کردارەکان بەم شێوەیە بوو:

* هەندێ لە سەرکردەکانی عەرەب نیگەرانی خۆیان بەرامبەر ئەم ڕێکەوتنە ڕاگەیاند و،داوایان لە تورکیا کرد کە چاوی پیا بخشێنێتەوە.
* کۆنگرەی پەرلەمانی عەرەب ئەم ڕێکەوتنەی وادانا کە دەرچوونە لە بڕیارەکانی ڕێکخراوەی کۆنگرەی ئیسلامی.
* هەندێ لە ڕۆژنامەکان وایان گوزارشت لێکرد کە ئەم ڕێکەوتنە زیان بە قازانجی عەرەب و وولآتە ئیسلامیەکان ئەگەیەنێ، هەروەها ئامرازێکی نوێیە بۆبار گرژی و نائارامی‌و دژایەتی‌یەك پێك دەهێنێ بۆسەر سەروەری تورکیا و، تەحەدایەکی ئاشکرای هەست و نەستی گەلی تورکیای موسوڵمانە و، تورکیا دەکاتە بنکەیەکی هەستانی فرۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل. ئەم ڕۆژنامانە داوایان لە تورکیا کرد کە ڕێز بگرێت لە پەیوەندیە مێژوویەکانی لەگەڵ وولآتانی عەرەب، هیچ نەبێت هەڵوێستێکی ڕاستەقینە وەرگرێت لە ململانێی ئێستادا لە نێوان عەرەب و ئیسرائیل دا.
* زانکۆی عەرەبی ڕەخنەی لەم ڕێکەوتنە گرت وای دایە قەڵەم کە پەیمانێکی دوژمنایەتی تازەیە لەناوچەکەدا، هەڕەشەیەك پێك دەهێنێت بە تایبەتی بۆ سوریا و لوبنان و عێراق.

لایەنی عەرەبی سەرکەوتوونەبوو لەتێ گەیشتنی دژ واریەکانی بارو دۆخی ناو خۆیی تورکیاو تایبەتمەندییەکانی هەرێمایەتی وجیهانی، ئەم مامەڵە هەڵەیە لەبەڕێوەبردنی قەیرانەکە یارمەتی دەربوو لەپێکهێنانی کەش‌و هەوایەك لەناوچەکە، لەدەرئەنجامەکانی لەوانەیە زیاتر و زیاتر پاڵ بەتورکیاوە بنێت بچێتە خانەی ئەو وولآتانەی کەسۆزیان نەبێت بەرامبەر بەعەرەب، ڕاگەیاندنەکانی هەندێ لەسەرکردە سەربازییەکان و بەرپرسەکانی تورکیا لەم دوایەدا،باشترین بەڵگەیە بۆ ئەمە.

دوای ئەمە دەچینەسەر وەڵامدانەوەی پرسیاری پێنجهەم:

ئایا تورکیا پەیوەندیو هەڵوێستی نەبووە لەگەڵ ئیسرائیل لەسەرەتایی دامەزراندنیەوە،ئێمەش لەڕابردوو بەرهەڵستکاریمان نەبووە لەسەری؟
بۆ ئەوەی ڕاستگۆبین لەباس کردنی بابەتەکەمان لەهەمووڵایەنەکانیەوە،دەبێت ئەوە بەبیر بهێنینەوە کەتورکیا بەتەنها بە بەردەوامی لەپاڵ لایەنی عەرەبی نەبووە. لە ٢٨ی ئاداری ساڵی١٩٤٩دا دانی نا بەئیسرائیل، هەروەها لەهاوینی ١٩٥١دا پشتگیری ڕۆژئاوای کرد وناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر بڕیاری میسر کەڕێگەی نەدا کەشتیەکانی ئیسرائیل تێپەڕبن بەتەنگەی سویس دا.

* لەحوزەیرانی ١٩٥٤دا،سەرۆك وەزیرانی تورکیا_ عدنان مندریس _، لەکاتی سەردانی بۆ واشنتۆن، بەتوندی سەرزەنشتی عەرەبی کردو داوای لێ کردن کەدان بنێن بەمافی ئیسرائیل لەژیان دا. لەوکاتەدا هێڵێکی دژایەتی بەرامبەر عەرەب وەرگرت.
* لەساڵی ١٩٥٨دا تورکیاو ئیسرائیل جۆرێك لە هاوپەیمانی سەربازیان پێك هێنا ناویان لێنا _ الأتفاق الإطاري_ ئەم هاوپەیمانیە لەدوای پێك هێنانی یەکێتی لەنێوان سوریا و میسر پێك هات و، لەدوو توێی خۆیدا چەندین بەند دەگرێتە خۆ، کەهاوکاری ڕێك دەخات لە بواری سەربازی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری، مەشقی هاوبەش، ئاڵوگۆڕی تەکنەلۆژیا، هاوبەشیکردنی ئیسرائیلەکان لە بنیات نانی هەندێ فڕۆکەخانە لە تورکیا. هەروەها ئیسرائیل لەم ڕێکەوتنە بەڵێنیدابوو کە پشتگیری داواکانی تورکیا بکات کەپەیوەندیهەیە بە قبرص، لەوکاتەداکە بەرەو ڕێگای سەربەخۆی دەچوو لە بەریتانیا،هەروەها دابین کردنی وەدەست هێنانی تورکەکان بۆ هەندێ قەرزی پارە.
* هاوکاری نێوان ئیسرائیل و تورکیا بەردەوام بوو لە هەشتاکاندا، نموونە بۆ ئەمە ئەوەیە کە بەسەر بنکەکانی ڕێکخراوی اسالا _ Asala ئەرمەنی هات Armenian Secret Army for Liberation of Armenia لە بقاعی لوبنانی کەهێزەکانی ئیسرائیل لەکاتی چونە ناو لبنان لە ساڵی ١٩٨٢ دا بنکەکانی ئەم ڕێکخراوەیە وێرانی کرد، لەبەر ئەوەی هێرشی دەکردە سەر بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە هەموو جێگایەك،هەروەها تورکیا هاوکاریکرد لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل لە پێدانی چەك بە ئێران لە کاتی شەڕی عێراق ئێران دا، لەکاتێکدا کە ڕێگای دابە فڕۆکەکانی ئیسرائیل بەئاسمانی تورکیا تێپەڕ بکەن بۆ گواستنەوەی چەك بۆ شاری تەبریزی ئێرانی.

* هەروەها لەبیرمانە لە ماوەی شەڕی عێراق _ ئێران دا تورکیا ڕۆڵی هەبوو لەڕێکخستنی پرۆسەی کۆچ کردنی ٣٠ هەزار جولەکەی ئێرانی بۆ ئیسرائیل بەرامبەر پێدانی چەك لە لایەن ئیسرائیلەوە بە ئێران لەماوەی شەڕدا.
* لە٣١ی ئاداری ١٩٩٤ دا ئیسرائیل و تورکیا ڕێکەوتن نامەی ئاسایش و نهێنی _ اتفاق الأمن و السرية_ یان مۆرکردوو لەکاتی خۆیدا شالیاری دەرەوەی تورکیا _ حکمەت تشتین_ دوپاتی کردەوە کەئەم ڕێکەوتنە لەدایك بووی دەزگای ئاگایی هەردوو وولاتە مۆساد و میت MIT.

ئەوەش پشتگوێ ناخەین لە بوونی کۆمەڵێك جویی تورکی کەلە ئەستەمبوڵ کۆبۆتەوە ژمارەیان دەگاتە ٢٤,٠٠٠ کەس و، بالاَ دەستی گەورەیان هەیە، کە لەم ژمارەیە تێپەڕ دەکات بەهۆی دەوڵەمەندی جێ پێی دیاریان لەژیانی ئابوری لەسەردەمی سوڵتانەکان. هەروەها ژمارەی ئەوجولەکە تورکانەی کەلە ئیسرائیل دەژین مەزەندە دەکرێت بە ١٢٠,٠٠٠ کەس، زۆربەیان لە شەستەکان و حەفتاکان کۆچیان کردووەو تا ئێستا هەڵدەستن بەچالاکی بەرفراوان لەپێناوی تورکیا. ئەویش لە لای خۆیەوە هەوڵی داوە ئەم پەیوەندیە بپارێزێت وەك توخمێکی ئیجابی لەپەیوەندیەکانی تورکیا _ ئیسرائیل.

* لەساڵی ١٩٥٠دا تاساڵی ئەمساڵ ژمارەی ڕێکەوتننامەکانی تورکیاو ئیسرائیل لە هەموو بوارەکان گەیشتە ده ڕێکەوتن، بەپێی ئەوەی کەڕاگەیەندراوە، ئەمە بە پێچەوانەی ڕێکەوتننامەکانی تره کەبەکەمەریەکی نهێنی و نادیاری تەنرابوو.

بۆئەوەی تێڕوانینمان ڕاستەقینەبێت، دوور بێت لە هەڵچوون و لایەنگری پرسیار دەکەین:ئایا تورکیا مافی نییەبە پلەی یەکەم بە دوای بەرژەوەندییە نیشتیمانیەکانی بگەڕێت؟

تورکیا هەست دەکات کەدەروازە بۆ وولاتە یەکگرتووەکان تەنها لەڕێگای ئیسرائیلەوە دەبێت، واپێدەچێت کە تورکیا گەیشتۆتە ئەم ڕاستییە، کە ئێمەی عەرەب ئەمان توانی تێ بگەین یان بگەینێ و، ئەگەر تێگەیشتبین ئەمان ویستووە بڕوای پێبکەین، ئەگەر بڕواشمان پێکردبێت ئەمان ویستووە ئاشکرای‌بکەین. ئەم ڕاستییە پێداویستی مامەڵەکردنی ئێستایە لەگەڵ ئیسرائیل و وولاتە یەکگرتووەکان بەوەی کە یەك چنین و جیا ناکرێتەوەو، دەبێت وابڕوانینە ئیسڕائیل کە ئەو دەوڵەتەیە سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست جێ بەجێ دەکات، قسە کردن لەوەی کە هەر یەك لەم دوو دەوڵەتە سیاسەتی تایبەتی بەخۆیان هەیە، قسەیەکە هاوتەریبەکەی

ڕاسته. ئیسرائیل ناتوانێت دەست پێشخەری لەهەر هەنگاوێك بكات بێ پیرۆزبای و ڕەزامەندی وولآته یەككگرتووەكان و هەماهەنگی تەواو لە نێوانیان دا. ئەوەی ئێستا ڕوو ئەدات لەسەر زەمین باشترین بەڵگەیە بۆ ئەمە. وا بۆی دەچووم كەشەڕی ڕزگاركردنی كوەیت ئەوەی سەلماند، كە ئیسرائیل وەك هاوپەیمانیەكی ستراتیژی لە ناوچەكەدا ئەو گرنگییەی نییە، ئەویش، واتە شەڕ ـ وا لە وولآتە یەككگرتووەكان دەكات كەچاو بەسیاسەتەكەی بەرامبەر گەلانی ناوچەكە بخشێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە بەردەوام بوو لەسەر ڕێبازی سیاسەتی پشتگیریكردنی بێ سنووری ئیسرائیل، تاوامان لێهات كەسەر سوڕمان بین لەفەرمان مان، كامیان دەوڵەتی مەزنە، كێ سەركردایەتی ئەوی تردەكات و، كامیان كاردەكات بۆ قازانجی ئەویتر؟

بابگەڕێینەوە سەر باسەكەمان، دەبینین ئیسرائیل لەسەرەتای دامەزراندنیەوە لە هەوڵی ئەوەدایە كەقەناعەت بە توركیا بكات بە كردار نەك بە بەڵێن و قسە، ئەتوانێ هاوكاریو یارمەتی بدات لەهەموو بوارەكاندا، شتێكی ئاساییەو مافیخۆیەتی توركیا بگەڕێت بەدوای وەدیهێنانی بەرژەوەندیەكانی و پتەوكردنی جێ پێی خۆی لە ڕوی هەرێمایەتیو جیهانی، بەتایبەتی دوای ئەوەی گرنگی ستراتیژیەتی لای وولآتە یەككگرتووەكان وولآتانی ڕۆژئاوا پاشەكشەی كرد دوای بەرتەسك بوونەوەی شوعیەت، هەروەها توركیا مافی خۆیەتی بگەڕێت بەدوای پێش خستنی ئابووریەكی و نوێ كردنەوەی هێزە چەكدارەكانی و، خۆش گوزەرانی گەلەكەی و، چۆنیەتی بەرەنگار بوونەوەی ترسناكیەكان بۆسەر خاكی.

توركیا پێویستی بە پشتگیری ئەمریكا هەیە لە ڕێگای ئیسرائیلەوە، بۆڕوو بە ڕوو بوونەوەی جوڵانەوەی لوبی ئەرمەنی ـیۆنانی لەناو كۆنگرێسی ئەمریكی كەتەگەرەئەخاتە بەردەم یارمەتیەكانی ئەمریكا بۆ توركیا، هەروەها توركیا پێویستی بەو پشتگیریە هەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە ئاشكرا نەكراوە كەڕێگرە لەبەردەم پێدانی چەك بە توركیا، ئەو چەكەی كەكڕیویەتیو پارەكەیداوە، بریتیە لە ١٠ فڕۆكەی هەلیكۆپتەری هێرش بەر لەجۆری سۆپەر كۆبرا، لەگەڵ سێ فرقاطة و چەكی تریش كە توركیا ئارەزوویەتی بیكڕێت بۆ هێزە چەك دارەكانی. لەلایەكی ترەوە توركیا پێویستی بە پشتگیری ئەمریكاو لوبی زایۆنیزم هەیە بۆ پتەوكردنی دەرفەتەكانی چونە ناو یەكێتی ئەورووپا.

ڕێكەوتنی نێوان ئیسرائیل و توركیا هەندێ تایبەتمەندی ئەدات بە توركیا گرنگترینیان:

* بەرزکردنەوەی تواناو چالاکی هێزە چەکدارەکانی تورکیا، بەمەش سوپای تورکیا بەهێز دەبێت و پشتگیری رۆلی دەکات لەبنیاتنانی سیاسەتی گشتی، لەلایەکی ترەوە یارمەتی ئەدات لەیەک لاکردنەوەی ململانییی لەئاشوری رۆژهەلاتی تورکیا، لەرو بە رو بونەوەی لەگەل _پارتی کریکارانی کوردستان_. لەشکر کیشیەکەی ئەم دوایەی تورکیا بۆ باکوری عیراق کەدەست خۆشی لی کرا لەلایەن وولاتە یەککرتووەکان و رۆژئاوا باشترین بەلگەیە لەسەر ئەوە.
* پیش خستنی پەیوەندیەکان لەنیوان هەردوو وولات لەسەر هەموو ئاستەکان دا، بەتایبەتی هاوکاری ئابووری لەرێگای دروست کردنی ناوچەیەکی بازرگانی ئازاد، کە ئیسرائیل ئامانجیەتی لەم ریگەیەوە نیردراوی بۆ تورکیا زیاتر بکات، بەتایبەتی دەزگای ئەلیکترۆنی و، دەزگاکانی پەیوەندی و ئالاتی کشتوکالی. ئالوگۆری بازرگانی لەنیوان هەردوو دەولەت دا بەرز بووەوە لە ١٢٤ ملیۆن دۆلار لەسالی ١٩٩٠ بۆ٤٥٠ ملیۆن دۆلار. لەسالی١٩٩٦دا، هەردوولا بەئاواتن کە ژمارەی بگاتە دوو بلیۆن دۆلار لەسالی ٢٠٠٠ دا، کەسەرەتای جی بەجی کردنی ریکەوتننامەی ئالوگۆری بازرگانی ئازاد بە خۆوە دەبینیت لەنیوان هەردوولادا.
* فشار خستنە سەر سوریا بۆ وازهینان لە پشتگیری پارتی کریکارانی کوردستان و پچراندنی پەیوەندی بە یۆنانەوە، واز هینان لە هەموو ئەمتیازیك یان ئاسان کاریەك کە پی بەخشییەوە.

پیش ئەوەی بچینە سەرپرسیاریکی تر، لەسەرمانە تورکیا ئاگادار بکەینەوە کەتوندترین و ترسناك ترین سلبیاتی ریکەوتنەکە بۆ سەر تورکیا لەسەربی، بەستنەوەی توانای هیزەچەکدارەکانیەتی بە ئیسرائیلەوە، ئەمە کاریکە وابەستیەکی تەواو بە ئیسرائیلەوە پیك دینیت، هەروەها سیاسەت مەداران ناچار دەکات ویرای روکاریان عیلمانیبن یان ئیسلامی مل کەچ بن بۆ لایەنە بنچینەیەکانی ئەم ریکەوتنەو، توانایان نەبیت دەستکاری بکەن، لەترس کاردانەوەی ئەمە بۆسەر ئاستی تواناو چالاکی سەربازی تورکیا. ئایا سیاسەت مەداران و سوپا سالارانی تورکیا رازی دەبن بەبەردەوامی، وابەستەو مل کەچی ئیسرائیل بن؟

ئیستاش دوای ئەوەی وینەکە بەتەواوەتی روون بووەوە، لەسەر مانە وەلامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە زۆر گرنگە: چیمان لەسەرە بیکەین بۆ ئەوەی تورکیا لە دۆستایەتی و پشتگیری بۆ عەرەب نەگۆریت و، ئیسرائیل لە خولیکی تر دژمان سەرکەویت؟

هەوڵ ئەدەم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە لەتیروانینی تایبەتی خۆم بۆ هەڵویستی عەرەبی، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە لایەنی تورکی کەدەبی چی بکەن جیێ دێڵم بۆ بەر پرسەکانی تورکیا،چونکە ئەوان ئاگادار ترن کەچی سوودمەند بوویان و چی لەزەرەریانە. بەلام پیش وەلام دانەوە، بیریان دەخەمەوە بەچەند خالێك کەدەبیت لەبەرچاو بگریت:

یەکەم: لینەگەرین تیك شکاندنەکانی رابوردوی دوور، کاربکاتە سەر ئیستا و ئایندەی نەوەکانمان.

دووهەم: بەلی تورکیا دەولەتیکە خاوەنی دەسەلاتەو، ئازادیشە لەبەستنی ریکەوتنامەکان بی دەست تیوەردانی هیچ کەسیك، بەلام بەمەرجیك کە ئەم ریکەوتنامانە زیان بەقازانجی خەلکانی تر نەگەیەنێ، واتە وانەی کە تورکیا پیوە یان گریدراوە و گری دەدریت بەپەیوەندی میژووی و ئاینی و رۆشنبیری و شارستانی و دراوسییەتی.

سیهەم: شیوازی بەلین و هەرەشە و روبەروبونەوە، بۆتەشیوازیك کەبەسەر چووەو، هیچ قازانجیك جی بەجی ناکات و، هیچ سۆزیك بەدەست ناهینیت.

چوارهەم: ئیمە وادەروانینە تورکیا وەك یاری زانیەکی سەرەکی لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، قورسایی رامیاری و ئابوری سەربازی هەیە و، هەروەها کەلەپوری و شارستانی هەیە، هیوادارین نەبینین ببیتە چرنوکی پشیلە و خالیکی بازدان بۆ سەر ولاتانی عەرەب.

پینجەم: ئیمە پیش بینی دەکەین لەتورکیا کەقازانجی ستراتیژی دریژ خایەنی خۆی نەکاتە قوربانی جی بەجی کردنی قازانجی تەکتیکی نزیك خایەن.

شەشهەم: هیوادارین کە تورکیا خۆی نەخاتە یەك ریز وە یەك سەنگەری دوژمنانی گەلی عەرەب و ئۆمەتی ئیسلامی.

بۆ وەلام دانەوەی ئەو پرسیارەی کەئیمە مەبەستمانە دەلیم: ئیمەی عەرەب لەسەرمانە نەختیك رابوەستین، بۆ پیاچوونەوە بەسەر ئەو سیاسەتەی لەسەری راهاتوین لەکاتی رووبەروبونەوەی هەر قەیرانی لە قەیرانەکان، بچووك بیت یان گەورە،کەبریتیە لەنارەزایی و رسواکردن و هەست کردن بە نیگەرانی، ئینجا هێمن دەبیتەوە دوای ئەوەی کەیەکی لەدۆستانمان لەدەست داوە، یەکێکی ترمان زیاد کرد بۆ دوژمنانمان. لەسەرمانە هەنگاوی زانستی گورجوگۆلانە بکرینە بەر لەکاتی

بەرێوەبردنی هەر قەیرانێك، تاوەکو هەنگاوەکانمان هەنگاوی زانستی وا قعیانە بێت و دووربێت لەهەڵچوون و سۆز.

* لەسەرمانە بەرژەوەندی ئابووری ئاڵوگۆرپێ کراو بخەینە هەنگاوی یەکەم لەپەیوەندیەکانمان، هەروەها بەتەنها قەبارەی ئاڵووگۆری بازرگانی _ نێردراو، هاتوو _ نەبێت بە پێوانەی سەرکەوتنی قازانجەکانمان، بەڵکو دەبێت ئامانجمان هاوبەشێکی ئابوری تەواو بێت لەهەموو بوارەکانی کشتو کاڵی و پیشەسازی و بازرگانی. نموونەیەك دەهێنمەوە لەسەر ئەمە، قەبارەی ئاڵوگۆری بازرگانی بەپێ ی مەزەندەی ساڵی ١٩٩٥دا لەنێوان تورکیاو ئیسرائل دا گەیشتە ٣٦٣ملیۆن دۆلار، لەهەمان ساڵ دا لەنێوان تورکیا و میرنشینی عەرەبستانی سعودیە بەپێ ی مەزەندە گەیشتە ١,٨ بلیۆن دۆلار، بەڵام ئیسرائیل بەستراوەتەوە بە تورکیا بە پرۆژەی درێژ خایەن، کە حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی تورکیاو وێرای بیرو بۆچونیان دەبەستێتەوە بە ئیسرائیل، وەك پرۆژەی کشتوکاڵی، دروست کردنی وێزگەی بەرهەم هێنانی ووزە، پرۆژەکانی پیشەسازی، پیشەسازی سەربازی هاوبەش، شاندو نوێنەرانی هەردوولا لەبواری پەروەردەو خوێندن، سەردانی یەکتری دەکەن، هەروەها سوود وەرگرتن لەتواناکانی یەکتر لەهەموو بوارەکاندا، یارمەتی دانی یەکتر لە پرۆژە مەزنەکان، چوونە قولایی بواری سەربازی، ئەمە مەبەستمە لە هاوبەشیەتی تەواو.

پەیوەندی ئابوورییەکان دەبێت بەهەردوو لا باڵی رەسمیو میللی پەرەبسێنێت و دەتوانرێت بەرهەم هێنراوەکان لە نێوان هەردوولادا گەشەی پێ بدرێت بەتایبەتی لەکەرتەکانی سەرمایە بانگەکان و دامەزراوە گەشت و گوزارییەکان و، دروست کردنی کۆمپانیەکانی پرس و را گۆرینەوەو بازرگانی هاوبەش لەنێوان تورکیا و وولاتانی عەرەب بۆ مامەڵەکردن لە نزیکەوەو لەگەڵ بازاری تورکیو عەرەبیو چوونە ناو ململانێ لەگەڵ کۆمپانیەکانی رۆژئاوا بۆ پێشکەش کردنی باشترو چاکترو لەم بوارەدا. بیرکردنەوە بەپەرۆشی بۆ دۆزینەوەی شێوەکی تەواو کەری ئابوری لەنێوان تورك و عەرەب دا ئەگەر چی بەشێوەیەکی پلەیی بێت.

هاوکاری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و راگەیاندن لە گرنگی دا بەدوای ئەمەدا دێت، ئەگەر هاوتەریب نەبێت لەگەڵ گرنگی یەکەم.

پێویستە عەرەب هەوەها تورك دەست بکەن بەپاك کردنەوەی پەرتووکە کۆمەڵایەتی یەکان _ مێژووی _ جوگرافیا و کۆمەڵ و ئابوری و پەروەردەی نیشتمانی،

لەهەموو شتێك کە گەلانی عەرەب و گەلی تورك لکەدار دەکات چونکە ئەم پەرتووکانە بیری تازە پێگەیشتوەکان پێك دەهێنێت کەلەدوارۆژدا دەبن بەخاوەن بریاردەری رامیاری و رای گشتی پێك دەهێنن، هەروەها دەبێت رێکەوتننامەی رۆشنبیری و پەروەردەویی و راگەیاندن ببەسترێت بۆ وەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش کەبەسوودمەند بگەرێتەوە بۆهەردوولادا، تاگەلی تورکیا هەست بکات کەعەرەب نزیکترین گەلانی ئیسلامە بۆیی لە رووی شارستانیو کەلەپورو زانست، وێرای ئەرکی دراوسێیەتی و قازانجی هاوبەش. دەربارەی هاوکاری سەربازی لە نێوان وولآتانی عەرەب و تورکیا ئەوەندە گرنگە کەلەلایەن هەردوولاوە بایەخی پیّ بدرێت، لەم بوارە ئەوەندە بەسە کەلەپەرتوکەکەم باسم لێوەکردوە جەنگاوەرێك لە بیابانەوە _ مقاتل من الصحراء _ کەلەسەرەتایی ۱۹۹۲ دا دەستم کردوە بەئامادەکردنی و لە شوباتی ۱۹۹٥ دا بلآوکرایەوە کاتێك کەباسم لەچواربازنەکە کرد بۆ جیّ بەجیّ کردنی ئاسایش.

بازنەی سێیەم لە تیّروانینی خۆم پێك دێت لە، وولآتە دۆستەکان لەچوار چێوەی فراوانتر لەسنوورەکانی ناوچەی رۆژهەلآتی ناوەراست و باشووری ئاسیا. مەبەستم لەوە میسر و سوریا، کەدوو دەولەتی عەرەبین لە هاوشانی ئێمەدا وەستان لەکاتی قەیرانی کەنداو دا، وێرای تورکیا و پاکستان کەدوو هێزی دۆست و موسولمانن ئەکەونە سەر سنوورە راستەوخۆکانی ناوچەکەمان ئەگەر ئەم چوار وولآتە نەخشەیان کێشا لەگەلّ وولآتانی ئەنجومەنی کەنداوی عەرەب بۆ بەرەنگاری هاوبەش کەهەموویان پێکەوە کۆبکاتەوە، مەشقی هاوبەشیان بەئەنجام گەیاند، ئەوا بە شێوەیەکی چالاك و بەرفراوان بەشداری دەکات لەئاسایشی ناوچەکە. تورکیا بەوەی کەئەندامە لە پەیمانی باکووری اطلسي و، هێزێکی سەربازیە گالّتەی پیّ ناکرێت، دەتوانێت رۆلێکی گرنگ بگرێت وەك کەنالێکی پەیوەندی دار لە نێوان هاوپەیمانە هەرێمایەتی یەکانمان، وەدۆستانی رۆژئاواییمان. جیّ بە جیّ کردنی مەشقی هاوبەشی لەگەلّ تورکیا تایبەتمەندێتی ئاشنابوونمان ئەداتیّ بە چالاکی سەربازی رۆژئاوایی، ئەمە وەك ئەوە وایە کە مەشقی هاوبەشمان لەگەلّ هێزەکانی رۆژئاوادا کردبێت.

لێرە پێشنیاری ئەوە ناکەم کە وولآتانی کەنداو هەستن بەکرێنی خزمەتی سەربازی لە کەسانی تر، بە هیچ شێوەیەك ئەمە مەبەستم نیە بەلّکو پێچەوانەی ئەمە، پەیوەندی لە نێوان ئەو وولآتانە دەبێت لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش پێك بێت کەکۆیان دەکاتەوە. ئەتوانن ئەو وولآتانە شورایێك پێك بهێنن، دوای خودا بمانپارێزن،

ئێمەش لە نیمچە دوورگەیی عەرەب دەتوانین ببین بە قووڵایەکی ستراتیژی بوویی، گرنگی ئێمە بوویی کەمتر نیە لە گرنگی ئەوان بۆ ئێمە.

لە کۆتای ئەم بابەتە ئاڵۆزە پرسیار دەکەین: کەی فێر دەبین کە دۆستایەتی کاتیە، دوژمنایەتی کاتیە، بەرژەوەندییەکانی هاوسەنگ و ئاڵوگۆڕپێکراو هەمیشەییە؟

* بەڵێ لەسەرمانە ئەوە تێ بگەین و، لەتێڕوانینمان ئەوە دابنێین کە هاوسەنگی بەرژەوەندیی‌یەکان نەك هاوسەنگی هێزەکانی، زامنی ئاسایش و ئارامیە، ئەگەر بە گومانین لەمە با ئاوڕ بدەینەوە بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، دوژمنایەتی نێوان وولآتانی میحوەر ئەڵمانیا _ ئیتالیا _ ژاپۆن، وەلەنێوان بەریتانیا _ فەرەنسا _ یەکێتی سۆڤێت _ وولآتە یەکگرتووەکان بۆ کوێ چوو؟ هەروەها دوژمنایەتی نێوان وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران وولآتە یەکگرتووەکان بۆ کوێ چوو؟، کەس بڕوای دەکرد پەیمانی باکوری ئەتلەسی فراوانتر بکرێت تاوەکو هەندێ وولآتان بگرێتە خۆ کە ڕۆژانێك لە بازنەی شیوعیەت دا ئەخولانەوە؟،ئەم دوژمنایەتی‌یە تێپەڕبوو، لەباتی ئەوە بەرژەوەندیەکان جێی گرتەوە نەك دۆستایەتی.

* بۆ هێنانەوەی نموونەیەکی تر کەبەرژەوەندییەکان باڵادەستن لە پەیوەندیەکانی نێوان وولآتاندا، بابچین بەدویی پەیوەندییەکانی تورکیا _ ئێران، لە کاتێکدا تاوانبارکردنی تورکیا بۆ ئێران لەمەڕ چاودێری‌کردنی تۆقاندن و پشتگیری کردنی پارتی کرێکارانی کوردستان و هەوڵ دان بۆ ناردنە دەرەوەی نموونەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە فرەوان بوندایە، دەبینین هەردوو دەوڵەت ڕێکەوتن نامەیەکیان مۆر کردووە، بەپێ ئەم ڕێکەوتننامەیە تورکیا لەماوەی بیست ساڵدا بایی (٢٠)بلیۆن دۆلار گازی سروشتی لە ئێرانەوە دەهێنێت.

*ئەوەی ڕۆژنامەکانی دەی مانگی ئایار بخوێنێتەوە ئەوە بەدی دەکات کەبەر لەهەر شتێك، پشتگیری لەگرنگی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەکات لەپەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان و لەو ڕۆژنامانە هاتووە کەشالیاری نەوتی تورکیا سەردانی بەغداد دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەمەڕ جێ بەجێ کردنی پڕۆژەی دروست کردنی هێڵێکی بۆری بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ تورکیا، نرخی دروست کردنەکە مەزەندە دەکرێت بە ٢,٥ بلیۆن دۆلار، لەجێ بەجێ کردنی ئەم پڕۆژەیە کۆمپانیا ئەوروپایەکان بەشدار دەبن لە دەرهێنانی گاز لە پێنج کێڵگە لە عێراق دا. لەهەمان ڕۆژدا ڕۆژنامەی (الثورة)ی عێراقی دەنوسێت (مانۆرە دەریایەکان کە تورکیا و ئیسرائیل و وولآتە یەکگرتووەکان بەڕێوەیی دەبەن ئەم هاوینە،ئاراستە کراوە دژ

به عەرەب، کە ئامانجیەتی جێ پێی ئەمریکا لەناوچەکە فراوانتر بکات و، بەشداریکردنی تورکیا لە مانۆڕەکان زیانی زۆر دەگەیەنێ بەپەیوەندیو بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ولآتانی عەرەب دا).

هەروەها ووتە بێژ بەناوی حکومەتی یۆنان _ دیمتریس رێباس _ ڕای گەیاند: کەیۆنان و ئیسرائیل بۆ یەکەم جار هەڵ دەستن بەمانۆڕی سەربازی هاوبەش لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی داهاتوو لە _ الدۆدیکانیز _، نزیک دورگەی _ ڕۆدۆس و کاستیللۆریزۆ _ (لەباشوری ڕۆژهەلآتی ئیجە). ئەم مانۆڕانە بڕیاری لەسەر دراوە لە چوار چێوەی ڕێکەوتن نامەی سەربازی کەلەنێوان یۆنان و ئیسرائیل دا لە ساڵی ۱۹۹٤ دا مۆر کراوەو تائێستا جێ بەجێ نەکراوە. بەدڵنیاییەوە ئیسرائیل پێشوازی لەمە دەکات و هەوڵ ئەدات بۆیی، چونکە لەکۆتاییدا بەرژەوەندیەکانی ئەهێنێتە دیی و، گرنگ نیە بەلایەوە ئەگەر هەستێت بەمانۆڕیهاوبەش لەگەڵ دوو دوژمنی سەرسەختی یەکتری.

لەکۆتایدا دەپرسین: ئایا لایەنی عەرەبی هەلەبوو لە بۆچوونی؟ یان لایەنی تورکی هەڵەی کرد لەتێڕوانینی ستراتیژی؟ یان هەر دوولا پێکەوە سەرکەوتوونەبون لەسەر تێڕوانینیان؟.

گونجاو ترین شت کەکۆتایی باسەکەمی پێ بێنم، لە تێڕوانینی تایبەتی خۆم ئەم وتەیە: بەیەکێکیان وت بەچی عزبەنی ئومەیە ڕۆشت؟ ووتی: هاوڕێکانیان دوور خستەوە لەدڵنیاییەوە بۆ هاوڕێتیان،دوژمنانیان نزیک خستەوە بۆڕاکێشانی سۆزیان، هاوڕێکانیان لە دەست دا و دوژمنانیان بەدەست نەهێنا.

تێبینی/ ئەم وتارە لەلایەن خالید بن سوڵتان بن عبد العزیز نوسراوە، لەبەرواری ۱۹۹۷/٥/۲٤دا

لە ڕۆژنامەی ( الشرق الأوسط) بلآوکراوەتەوە.

# هادی عەلەوی _ ڕۆشنفکرێکی ڕاستگۆو دۆستێکی گەلی کورد

گۆران ئەحمەد



لە٢٦ی ئەیلولی ١٩٩٨دا ڕووناکبیری ناوداری عێراق و دۆستی گەلی کورد ( هادی عەلەوی) دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت، بەکۆچی دوایی ئەم کەڵە ڕۆڤە مرۆڤایەتی و زەحمەتکێشان یەکێك لە ڕوناکبیر و توێژەر و مێژوو ناس و شارەزا لە هزری سۆشیالیستی و مارکسی لەدەست دا، کە بۆهۆی ئاشنابوونی بەزمانەکان بەتایبەتی ( چینی _ عیبری _ لاتینی _ ئارامی ) بۆخۆی خاوەنی زەخیرەیەکی بەرفراوان بوو لە زانیاری، بەهۆی ئەمەوە کتێبخانەیەکی تەواوی لە دانەرە دانسقەکانی پێشکەش بەمرۆڤایەتی کرد، لەلایەکی‌ترەوە هەردەم توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی لە خزمەتی مرۆڤایەتی بوو بە تایبەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان چوونکە هەستێکی چینایەتی بەرزی هەبوو شارەزاییەکی تەواوی لەگەڵ هزری مارکسی هەبوو. بەبەردەوامی خوێندنەوەی نوێی هەبوو بۆ ئیسلام و سەلەفیەت و مێژوو ئایدۆلۆژیا و بیرو باوەڕەکان. هادی یەکێکە لەو ڕوناکبیرە دەگمەنانەی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەبەبەردەوامی پشتگیری دەکرد لەمافی ڕەوای نەتەوەکان و مافی مرۆڤ و ئازادیە دیموکراتیەکان و داوای یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکرد، هەروەها لە بانگەوازکاران بوو، بۆگەڕانەوە و بنیاتنانی کۆمۆنەی سەرەتایی بە شێوەیەك کەبگونجێت لەگەڵ شارستانیەت. بەبەردەوامیش ڕەخنەی لەو حیزب و ڕێکخراوانە دەگرت کەلەگەڵ مافی چارەنووسی گەلاندا نین، یان هەڵوێستێکی چەوتیان هەیە دەربارەی کێشەی نەتەوەکان، هەر لەم بوارەدا نامەیەکی ڕەخنەئامێزی ئاراستەی حیزبی شیوعی ئەردەنی کرد لەبەرهەڵوێستی نامەبدەئیانەی بەرامبەر بە کێشەی کورد، لەو نامەیەدا داوای لێکردن کەچاو بەهەڵوێستەهەڵەکانیان بخشێننەوە و پشتگیری کێشەی ڕەوای گەلی کورد بکەن. لە هەڵوێستە جەوامێرەکانی تری بەرامبەر بە کێشەی کورد، لەکاتێکدا کە سیاسەتی جینۆساید دەرحەق بە کورد ئەنجام ئەدرا و، چەکی

کوشندەی کیمیایی بەرامبەری بەکاردەهێنرا، ئەم ڕوناکبیرە لەناو چرەدوکەڵی هەڵەبجەدا و لەوساتەترسناکەدا بێ دەنگی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی بڕی و، بووە دەنگێکی زوڵاڵی ئێجگارگەورە بەدڵ بۆکرد و مرۆڤایەتی گریا و نەفرەتی لەو ڕژێمەکرد کەئەوتاوانەی ئەنجام دا و، بەرانەتنامە بەناوبانگەکەی نووسی بۆ منداڵانی کورد و تێیدا بێ بەری بوونی خۆی ڕاگەیاند لە شووناسنامەکەی.

ئەم مرۆڤ دۆستەی گەلەکەمان هەتا دواچرکەکانی ژیانی پشیگیری لە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان دەکرد، ئەوەتا لەدوا چاوپێکەوتنی لەگەڵ Med.Tv بەڕوون و ئاشکرا وێرای دووپات کردنەوەی عێراقیتی خۆی ئەوەی ڕاگەیاند کەئەو بەدڵ و بە گیان لەگەڵ کێشەی گەلی کوردە و، بەهەموو توانایەکی پشتگیری یەکگرتنەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات، بەڵام دژی دیکتاتۆریەت و سەرکردەکانی جەنگە، دەتوانین بڵێین هەڵوێستەکانی(هادی عەلەوی) هەڵوێستی ڕۆشنفکرێکە زۆر جەوامێرانە بیرو بۆچوونەکانی دەخستە ڕوو، بۆیە بەکۆچی دوایی ئەم کەڵە مرۆڤە گەلەکەمان ڕۆشنفکرێکی ڕاستگۆو، دۆستێکی بەئەمەکی لەدەست دا.

**بەرانەتنامەی( هادی عەلەوی ) بۆ منداڵانی کورد پاش**

**کیمیابارانی هەڵەبجە**

ئەی ئەو منداڵە کوردەی لە گوندە بچوکەکەی خۆتدا، لەسەرجێگا،یالەکاتی یاری‌دا بەگاز سووتای ...... ئەمە پاکانەی منە لەخوێنەکەت پێشکەشی تۆی دەکەم، بەڵێنتت پێ دەدەم لەپێکی سەروەرییەدرۆیینەکانی سوپاکانی چاخی بەردین نەخۆمەوە دەستی دۆستی‌درێژنەکەم بۆهیچ کام لە ڕژێمەکانی چاخی بەردین.

ئەم پاکانەیەت پێشکەش ئەکەم، چونکە هەست بە خەجاڵەتی‌ئەکەم بەرامبەر بە تۆو هەست بەشەرمەزاری ئەکەم لەبەردەم خەڵکدا کەمن هەمان ناسنامەی ئەو فڕۆکەرانەم هەبێ کەخۆی بەسەر تۆ دانواند و ...خۆزگە خەڵك ئەو ناسنامەیەیان لەکۆڵ ئەکردمەوە....تا پاکانەیەکی ڕاستەقینەم لە خوێنە گەشەکەت بەدەست هێنابا.

منی کارەساتبار بەتۆوە کەلە شەوانی تاریك و درێژدا بۆت ئەگریم، لەسەردەمی فەرمانڕەوای گورگە مرۆڤەکاندا جگە لە گریان هیچمان لە دەست نایە.

لێمی قەبوڵ کە ئەی غەدرلێکراو ... حاشا لە ناسنامەکەم